




# بەشێک لە وتار و بابەتەکانی

## هاوڕێ کاوە بەهرامی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- خەباتی چەکداری وەک پشتیوانێک بۆ خەباتی مەدەنی ........................................................ ٤

٢- ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ........................................................

٩٣- گۆڕانکارییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و دواڕۆژی کۆماری ئیسلامی ........................................ ١٣

٤- گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەراست و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ............................ ٢١

٥- ستراتیژیی دامەزراندنی مووشەکی پاتریوت لە تورکیە و نیگەرانیی ئێران ........................................ ٢٥

٦- گۆڕانکاری لەسیستمی داهاتووی ئێران، فیدراڵیزم یان سەربەخۆیی ........................................ ٢٨

٧- ئێمە و کیمیابارانی هەڵەبجە ........................................................................ ٣١

٨- لە پەراوێزی وتارەکەی بەڕێز کاک "مستەفا هیجری" دا ........................................................ ٣٦

٩- ئایا کۆماری ئیسلامی دۆستی کورد و دژی تیرۆریزمە؟ ........................................................ ٣٨

١٠- خەباتی چەکداری پەرچەکردارێکە دژی دیکتاتۆری و تیرۆریزمی سەردەم ........................................ ٤٢

١١- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ........................................................ ٤٥

١٢- ساڵوەگەڕی کیمیایی بارانی هەڵەبجە و کاردانەوەی لە سەر رۆژهەلات ........................................ ٤٨

١٣- ستراتیژیی ئێران لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ........................................................ ٥١

١٤- وەبیرهێنانەوەیەک بۆ چەکدارانی خۆفرۆشی رێژیم ........................................................ ٥٤

١٥- هەنگاوێک بەرەو ئاسۆ ........................................................................ ٦١

١٦- شاخە سنوورییەکان سەنگەری هێزن بەرەو باوەشی گەل ........................................................ ٦٣

١٧- ئایا هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی، ئاڵوگۆڕێک لەو سیستەمەدا پێک دێنێ؟ ................................ ٦٥

١٨- کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵات بەشداریی خۆتان لە ریزەکانی پێشمەرگەدا بە هێزتر بکەن ............................ ٦٨

١٩- ڕاسان و درێژەی خەبات ...................................................................... ٦٩

٢٠- تاکتیکی نوێی ڕێژیم لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەدا ...................................................... ٧١

٢١- ڕاسان بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ پێشەنگایەتی ڕزگاریی گەلانی ئێران ......................................... ٧٣

٢٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هزری دوکتور قاسملوودا ................................................. ٧٥

٢٣- پێشمەرجی سەرکەوتن، یەکریزی و پێکەوە بوونە ................................................................. ٧٨

٢٤- ڕاسان و خەباتی چەکداری ................................................................................ ٨٠

٢٥- شانۆگەریی مانۆڕی سەربازیی سپای پاسداران لە کوردستان ........................................................ ٨٢

٢٦- نەورۆزی خاکیپۆشانی جامانە لە مل، وێستگەیەکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری گەورە ..................................... ٨٤

٢٧- لە یادی قاسملووی ڕێبەردا ............................................................................... ٨٦

٢٨- شەوی یەڵدا .................................................................................................. ٨٩

٢٩- کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی گەلانی ئێران باس لە ئەنبارەکانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکا ............... ٩١

٣٠- ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سیمبولێکە بۆ ڕێزگرتن و پەیمان نوێکردنەوە ........................ ٩٣

٣١- قاسملوو، ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکانی خەبات ................................................................... ٩٤

٣٢- بۆ ئۆگری بە ڕێبەرێک و درێژەدان بە ڕێگەی تا گەیشتن بە ئامانجەکان ........................................... ٩٦

٣٣- کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە گەشەسەندنی حیزبی دێموکراتدا ..................................................... ٩٨

٣٤- ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ................................................................. ١٠٣

## خەباتی چەکداری وەک پشتیوانێک بۆ خەباتی مەدەنی

پاش سیوسێ ساڵ تێپەربوون بەسەر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو زەبر و زەنگانەی کە روبەڕووی خەڵکی کوردستان و ئێرانیکردۆتەوە، بەردەوام باسیچۆنیەتییبەرەنگار بونەوەیئەم رێژیمە دەکرێ. لەم ساڵانەیدواییدا و پاش ئەو شۆڕشانەیکەلە

وڵاتانیعەرەبیدا سەریهەڵدا، خەباتیمەدەنیکەوتە رۆژەڤەوە. بە شێوەیەک کە بەردەوام باس لەوە دەکرێ کە تاکە رێگا بۆ لەناو بردنیکۆماریئیسلامیخەباتیمەدەنییە. جیاواز لەوانەیکەلە میسر و تونسدا رویان دا، پێدەچێ نێوەرۆکیئەم رێژیمە زۆر لە نێوەرۆکیرێژیمەکەیئەسەدەوە نزیک بێ، مەبەستم ئەو ماهیەتەیە کە چۆن روبەڕوویهەر چەشنە نارەزایەتییەک دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین چۆنیەتییمامەڵە کردنیرێژیمیسووریە بە نموونە بێنینەوە کە ئایا خەباتیمەدەنیلەو وڵاتە گەیشتوتە ئامانج؟ هەر بۆیە هەمان پرسیاریش دەتوانێ بەرانبەر بە کۆماریئیسلامیبکرێ.

ئایا خەباتیمەدەنیتاکە رێگایرووخانیکۆماریئیسلامیە و ئەو شێوە خەباتە توانیویەتیتا ئێستا وەڵامدەر بێت؟ ئایا دەکرێ تەنیا شێوەیەک لە شێوەکانیخەبات بۆ گۆڕانکاریلە ئێراندا پەسندیبکەین؟ ئایا کاتیئەوە هاتووە هاوکات لەگەڵ خەباتیمەدەنیلە خەباتیچەکداریوەک پاڵپشت و بەهێز کردن و سەرخستنیئەم شێوە خەباتە کەڵک وەرگرین؟ زیاتر لە سی و سێ ساڵە کۆماریئیسلامییئێران، دەسەڵاتینگریسیخۆیبەسەر گەلانیئێراندا سەپاندووە و نایهەوێ بە هیچ شێوەیەک سێبەریدیکتاتۆریی خۆیلەسەر خەڵکیئێران لابەرێ. بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی دواکەوتووی خۆی کۆمەڵێ ئاخوندی دواکەوتوویلە بوارە جۆراوجۆرەکاندا راهێناوە کە بۆ مانەوەیئەم سیستمە لە هەر جۆرە میکانیزمێکیدژیمرۆییکەڵک وەردەگرن.

بە هاتنە سەرکاریکۆماریئیسلامیتا ئێستا زیاتر لە دەیان ئۆرگانیجۆراوجۆریسەرکوت و زەبر و زەنگیبۆ سەر کۆمەڵانیخەڵکیئێران پێکهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو نیزامەدا جگەلە وەلیفەقیە کە بریاردەریسەرەکییئەم رێژیمەیە هیچ کامە لە ئۆرگانە فەرمیو نافەرمییەکان لە گۆڕانکارییو چارەنووسیئەم خەڵکە چەوساوەیە بچووکترین دەسەڵاتیان نیە.

پێکهێنانیسپایپاسداران، بەسیج، ئیتلاعات سەرەتایەک بوون بۆ لاواز کردنیئۆرگانە فەرمییەکانی نیزامیو ئینتزامیوەک

ئەرتەش و ژاندارمری‌و شارەوانی‌و پێکهێنانی چەند ئۆرگانی سەرکوتکەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی. لە ماوەی‌ئەم ٣٣ ساڵەدا چین و توێژەکانی گەلانی ئێران لە شێوەکانی جۆراوجۆری خەبات بۆ گۆڕانکاری‌و گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە. بەگشتی‌ئەو کەس و لایەنانەی‌کە توانای‌نووسین و گەیاندن و روونکردنەوەیان لەسەر کردەوە نامرۆڤانەکانی‌کۆماری‌ئیسلامی‌هەبووە لە رۆژنامە و گۆڤاردا ئاماژەیان پێکردوە، دەستبەسەر یان ئیعدام کراون. هەرچەشنە رێکخستنێکی‌ئیسلامی‌یا غەیرە ئیسلامی‌ئەگەر لە راستای‌سیاسەت و بۆچوونی‌ئەم رێژیمەدا خۆی‌رێک نەخستبێ، پەراوێز خراوە، تەنانەت ئەگەر لە راستای‌ئیدیۆلۆژیی‌ئیسلامیدا خۆشی‌رێک خستبێ و بۆ تاقە جارێک رەخنەی‌لە کردەوەیەکی‌ئەم رێژیمە گرتبێت جێگای‌لەو سیستەمەدا نەماوە.

هیچ حیزبێکی سیاسی‌و کۆمەڵگای مەدەنی تا ئێستا لەناو رێژیمی کۆمای ئیسلامیدا نەیتوانیەوە چووکەترین کاردانەوەی سیاسی لە خۆی‌نیشان بدات و ئازادانە لە ئێراندا تێ بکۆشێت، چونکە هەر لەبنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی هەرچەشنە ئازادی رادەربڕینێکی لە کۆمەڵگا زەوت کردووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بەزەیی‌بەو کەسانەشدا نەهاتەوە کە ماوەی ٣٠ ساڵ بوو بۆ پاراستن و مانەوەی‌ئەم رێژیمە خەباتیان کردووە و لەژێر فەرمانی‌ئەم رێژیمەدا بە هەموو شێوەیەک خەڵکی ئازادی خوازیان سەرکوت دەکرد و لەگەڵ دەربڕینی کەمترین ناڕەزایەتی ئەویش بە شێوەی هێمنانە بۆ ئیعتراز بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و بەرژەوەندیی خۆیان ئێستا لەو چاڵەڕەشانە دان، کە پێشتر بۆ ئازادیخوازان ئامادەیان کردبوو. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی پڕ لە تاوان و جینایەتی‌خۆیدا بە سەدان هەزار کەسی بێ‌دیفاعی وڵاتەکەمانی ئیعدام و ماڵوێران کردوە و کەش و هەوایەکی پۆلیسی‌و ئەمنیەتیی بەسەر وڵاتەکەماندا زاڵ کردووە.

بە ئاوڕدانەوە لەو راستیيانەی‌کە هەتا ئێستا لە شێوەکانی‌خەبات بۆ بەرەنگار بونەوەی کۆماری ئیسلامی ئەزموون کراون، کاتی‌ئەوە هاتووە کە خۆمان روبەڕووی‌ئەو پرسیارە بکەینەوە کە ئایا پێویست ناکات بۆ سەرخستن و پشتگیری‌کردن لە خەباتی مەدەنی بیر لە میکانیزمێکی گونجاو و وەڵامدەر بکەینەوە؟! لێرەوەیە کە بە ئاوردانەوە بە هەلومەرجی ناوخۆیی‌و دەرەکیی وڵاتەکەمان دەتوانین ئەم مژارە بخەینە بەرباس.

### هەلومەرجی ناوخۆیی‌و پێویستیی‌پاڵپشتی خەباتی‌چەکداری:

هیچ رێگایەک لەلایەن خەڵکەوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەم سیستەمە دیکتاتۆرە نەماوە کە ئەزموون نەکرابێت، هیچ کامە لە

شێوەکانی خەباتی مەدەنی لە سیستمی داخراوی کۆماری ئیسلامیدا ڕێگایان پێ نادرێ و ئەگەریش باس لە هەڵبژاردن دەکرێ ئەوا بەرهەمی هەڵبژاردن لە ساڵی ٨٨ بە هەڵبژێرانەوەی ئەحمەدی‌نژاد بە ئاشکرا وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی دایەوە.

خەباتی مەدەنی بۆ بەدەست خستنی داواکارییەکانی خەڵک مافی هەموو کۆمەڵگایەکی ئازاد و پێشکەوتنخوازە، بەڵام لە ئێراندا بە سەرکوت و گولله وەڵامی‌ئەم شێوە خەباتە دەدرێتەوە.

بۆ ئەوەی‌بتوانین لە تێکەڵاوێک لە خەباتی مەدەنی‌و باقی خەباتەکانی دیکە کەڵک وەرگرین، پێویستە گەلانی ئێران لە خەباتی چەکداری‌وەک پاڵپشت و میکانیزمێکی دیکەی‌خەبات هاوتەریب لەگەڵ خەباتی مەدەنی کەڵک وەربگرن، ڕێژیمی کۆماری‌ئیسلامی ئەوەی سەلماندووە کە هیچ کامە لە شێوەکانی خەباتی مەدەنی قبووڵ ناکات و تەنانەت ئەگەر لەلایەن خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازەوە خۆپێشاندانی هێمنانە و بێدەنگ وەڕێ دەخرێ، دەکەونە بەر پەلاماری چۆماقدارانی هێزە نیزامی‌و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی.

هەر وڵاتێک ئەرتەشی‌بە مەبەستی پارێزگاری‌لە سنوورەکانی وڵاتەکەی ڕێک خستووە و لەو پەیوەندییەدا پەروەردەی کردووە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان ئۆرگانی سەرکوتکەری وەک سپای‌پاسداران، بەسیج، حیزبوڵڵا، هێزەکانی ئینتزامی، لیباس شەخسی، کۆماندۆ، ئیتلاعات و تەنانەت ئەرتەشیش بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە و ....هتد تەنیاو تەنیا بۆ پارێزگاری‌لە قەوام و دەوامی‌سیستەمە توتالیتێر و دژی‌گەلیی‌خۆی و سەرکوتی خەڵکەکەی ڕێک خستووە، ڕێگا نادەن هیچ چەشنە ڕەخنە و ناڕەزایەتییەک لە بەرانبەر کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە دەر ببڕن.

ئەزموونی ئەم چەند مانگەی و ڵاتانی عەرەبی ئەوەی سەلماند کە ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرانە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین واز لە دەسەڵات بهێنن، بەتایبەت ڕێژیمی ئاخوندی‌بە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی خۆی بەرانبەر بە گەلانی ئێران لەخۆی تێگەیشتووە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە لەدەست بدات، بۆ هەتا هەتایە دەچێتە زبڵدانی مێژووەوە.

ئێستا کە هەم لە ئاستی نێوخۆی‌وڵات و هەم لە بیروڕای گشتیی‌جیهانیدا گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی، هیچکام لە پێوەرەکانی سەقامگیری لەو حکوومەتەدا بەرچاو ناکەوین، واتە لە بواری ئابووری، نێونەتەوەیی‌و ناوخۆیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی دەڕوات. لەلایەکی دیکەوە مێژوو نیشانی‌داوە ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرانە هەرچی درێژایی تەمەنی نگریسیان بەرەو کۆتایی‌دەڕوات، زیاتر زەبر و زەنگ دەخەنە سەر خەڵکی وڵاتی خۆیان و پەرە بە ڕەوتی سەرکوت و کوشتن و گرتن و

تۆقاندنی گەلەکەیان دەدەن.

ئەگەر باس لە پاڵپشتی خەباتی چەکداری دەکەین لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر گەلانی ئێران پێش بە سەرەڕۆیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەگرن، دەبێتە هۆیئەوەیکە هێزە دەرەکییەکان بیر لە چارەنووسی ئێران بکەنەوە. هەر بۆیە پێویستە گەلانی ئێران خۆیان سەنگەرەکانی بەربەرەکانێ لە ناوخۆدا بەهێز بکەن بۆ ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەر بەدەستی خەڵکی ئێران بڕووخێت، لەم سۆنگەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەباتی چەکداری لەم بوارەشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێت.

ئەوەیکە ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران لەو شێوە سەرکوتە کەڵکی وەرگرتووە، زیندانەکانی سەرتاسەری ئێران و قەبرستانەکان شاهیدی ئەو سەرکوتەن، لە راستیدا ئەو شێوە سەرکوتە بەربڵاوەی رێژیم خەڵکیان چاوترسێن کردووە و ئەم شگردەی رێژیم تا رادەیەک پاشەکشەیبە بەشێک لە گەلانی ئێران کردووە، جگەلە کوردستان و تا رادەیەک بەلووچستان لە خەباتی چەکداریو رێبەریی حیزبیکە بتوانێ لە هەلومەرج و بۆنە تایبەتییەکان خەڵک کۆدەنگ بکات، لە باقیشار و پارێزگاکانی دیکەی ئێران کەڵک وەرنەگیراوە، ئیعدام و زیندانەکانیش بەردەوام کۆسپیسەر رێگای ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕان و رووناکبیران بووە.

ئەگەر ئاورێکی کورت لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی رێژیم لە پێوەندیلەگەڵ سڕینەوەی فیزیکی خەڵک بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە گەلانی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان لە شێوەی خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەی خۆیاندا، ئاڵوگەڕی پێویست پێک بهێنن.
خەڵکی ئێران لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتیئەم ٣٣ ساڵەدا شەهید و قوربانییەکی بەرچاویداوە، هەر جارێک نارەزایەتی لە گۆشەیەکی ئێران سەریهەڵداوە لەگەڵ سەرکوت و ئیعدام بەرەورووبووە و لە کۆتاییدا لەژێر کاریگەرییکەش و هەوا ئەمنیەتیو نیزامییەکانی رێژیمدا وازیان لە درێژەی خەبات هێناوە، لە بێهەڵوێستیی شارەکانی دیکەی ئێراندا چاوەڕێی دەرفەتێکەلێکی دیکەدا بوون.

ئەم شێوە بێ لایەنییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە رێژیم بە ئاور و ئاسن دژی خەباتی مەدەنی کەڵکی وەرگرتووە و لە هیچ هەڵسوکەوتێکی بێبەزەییانە خۆینەپاراستووە. خۆپێشاندەران یا نوسەران، روناکبیران، مامۆستایان، یاسادانەران و پارێزەرانی مافیمرۆڤ بە چەشنێکی هۆڤانە سەرکوت کراون، ئەوە بووە هۆیئەوەیکە دیکتاتۆرانی کۆماری ئیسلامی رێگا نەدەن ئازادیخوازان داوایمافە رەواکانیخۆیان بکەن، لەم بوارەدا پێویستە خەڵکیئێران بۆ پارێزگاریلە خۆیان بەرانبەر

هێزە چەکدار و چۆماغ بەدەستەکانی کۆمار ی‌ئیسلامی خۆیان چەکدار بکەن، لە هەر جێگایەک هێرشی چەکداری دەکرێتە سەر خۆپێشاندەران، وەلامیان بە چەک بدەنەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاسانی‌واز لە دەسەلات ناهێنێ. ئەم ڕێژیمە دەبێ بە زمانی‌خۆی لەگەڵی بدوێین و بەربەرەکانێ لەگەڵ بکەین.

ئێستا کە مەترسیی نیزامی‌بۆ سەر کۆماری‌ئیسلامی‌لە رۆژەڤی سیاسیی جیهان دایە، پێویستە خەباتگێرانی ئێران بۆ بەچۆکدا هێنانی‌ئەم ڕێژیمە خۆیان ڕێک بخەن، ئەگەر لە کوردستان خەباتی چەکداری دژی ڕێژیم ڕێک خرابوو، دژکردەوەی گەلی کورد بەرانبەر هێرشی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بوو کە شەڕی بەسەر گەلی‌کورددا سەپاند، بەلام بەهۆی‌و شیاریی ڕێبەرانی جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی‌ئێراندا، ڕێژیم لەم پەیوەندیەدا زەمینگیر بوو، ئەگەر باقی گەلانی ئێران پاڵپشتی‌ئەم شێوە خەباتەیان کردبایە، ئێستا لەمێژ بوو کە تەمەنی نگریسی‌ئەم ڕێژیمەیان تێکەوە پێچابوو.

هەنووکە چ بکەین کە بتوانین هاوکات لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی‌کە بتوانین لە ئامانجەکانمان نزیک ببینەوە؟ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، ئەوەی سەلماند کە دوژمنی‌ئەو هێزانەیە کە پارێزگاری‌لە مافی رەوای خەڵک دەکەن.

خەباتی چەکداری‌لە راستیدا بۆ رەهەندی بەرگری‌لە بەرانبەر هێرشی داسەپاودا بەکار هاتووە، بەلام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە کەڵک وەرگرتن لەو شێوە خەباتە لە بارودۆخی ئێستای ناوچەکەدا کە بە لەبەرچاو گرتنی‌ئەو هاوکێشە سیاسییانەی‌پاش بەهاری عەرەبی‌و کاریگەریی گەمارۆکان کە لە ئێران هاتوونەتە ئاراوە، لە کورت ماوەدا دەبێتە کارتێکی فشار بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بیری چەقبەستوی‌سەدە ناوەڕاستی کۆماری ئیسلامی، لە درێژ ماوەدا لەچاو خوێندنەوەی واقیعبینانە بۆ رووداوەکان دەبێتە هۆی‌ئەوەی‌کە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی‌ئێران، هێز و پێگە و قورسایی تایبەت بە خۆی‌ببێت.

لە کۆتاییدا ئەگەر خۆ ڕێک خستنێکی بەهێزی چەکداریمان بۆ پاڵپشتی‌لە خەباتی مەدەنی ڕێک نەخەین ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین لە ئێراندا گۆڕانکاری روو بدات.

١٧ی رەشەمەی ٢٧١١

## ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران

حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵاتی نگریسی خۆی و ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی کردە سیاسەتی بنچینەیی حکومەتەکەی، بێگومان بیریان لەوە کردۆتەوە کە هەڵبژاردن، دروشمێکی وا گەورە، ئیمکاناتێکی زۆری مادی و مەعنەوی و بەتایبەت لۆژیستیکی و نیزامی بەهێزی دەوێت.

هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بەردەوام تێدەکۆشن دەستیان بە چەکی ناوکیی رابگات، دەگەڕێتەوە بۆ ئیستراتیژی دیاریکراوی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی شیعە ( ولایەتی فەقیهی ) و بەربەرەکانی لەگەڵ ئیسرائیل وەک وڵاتێکی غەیرە ئیسلامی، بە قەوڵی ئەوان سەهیۆنیزم کافرە.

ئەو تیئۆرییە لە مەزهەبی شێعەدا وەک فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ لە ناوبردنی ئایینەکانی غەیرە ئیسلامی و بە تایبەت بەربەرەکانێلە گەڵ مەسیحییەت لە سەرەوەی هەمووان و ئیسرائیل وەک ناوەندی سەرەکیی ئایینی جوولەکە و حەساسیەتی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ بەیتالمقدس کە هەم بۆ ئیسلامییەکان و هەم بۆ ئیسرائیلییەکان بایەخ و پیرۆزی خۆی هەیە.

کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کەمینە مەزهەبییەکانی دیکەی وڵاتی خۆی لە دەرکردن، زیندان، ئەشکەنجە و تەنانەت ئیعدامیش خۆی نەپاراستووە و ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە دژی مرۆییانەی ڕێژیم لە ناو بیروڕای گشتی جیهاندا بە ئاشکرا سەلمێنراون و بە دەیان جار کۆماری ئیسلامی وەک پێشێلکەری مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە ناسێنراوە.

لە دەرەوەی ئێرانیش بە داڵدەدان و دامەزراندنی گرووپە تێروریستیەکان و ئەنجامدانی دەیان کردەوە گەلی تێروریستی، سەلماندوویەتی کە بۆ گەیشتن بە ئیستراتیژی خۆی واتە دروست کردنی ئیمپراتوری ئیسلامی لە هەموو مێتۆدێکی دژە مرۆیی و ناڕەوا کەڵک وەردەگرێو وەرگرتووە.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێژێمە لە ناوبردنی ئیسرائیل بووە و چەندین جار لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە (لە ڕێبەری وەلی فەقیهەوە بگرە هەتا سەرکۆمار) بە ئاشکرا درۆشمی لە ناوبردنی ئیسرائیلیان بەرز کردۆتەوەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەموو هەوڵێکیان داوە.

کەوابوو، دەست پێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکیی گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی ئیسرائیل، چوونکە لە بواری جۆغرافیاییەوە نیسبەت بە وڵاتانی ئۆرووپایی لە ئێران نزیکترە و لە لایەکی دیکەوە یەکەمین گوزینەی ئێرانە بۆ هێرش کردن و لە نێوبردنی دەوڵەتێکی بە وتەی ئەوان کافرو دژی ئیسلام.

ئیسرائیل ناوەندێکی گەورەی مەزهەبی جوولەکەیە و لە لایەن وڵاتانی ئەوروپایی و بە تایبەت وڵاتی ئەمریکاوە پشتگیری لێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی ساوایە، بەڵام لە بواری سیاسی، ئەمنییەتی، نیزامی و تۆڕی پێوەندی و سیخوڕییەوە زۆر بەهێزە و دەزگای زانیاری موساد وەک یەکێک لە بەهێزترین ناوەندەکانی سیخوڕی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا کۆڵەکەی هەیە.

کەوابوو ئیسرائیل هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری سێدارەوە لە پرۆژە و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت خۆیەوە ئاگادار بووە. پێداگری ئامریکا و ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە دەست پێراگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی لە راستای ئاگادار بوون لە پەلاماردانی رژێم بۆسەر وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئیسرائیلە.

بە پێی لێدوانەکان و راپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، ئێران لە قۆناغی گەیشتن بە چەکی ناوکییدایە، تا ئێستا لە لایەن وڵاتانی ئۆروپایی و ئامریکاییەوە کۆمەڵێک گەمارۆی ئابووری و نیزامی بۆ سەر ئێران پەسەند کراون، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای گوشارەکانی نێونەتەوەیی و تەنگتر بوونی تەوقی تەحریمەکان لە پرۆسەی گەیشتن بە مەبەستی خۆی واتە چەکی ناوکیی دەست هەڵناگرێت و بە باوەڕی من لەو پێوەندییەدا بە دوو هۆکار پاشەکشە لەو پرۆژەیەی خۆی ناکات:

یەکەم: وەک باس کرا چەکی ناوکیی یەکێک لە فاکتەرە گرینگ و بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ شەڕ و بەربەرەکانی لە گەڵا بە قسەی خۆیان دوژمنانی ئیسلام بە تایبەت ئیسرائیل.

دووهەم: سەروەت و سامانی گەلانی ئێرانی لەو پێناوەدا سەرف کردووە و کۆمەڵێک قەوڵا و بەڵێنی بەبنەمایان بە دەست و پێوەندییەکانی خۆیان داوە کە گەیشتن بەو ئیستراتیژییە پێویستی بە تێچوویەکی زۆر هەیە. ئەوە ئەرکێکی شەرعییە، کۆماری ئیسلامی لە بواری تێکنۆلۆژی نیزامییەوە وڵاتێکی لاواز و پاشڤەڕۆیە، هەر بۆیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم بۆشاییە، لەگەڵ وڵاتانی چین و بەتایبەتی رووسیە گرێبەست و دانوستانی نیزامی هەیە و کۆمەڵێک چەکی جۆراوجۆرو موشەک گەلێکی دوورهاوێژی کڕیوە. لەوانەیە هەندێک لە چەکە کۆنەکانی رژێمی پێشوشی چاک کردبێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری هێزی هەواییەوە ئەوەندە بەهێز نیە تا بتوانێ‌لەگەڵا وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن تەکنۆلۆژی مودێڕن وەک ئیسرائیل بەربەرەکانی بکات، لە بەر ئەوەی کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەوانەن کە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی لە 33 ساڵی رابردوودا تا ئێستا بۆی بەجێ‌ماون و تێکنۆلۆژییە نیزامییەکەشی بە تەواوی پاسیڤ و لە کار کەوتووە.

**بەڵام با بزانین بارودۆخی ئیسرائیل چۆنە؟**

ئیسرائیل وڵاتێکە لە بواری پانتایی جۆغرافیایی و ڕێژەی حەشیمەتەوە بە نیسبەت ئێران وڵاتێکی چووکەیە، بەڵام لە بواری تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنی نیزامی بە تایبەت لە بواری کەرەستەی هەوایی لە ئێران بەهێزترە، لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە راپۆرتی هەواڵنێری بی‌بی‌سی لە پێوەندی لە گەڵا پرسی دیپلۆماسی ڕۆژ، لە ڕێکەوتی ٢٨ فورییەی ٢٠١٢ واتە رەشەمەی ١٣٩٠ ئاماژە کراوە، بکەین، کە دەڵێ: (( ئیسرائیل لە مێژە خەریکی خۆ تەیار کردنە بۆ بەرپرچدانەوە یان زەربە لێدان لە بنکەکانی ئەتۆمی ئێران و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک ڕێوشوێن و تاکتیکی ئەمنییەتی و نیزامی دیاری کردوون )) لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە ١٢٥ فڕۆکەی اف ١٥ و اف ١٦ کە ئەنباری زیادەیان بۆ بەنزینی زیادی هەیە و یان باس لەوە دەکات کە کۆمەڵێک چەکی تایبەت بۆ لێدانی بنکە ئەتۆمییەکان کە لە ژێر زەویدا دروست کراون، ئامادە کردووە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کامە لەو ڕێگەیانە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە ژێر لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ئیسرائیلی‌دایە، جێی ئاماژەیە کە ئیسرائیل ٨ تا ١٠ فڕۆکەی بۆ گەیاندنی بەنزین لە ئاسمان بۆ هاوکاری فڕۆکە شەڕکەرەکانی خۆی کڕیوە، لە بەر ئەوەی کە مەودای نێوان ئێران و ئیسرائیل ١٥٠٠ تا ١٨٠٠ کیلومترە.

بە بێ‌شک هەمووان ئاگادارن کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨١دا رەئاکتۆرەکانی سەدامی لە نزیک بەغدا سەرکەوتووانە بۆمباران کرد، هەروەها لە دیسامبری ٢٠٠٧ی میلادی بنکە نیزامییەکانی سورییەی بۆردومان کرد.

کەوابوو ئیسرائیل بۆ خۆی لە بواری تێکنۆلۆژی لە ئێران بەهێزترە و ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە وڵاتانی ئەورووپایی و بە تایبەت ئەمریکا پشتگیری لە ئیسرائیل دەکەن و لابییەکانی ئەمریکایی ڕێگە نادەن دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە هەمبەر هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل بێ‌دەنگ بێت. هەر بۆیە فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا داوا لە ئۆباما دەکات ڕێگایان پێ بدات کە هێرشی ئاسمانی بکەنە سەر بنکە ناوکیی و نیزامییەکانی سوپای پاسدارانی

کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەم گوزینەیە بۆ هێرش بۆ سەر ئێران ئەگەری زۆرە و بێگومان لێدانی نیزامی ئەمریکا و ئیسرائیل یان هەر وڵاتێکی بیانی لە ئێران خەسارێکی گەورەی ماڵی و گیانی بەدواوە دەبێ، بەڵام ئاخۆ گەلانی ئێران دەبێ‌دەست لە سەر دەست چاوەڕوانی ئەوە بن کە هێزێکی دەرەکیی پەلاماری وڵاتەکەیان بدا و سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە لە گەڵا گیانی هاوڵاتییان بکەوێتە بەر مەترسی؟

بۆیە پێویستە خەڵکی ئێران وەخۆ کەون و بەر لەوەی پەلاماری دەرەکیی و چەکی ماڵوێرانکەر ببێتە میکانیزمی هێرش بۆ سەر ڕێژیمی دژی مرۆیی کۆماری ئیسلامی، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی گەلانی ئێران و ڕاپەڕینەکانیان دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، ئەمجارەش چاوەڕوانی هێزی ماڵوێرانکەری دەرەکی نەبن و بە خۆڕێکخستنێکی هەمەلایەنە و کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و مێتۆدەکانی خەباتی سەردەمیانە بە دژی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەدە نێوەڕاستییە بێدەنگ نەبن و ئیرادەی مافخوازانەی خۆیان بەسەر ئەم ڕێژیمە مرۆڤ کوژەدا بسەپێنن.

هەر ئەو گەلە زۆڵم لێکراوانە بوون کە تاج و تەختی پاشایەتییان تێکەوە پێچا، هەر چەند دەبێ‌ئەو ڕاستییەش لە بیر نەچێ‌کە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک حکوومەتەکانی لیبی و سوورییەو یەمەن و .... لەوان سەرکوتکەرتر و دڕەندەتر و دیکتاتۆر نەبێ کەمتر نییە و بە ئاسانی لە ڕێگای خەباتی مەدەنییەوە ڕێگە نادا خەڵک ئیرادەی ئازادیخوازانەی خۆی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە سیستەمی ئێراندا بکار بێنێ‌و لە ئاکامدا ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە دەبێ بڕیارێک بە نیسبەت وەزعی هەنووکەیی و داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان بدەن.

گۆڕانکارییەکی دێموکراتیک و جیهان پەسەند لە سیستەمی سیاسی ئێراندا دەبێتە هۆی ڕەوینەوەی هەموو چەشنە دەمارگرژییەک، ئەگەری پەلاماری دەرەکی و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ڕزگاربونی گەلانی ئێران لە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و بێ سەروشوێن بوونی هاوڵاتیان و لە کۆتایی دا رووخان و لەنێوچوونی دام و دەزگای سەرکوتکەری حکومەتێکی دیکەی دیکتاتۆر و تیرۆریست و تیرۆریست پەروەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قۆناغێکی گرنگ دەبێ بۆ بووژانەوەی ئازادی و دێموکراسی و دابین بوونی مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران و سەقامگیر بوونی ئاسایش و تەناهی جیهان و ناوچەکە.

١٨ی ڕەشەمەی ٢٧١١

## گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواڕۆژی کۆماری ئیسلامی

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا کە تێچوویەکی زۆریان لە شەڕدا سەرف کردبوو، و تا ئەو کاتە سیاسەتی پەراوێز بوونیان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا هەڵبژاردبوو، واتە سیاسەتی دەست تێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، بەڵام کاتێک شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی پێهات ئامریکا تێچوویەکی زۆری لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرف کرد، بەو ئاکامە گەیشت کە پاشەکشە نەکات و لە سیاسەتی دوورەپەرێزی خۆی رزگار بکات. لەگەڵ ئەوە لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت هاوپەیمان بوو. بەڵام پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی سارد، ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت کەوتنە دووبەرە و هەر کامەیان سەرکردایەتی بەرەیەکیان بە ئەستۆ گرت. ئامریکا لەگەڵ ئورووپای ڕۆژئاوا بوون بە هاوپەیمانی هزری بەرەی راستی دونیای سەرمایەداری و ئورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤییەت لە بەرەی چەپ و دژی سەرمایەداری یەکتریان گرت.

ئیستراتیژی ئامریکا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە گشتی ئەوە بوو کە بەرگری لە پەرەسەندنی دەسەڵات و هێژموونی سۆڤییەت و هاوپەیمانەکانی بکات و تاکتیکەکانیشی بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ئەوکات پراکتیزە دەکرد. دامەزراندنی ئۆرگانێک بە ناوی UN لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینیدا بە بەشداریی ٥٠ وڵاتی سەربەخۆ دەسپێکێک بوو بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و چارەسەری کێشەکان لە رێگای ئاشتییەوە. ئەویش لە بەرژەوەندیی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیدا بوو. بەڵام سەرهەڵدانی شەڕی سارد بووبە کۆسپێک بۆ بەرەوپێش چوونی ئاشتی لە جیهان و بە تایبەت ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا کە پێی وابوو بە کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئامادە بوونیان لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هێزێکی سەرەکی، بە ئامانجەکانی خۆیان نزیک دەبنەوە. ئامریکا یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی رێکخراوی جیهانی UN بوو کە پێی وابوو کۆمەڵەی گەلان کە پێشتر وەک رێکخراوێکی گەلان دامەزرابوو بە شێوەی پێویست نەیتوانی ئامانجە نێونەتەوەییەکانی بە گشتی بەدی بێنێ، بۆیە هەوڵی ئامریکا بۆ دامەزراندنی UN پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئیستراتیژی خۆی نزیک بۆوە. شەڕی سارد قۆناغێکی سامناکی نە شەڕو نە ئاشتی بوو کە دونیا لە دوو بەرەدا لە بەرانبەر یەک راوەستابوو ئەوانەش کە ناوی وڵاتی بێ لایەنیان لە سەر خۆیان دانابوو لە واقع دا بێ لایەن نەبوون. دەکرێ ئاماژە بە قەیرانی مووشەکی کووبا لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی بکەین کە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤییەت لە نزیک ١٠٠ کیلومیتری خاکی ئامریکا دروست کرا کە بووە هۆی مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە.

شەڕی ساردو دابەش بوونی جیهان بە دوو بلوکی شەرقیو غەربی لە بەرژەوەندیی ئامریکادا نەبوو چوونکە کۆسپێکی گەورەی بۆ بەرەوپێش چوونی ئیستراتیژی ئەو وڵاتە پێک هێنابوو، بۆیە ئامریکایەکان بیریان لەوە کردەوە کە چ میکانیزمێک بۆ بەرگری لە پەرەسەندنی ئیدئۆلۆژی چەپ بێنە کایەوە.

لەم راستایەش دا ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پلانی بۆ کەمرەنگ کردن و لە نێو بردنی ئیدئۆلۆژی چەپ دادەناو هیچ سنوورێکی بۆ ئەو بەربەرەکانێیە نەبوو. ئامریکا توانی ئەرتشی سوور لە ئەفغانستان تێک شکێنیو رایەڵەی ئەلقاعیدە و تاڵەبان لە رێگای دۆستایەتی و هاوپەیمانی لە گەڵ سعوودیەکان داناو لەو بوارەدا سەرکەوت. هەر لەو راستایەدا پلانی گۆڕانکاری لە سیستەمی پاشایەتی ئێران کە تا ڕادەیەک لەگەڵ یەکییەتیی سۆڤییەتی ئەو کات نزیک بویەوە دەستی پێ کرد.

ناڕاستەوخۆ بەرەی خۆمەینی بەهێز کرد. ئەرتشی بە هێزی رێژیمی پاشایەتی کە بە ژاندارمی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ناوبانگی دەرکردبوو بە تەواوی لە نێو چوو بوو، کێشەی سێربەکان لە دڵی ئەورووپا، واتە یوگسلاوی پێشوو ئەوەندە پەرەی گرت کە یەکییەتیی ئەو وڵاتە چووە ژێر پرسیاری سێربەکانو بە رەواڵەت بە دەسەڵات گەیشتن. کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیکە لە راستای بیرو بۆچوونەکانی بۆ هەر چی زیاتر نزیک بوونەوە لە ئیستراتیژی خۆی هێنایە ئاراوە.

بەو چەشنە شەڕی سارد کۆسپێکی گەورە بوو لە بەرانبەر ئامانجەکانی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤییەتو سەربەخۆیی نەتەوە ژێر دەستەکان، ئامریکا وەک تاکە وڵاتی زلهێزی ناوچەو جیهان لە یەک جەمسەر بوونی خۆی سەلماند. هەرچەند یەکیەتیی ئورووپا هەوڵێکی گشتیو هەمەلایەنە وەک رکەبەری تاکە زلهێزی ئەو کاتی جیهان واتە ئامریکادا، بەڵام هیچ یەک لەو میکانیزمانە کاریگەر نەبوون لە بەر ئەوەی کە ئامریکا بنەمای زلهێز بوونی خۆی لە جیهاندا سەلماندبوو.

بەڵام با بزانین کێشەی ئامریکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لە بەرچاوگرتنی کۆسپێکی گەورەی وەک کۆماری ئیسلامی بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات.

ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئیسلامی کە هەمان ناردنە دەرەوەی شۆرشی ئیسلامی دەخاتە بەر باس و بۆ پاڵپشتی سەرەکی ئەو ئیستراتیژییەی خۆی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لە ئارادایە و کاری بۆ دەکا، کەچی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی هەوڵی ئەوە دەدەن تا حکومەتی ئێران واز لەو

پرۆژەیە بێنێ.

ئەگەر حکومەتی ئێران واز لە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی بێنێ چ کاریگەریەکی لە سەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئامریکا دەبێ؟، ئایا ئامریکا لە ئیستراتیژی خۆی پاشەکشەی دەکات؟ ، کێشەی ئێرانو ئامریکا تەنیا چەکی ناوکییە؟

کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە کە دەتوانێ بابەتەکەمان بۆ روون کردنەوەی زیاتر دەوڵەمەندتر بکات.

پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامی: کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی دەدا بە هەموو شێوەیەک هاوسەنگی لە ناوچە لە بەرانبەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە کە ئامریکا ساڵی ٢٠٠٤ هێنا کایەوەو هەنوکە بێ ئەوەی کە باسی لەسەر بکات لە هەندێ لە وڵاتەکان جێبەجێ کراوە. با بزانین ئامانجو بەرنامەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە چۆن شرۆڤە کراوە.

ئەم پرۆژەیە لە سێ تەوەردا خۆی دەنوێنێ:

- **یەکەم**. یەک بوونی موسڵمانەکان: واتا یەکەم موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو پێکەوە لە یەک بەرەدا بن. ئەو پێکەوە بوونە پێویستە چۆنییەتی بیروبۆچوونو روانگەی مەزهەبی بەرچاو نەگرێتو لە بەر ئەوە یەکبوونی موسڵمانەکان دەتوانێ یەکیەتی بە هێز دژی هەر چەشنە هێرش کردنێک لە بەرانبەر دونیای ئیسلامدا بێت.

بەڵام ئەم چەمکە لە گەڵ راستییەکان یەک ناگرێت، موسڵمانەکان سەرەڕای ئەوەی کە لە بواری مەزهەبی شیعەو سۆنی پێکەوە دژایەتی مێژووییان هەیە، هەر کامیان چ شیعەو چ سۆنە بۆ خۆیان چەندین شاخەیان لێ دەکەوێتەوە، هەر کام لەو شاخانە لەگەڵ ئەوەی دیکە لە گەڵ بۆچوونی مەزهەبیدا ناتەبایە.

- **دووهەم**: یەکگرتنی موسڵمانەکان: واتە پێویستە موسڵمانەکان دژی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یەکگرن تاکوو بتوانن پێش بە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بگرن.

ئەم یەکگرتنەش لەگەڵ واقعییەت ناگونجێ، چوونکە بەشێکی زۆر لە موسڵمانەکان بەرژەوەندییان لەگەڵ USA گرێ دراوە. لە لایەکی دیکەوە بەشێکی زۆریان کێشەی سنووری خاکو ئاویان لەگەڵ ئێران هەیە، لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە لە ناکۆکی

دان.

- **سێهەم**: مافی موسڵمانەکان: بە بڕوای ئەحمەدی نژاد موسڵمانەکان مافی خۆ پڕ چەک کردنیان هەیە. واتە مافی ئەوەیان هەیە ببن بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. هەر بۆیە بە هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد وەک سەر کۆماری ئێران گرژیو ئاڵۆزی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەیسەند.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر گوشاری نێونەتەوەییدا ئامادە نەبوو واز لە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی خۆی بێنیو تەنانەت دۆسیەی ئەتۆمی خۆی تا ئێستاش بەردەوام دەکات. بە شێوەیەکی کرداری هاوسەنگییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرانبەر هێزەکانی ئامریکادا دروست کردووەو ئەمنییەتی ئیسرائیلی وەک هاوپەیمانی سەرەکی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستووەتە مەترسیەوە.

بو هەرچی رووبونەوەی بابەتەکەمان باشترە کە ئاماژەیەکی کورت بە ئیستراتیژی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین کە پێشتر بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە بەناوبانگ بوو.

**پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێ، کە بریتین لە:**

- **یەکەم**: پەرەسەندنی ئیدئۆلۆژی لیبراڵی نوێ کە بریتیە لە بازاڕی ئازاد، تاک تەوەری، پەرەدان بە دێمۆکراسی لە کۆمەڵگا، ئاڵوگۆری ئازادانەی زانیاری، پەرەسەندنی ئابووری، بە هێز کردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەرەدان بە کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو بنەمایانەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لەسەر بنیات نراوە.

- **دووهەم**: بنەماکانی سیاسەتی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە:

١- ئیستراتیژییەت، واتە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ئیستراتیژیک جێگای خۆی لە سیاسەتی دەروەی ئامریکا کردەوە، بەڵام ئەم گرینگی پێدانە لە شێوازی جۆراوجۆردا خۆیی نواندووەو تاکتیکی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینی.

٢- نەوت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٧٤% نەوتی جیهانی لە خۆ گرتووە نەوت گەلاڵەیەکی ئیستراتیژییە کە دوو ڕەهەندی

تایبەت لە بواری جیهانیدا لە خۆ دەگرت. یەکەم لە بورای سیاسی، کە بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتان و بەتایبەت وڵاتانە کە کەم نەوت یا بێ نەوتن و پیشەسازی و ئابووریەکان بە نەوتەوە بەستراوەتەوە. سەرەڕای ئەوە بۆ خۆی داهاتێکی نەتەوەیی‌یە، ئەو نەوتە دەتوانێ لە بەرهەم هێنەرەکاندا دەوری کاریگەر لە بواری ئابووری هەبێت، زۆربەی شتوومەک و کەرەستەکانی تێکنۆلۆژی بەرهەمی نەوت کە بۆ خۆی لە بەرەوپێش بردنی تکنۆلۆژی وڵات کاریگەرە.

٣- قۆناغی دیکە ئیستراتیژیەتی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر کاریگەری لابیە یەهوودییەکانە. یەهوودییەکان ٣% حەشیمەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا پێک دێنێ بەڵام ٩٥%یان رۆڵی سەرەکییان لە ئابووری ئامریکادا هەیە، ئەو نفووزە دەتوانێ لە بواری سیاسی، راگەیاندنو ئابووریدا دەورێکی کاریگەر لەو وڵاتەدا بگێڕێ. کاتێک هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی ئامریکا بەڕێوەدەچێ یەهوودییەکان دەتوانن پارسەنگێکی بە هێز بۆ یەکێک لە کاندیداتۆرەکان بن.

بە گشتی ئیستراتیژی نەوت ولابی گەری یەهوودییەکان سیاسەتی سەرەکی ئامریکا لە ناوچەدا خستووەتە ژێر کاریگەریی و ئەمەش لە جێگر بوونی بەرژەوەندی نەتەوەیی‌دا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە.

سیاسەتی ئامریکا لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی‌دا واتە لە دەست پێکردنی شەڕی ساردەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرێدراوە بە بەهێز کردنی خۆی لە بواری سەربازیو هاوپەیمانیو بەکارهێنانی ئامرازەکانی گوشار لە بواری سیاسی بۆ سەرکوت کردنی ناڕازییان (موخالفان) لە ناوچەدا، ئەو سیاسەتە تا نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە میکانیزمی جۆراوجۆر درێژەی بوو و لەو کاتە بەدواوە هەندێک لە هاوپەیمانە سەربازییەکانی خۆی پڕ چەک کردوەو بە هەرەس هێنانی یەکیەتیی سۆڤییەت گۆڕەپانی تاک جەمسەری بۆ ئامریکا ئاواڵە بوو. ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە داڕشتنی سیاسەتی نوێ ئامریکا لە ناوچەدا کە لەم تەوەرانەدا خۆی دەنوێنێ:

یەکەم شەڕی دژی تێرور و دووهەم: پەرەدان بە دێموکراسی بە شەڕ یا بە ئاشتی لە ناوچەکەدا.

ئەوەی کە ئامریکا یان ئەو هێزانەی کە لەگەڵ تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربەرەکانێ دەکەن بە دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوەن جێی باس نییە، لە بەر ئەوەی کە هەر وڵاتێک بۆ هەر مەبەستێک بەرژەوەندی خۆی لە سەرەوەی هەمووان چاو لێ دەکات، بەڵام بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم و رەشەکوژی و بیری کۆن لە بەرژەوەندی حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە، لە لایەکی دیکەوە باشترین میکانیزم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم جێگیرکردنی دێموکراسی‌یە لە ناوچەکەدا.

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ساڵانی رابردووی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر سیستەمی دیکتاتۆریدا رزگارییان بووە، سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا لە بواری ئەمنییەتی‌یەوە بەتەواوەتی سەقامگیر نەبوون، بەڵام هەنگاوی باشیان بەرەو دێموکراسی هاویشتووە، ئەو رەوتە دەتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا لە راستای بەرەوپێشچوونی ئەو وڵاتانەدا کاریگەری پۆزتیڤ دابنێ.

کوردستانی عێراق یەکێک لە نموونەکانی پێشکەوتنە کە پێشتر لە ژێر زوڵم و ئەنفال و کیمیابارانی رژێمی بەعسدا ئاسمیلە دەکران، لەگەڵ ئازادبوونی عێراق‌و رزگار بوونی کوردستان، دابین کردنی ئەمنییەت‌و ئاسایش لە لایەن حکوومەتی هەرێم‌و خەڵکی کوردستانەوە، گەشەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و فەرهەنگی‌و... لە کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ و بەشێکی سەرەکی ئەرکی خەڵک کار کردن و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دێموکراسییە.

بە کورتی ئەگەر ئاوڕێک لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەو جیهان بە تایبەتی، لە ئەفغانستان، تونێس، عێراق، لیبی و میسر هەر کامەیان بە شێوەیەک پشتگیری ئامریکاو رۆژئاوایان لەگەڵدا بووە بدەینەوە، هەر لەو کاتەدا وڵاتانی رووسییەو چین بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو وڵاتانەدا بۆ مانەوەی سیستەمە دیکتاتۆرەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوەو کێشەی سووریەو راپەڕینی خەڵکی ئەم وڵاتەو پشتگیری رووسییەو چین ئەمە دەگەیێنێ کە وڵاتانی سوسیالیستی تەنیا بەناو بۆ گەیشتن بە یەکسانی و تەبایی گەلان تێدەکۆشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە رووخانی سیستەمی یەکیەتیی سۆڤییەت روخساری وڵاتانی سوسیالیستی لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەرکەوت.

زیاتر لە ساڵێکە رژێمی بەشار ئەسەد رۆژانە بە دەیان کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە قەڵاچۆ دەکات، کۆماری ئیسلامی ئێران وەک یەکێک لە پاڵپشتە سەرەکییەکانی ئەم رژێمە و باقی رژێمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرەستەکان کە تێڕوانینیان بە نیسبەت خەڵکی خۆیانەوە وەک کۆماری ئیسلامی‌یە بە چەک و کەرەستەی نیزامی و هێزی مرۆیی یارمەتی ئەم سیستمانەی داوە، بۆ بەردەوامی ئەوان. لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا کە کردەوەیەکی تیرۆریستی لێکەوتووتەوە ئەوا دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدا دەرکەوتووە، ئەمەو کۆمەڵێکی زۆر فاکتەری دیکە ئەوە دەسەلمێنن کە گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی مەترسییەکی گەورەیە بۆ جیهانی دێمۆکراسی.

دۆستایەتی ئەم رژێمە لەگەڵ هەر وڵات و لایەنێک تەنیا بۆ بەهێز کردنی روانگەو ئیدئۆلۆژی ولایەتی فەقیهی‌یەو بۆ ئەو مەبەستە لە هەموو کەرەستەیەک کەڵک وەردەگرێ. یارمەتی دانی بە وڵاتی سووریەو دروست کردنی گرووپە تیروریستیەکانی وەک، حەماس‌و حزب الله لە فەلەستین و لوبنان لە راستای ئەو ئامانجەدایە کە ئاماژەمان پێ کرد.

هەنوکە کۆماری ئیسلاکی لە قەیرانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نیزامی دایە، کێشەی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی لە لایەن وڵاتانی ١+٥ و بیروڕای گشتی جیهانی دێموکراتیکدا بەرەو قۆناغێکی تایبەت ڕۆیشتووە، دەوڵەتی ئێران هەنوکە لە هەڵویستی خۆی بۆ بەدەست هێنانی تێکنۆلۆژیای پیتاندنی ئۆرانیۆم پاشگەز نەبووەتەوەو بە هەموو شێوەیەک دەیهەوێ لە ئاکامدا دەستی بە چەکی ناوکی رابگات.

دەستپێڕاگەیشتنی دەوڵەتی ئێران بە چەکی ناوکی ئامانجی سەرەکی ئەو ڕێژیمەیەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئیستراتیژی خۆی هەیەو لە دوو بوارەوە بە ئامانجەکەی نزیک دەبێتەوە:

یەکەم، ئیدئۆلۆژی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە شیعە مەزهەبی تێدایە پەرە پێدەدات و خەڵکی ئەو وڵاتانە بەدژی حکوومەتەکەیان هان ئەدات.

دووهەم، بۆ سەرکوتی خەڵکی ئێران، ترسی لە وڵاتانی دەرەکی نامێنێ و هەڕەشەی دەرەکی لە سەری کەم دەکاتەوە، لە بەر ئەوە ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو پێشێلکاری مافی مرۆڤەو لە کوشتن و قەلاچۆ کردنی گەلانی ئێران بە هیچ شێوەیەک دەست ناپارێزێ.

لەوە زیاتر، لەناوبردنی فیزیکی نەیاران، جیابیران و دوژمنانی ئەو حکوومەتە لە لایەن ولایەتی فەقیهەوە شەرعییەتی پێدراوە، هەر وەک هەڵسووکەوتی ئەم ٣٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت نارازیان و ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی سیاسی و مافی مرۆڤ، بە تایبەت پاش نارەزایەتی ساڵی ١٣٨٨ زیاتر لە چەند هەزار کەس گیران و ئەشکەنجە دران و تەنانەت هەنوکەش لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیم دان.

دەستپێڕاگەیشتنی دەوڵەتی ئێران بە چەکی ناوکی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر وڵاتی ئیسرائیل و هاوپەیمانانی ئامریکا، ئەویش کە بە ئاشکرا لە ئاخاوتنەکانی هەندێک لە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئاماژەی پێدراوە.

ئەگەر لە ساڵانی رابردوو گومانێک لە سەر کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت سەرکردایەتی و مودیرییەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی هەبوو، ئێستا بە شێوەیەکی ئاشکرا چەندین بەڵگەنامە بە دەستەوەیە کە ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە هەم تێرۆرستن و هەم سەرکردایەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکەن، کە وەک بەڵگە بۆ ئەو باسەمان دەکرێ ئاماژە بە تیرۆری دوکتور عبدالرحمن قاسملوو (سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بکەین کە لە ڤیەن پێتەختی ئۆتریش

بەدەست دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر مێزی وتووێژ لە کاتێکدا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتیانەوە هەوڵی دەدا شەهید کرا. دوکتور پیلتز لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا لە ڕێکەوتی ٨ - ٦ - ٢٠٠٩ دا دەڵێ: ئەحمەدی نژاد یەکێک لە بەشدارانی تیرۆری دوکتور عبدالرحمن قاسملوو بووە، ئەمەو کۆمەڵێک کاری تێرۆریستی دیکە وەک تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە ئاڵمان کە بە قەتڵی میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد و هەروەها تێرۆری کۆمەڵێک لە کەسایەتی ئێرانی وەک دوکتور بەختیارو بروومەند و ... هتد سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

جگە لەمانە، کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمەڵێک هێزی تیرۆریستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێکخستووە ودانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ئاراستەی بەرەو پووچەڵ کردنەوەیە. گەمارۆکانی ئەم دواییانە لە لایەن یەکیەتیی ئوروپاو ئامریکا کاریگەری نێگەتیڤیان لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران داناوە، هەر چەندە بۆ خۆیان دەڵێن گەمارۆی ئابووری ناتوانێ کاریگەری لە سەر کۆماری ئیسلامی دابنێ، بەڵام هەر لە ئیستاوە روون و دیارە کە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم گەمارۆیە کاریگەری نالەبار لە سەر ژیانی خەڵک دادەنێ، شوێنەواری خراپیش لە پێوەندیی لەگەڵ ئابووری گشتی وڵاتدا داناوە. ئەگەری ئەوەش هەیە کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ بەستنی گەرووی هۆرمۆزدا لە بەرانبەر کاردانەوەکانی ئامریکا نەتوانێ خۆڕاگرێت و بەو چەشنە دەکرێ بڵێین ئیستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆماری ئیسلامی هەرەسی هێناوە.

وڵاتانی ١+٥ و دونیای پێشکەوتوو بەو راستی‌یە گەیشتوون کە بە بوونی ڕیژیمێکی شەڕخوازو تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر جیهان ئەمن و ئاسایش بە خۆوە نابینێ، پڕۆژە و بەرنامەو پیلانەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ بیروڕای گشتی دونیا ئاشکرایەو چی دیکە بە چەواشەکاری ناتوانێ سەرنجی لایەنێک بۆلای خۆی راکێشێ.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧١٢

## گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە بواری هەڵکەوتی ژئۆپۆلیتیکی و ژئۆپۆلۆ ستراتیژیکییەوە یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی جیهانە کە لە مێژووی خۆیدا و بە تایبەت لە سەدەی بیستەم بەملاوە کێشە و ململانێ و ئاڵۆزی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مرۆڤایەتی لە بواری ماددی دا هەیە کە خاڵێکی بەهێزن لە بەرەوپێشچوون و گەشەسندنی ئەو وڵاتانە داو لەو بوارەدا کاریگەری ئەرێنییان هەیە.

پێش هەموو شتێک بوونی سەرچاوەیەکی فراوانی سروشتی لەم وڵاتانە دا سرنجی ولاتانی بیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە ، گۆڕانکارییەکان لەم ناوچەیەدا لە ژێر باندۆری ئەم سامانە سروشتییانەوە دێنە کایەوە، هەر بۆیەش دەبینین زلهێزەکان پشتگیری ئەولایەنانە دەکەن کە بەرژەوەندییە مادی و مەعنوییەکانی ئەوان لە ناوچەکە دا دەستەبەر دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە بواری تایفی، دینی، ئایینی و نەتەوەییەوە یەکێکی دیکە لەو گرفتانەیە کە بەردەوام بۆتە هەوێنی ناکۆکی لە نیوان دانیشتوانی نیشتەجێی وڵاتانی ئەم ناوچەیە و لایەنە دەرەکیی و بیانییەکانیش بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا وەکوو ئاتۆ لەم کەلێنە بەرچاوە کەڵکیان وەرگرتووە ولایەن و نەتەوە جیاجیاکانی ئەم ناوچەیەیان دژ بەیەک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان دا هانداوە.

گۆڕانکارییەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە راستای گەشەکردنی دێموکراسیدا جێگای سرنج بووە، هەرچەند ئامریکا و ئوروپاییەکان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان قوربانییان داوە ،بەڵام کاریگەری ئەرێنی لە سەر دانیشتوانی ناوچەکەش هەبووە.

لەگەڵ ئەوەدا دێمۆکراسی بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە بەلام ئاراستەی ئەم ڕەوتە بەرەوە دێموکراسییە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە سرنج بدەینە دانیشتوانی وەزاڵە هاتووی وڵاتی سووریە کە دژی دیکتاتوریەت و سەرەڕۆیی بەشار ئەسەد دەستیان داوەتە خەباتێکی گشتگیر و ئازادیخوازانە کە هەتا ئێستا نزیک بە ٤٠٠٠٠ قوربانییان داوە.

لە هیچ لایەک شاراوە نیە کە ڕێژیمی ئێران و داروەدەستەکەی لە پشتگیری و هاوکاریکردن بۆ مانەوەی دیکتاتۆری ئەسەد لە سووریە دەستێکی باڵایان هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین سووریە و ئێران هێلانەی راهێنانی تیرۆریزم و هەوێنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەی تیرۆریزم و دیکتاتۆری لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەراست دایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی لە وڵاتانی دوور و نزیک دەست و پەیوەندی تیرۆریستی پەروەردە کردووە و دایناوە، ئەمە لە حاڵێک دایە وڵاتانی زلهێز و خاوەن بڕیار هەتا ئێستا هەڵوێستێکی جیدی و یەکلاییکەرەوەیان لە مەڕ کردەوە دژە مرۆڤەییەکانی ئەم دوو وڵاتە دا نەگرتوەتە پێش.

بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرەوپێشبردنی کێشە و ئاڵۆزییەکانی سووریە رۆڵی سەرەکیی هەیە و بەشێک لە ئیستراتیژیی کۆماری ئیسلامی جێگیرکردنی سیستمی حوکمڕانی وڵاتانی ناوچەکە دایە بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە لە خۆی نزیکن.

لە چەند ساڵی رابردوودا سووریە بنکەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ پشتگیری کردن لە حەماس و حیزبوڵڵا و بەشێکی دیکە لە لایەنە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە بووە. شەڕی چەند رۆژی رابردووی نێوان حەماس و ئیسرائیل یەکێک لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کەم کردنەوەی زەخت و گوشار لە سەر سووریە بووە ، سەرەڕای ئەوەش ماوەیەکی زۆرە کێشەی لە عێراقی فیدراڵ لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە رێگەی هێندێک لایەنەوە لە تورکیە پێک هێناوە و دەیهەوێت بە هەر شێوەیەک بێت تەمەنی رێژیمی بەشار ئەسەد درێژ بکاتەوە.

ئەم تاکتیک و تەرفەندانە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تازە نین، روونە کە بە گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی سووریە هەلومەرجی گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیک دەبێتەوە.

گەمارۆی ئابووری ولاتانی رۆژئاوا و ئامریکا قەیرانێکی قووڵی لە ناوخۆی ئێراندا دروست کردووە ، بە شێوەیەک کە نرخی دراوی ئێران لە بازاڕەکانی دراوی جیهانی دا گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی و ژیانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهات کەوتۆتە مەترسییەوە.

لەم نێوانەدا رێژیمی ئێران بۆ نیشاندانی سەقامگیری خۆی لە بەرچاو بیر و رای گشتی دا کەڵک لە پیلانی جۆراوجۆر

وەردەگرن و دەیانهەوێ وا بنوێنن کە گەمارۆکان کاریگەری نیگەتیڤی لە سەر ئابووری ئێران دانەناوە.

هەوڵ و تەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ خۆ دەربازکردن لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئارادان و ئەو ڕێژیمە بەرەو گۆڕانی بنەڕەتی و لە ناوچوون دەبات و ڕێژیمی خستۆتە دۆخی ئامادەباشی تەواو و هەموو هەوڵێک تەنانەت خواردنی جامی زەهریش بۆ مانەوەی خۆی دەدات.

ئەوەی لێرەدا جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە گەلانی ئێران دەبێ بەو ئاکامە گەیشتبن کە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بن گۆڕانکاری لە ئێران دا بە دەستی ڕۆژئاوا و ئامریکا ڕووبدات ، ئەم وڵاتانە سەلماندوویانە کە بەرژەوەندی خۆیان لە سەرەوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دیکە داناوە و تەنیا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا ماونەتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوو دا ئیسرائیل بە تۆڵەی کوژرانی هاووڵاتییەکی خۆی هێرشی ئاسمانی و مووشەکی کردە سەر شاری غەزە ، کە چەندین کوژراو و بریندار لێ کەوتەوە. ئەم ڕووداوە هەرچەند ئەگەر لە بواری مرۆڤایەتی سەیری بکەین جێگای نیگەرانییە بەڵام ڕووداوی کوژران و ماڵوێرانبوونی نزیک بە ٤٠٠٠٠ هەزار کەسی بێ تاوانی خەڵکی سووریە لە ڕاگەیندنە ڕۆژئاواییەکان دا بە ڕادەی کوژرانی جوولەکەیەک دەنگدانەوەی نەبووە. کەوابوو گەلانی ئێران بۆ گۆڕانکاری پێویستە هەنگاوی جیدی و بە کردەوە هەڵبێنن و چاوڕوانی وڵاتانی دیکە و یان ئۆپۆزیسیون لە نێو کۆنفرانسەکانی پراگ و ستکهۆڵم و... نەبن ، چونکە هیچی لێ شین نابێت.

گەلانی ئێران بۆ هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دێموکراتیک و فیدراڵ پێویستە لە ئاستی سەرجەم نەتەوەکان لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانە هاوئاهەنگ و هاوکار بن کە بە شێوەی پراکتیکی لە گۆڕەپانی خەبات دان و ئامادەی هەرچەشنە قوربانیدانێکن. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەیان کەس لە سێدارە دراون و بە سەدان کەس لە بەندیخانەکان بە هۆڤانە ترین شێوە بێ ڕێزی بە کەرامەتیان کراوە.

کۆماری ئیسلامی بە کۆنفرانس و دانیشتن و چەپڵە لێدان ناڕووخێ بەڵکوو پێویستە لە هەر ئاستێک دا و لە هەموو شێوازەکانی خەبات بە تایبەت خەباتی چەکداری دژی ئەو ڕێژیمە بۆ پاڵپشتی خەباتی مەدەنی کەڵک وەربگیردرێت.

لە هەموو جیهان دا شاهیدی ئەوەین کە هاتنە نێو مەیدانی ڕاستەوخۆی خەڵک دەتوانێ گۆڕانکارییەکان یەکلایی بکاتەوە، هەر بۆیە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی پێویستی بە ئوپۆزیسیۆنێکی چالاکە کە لە گۆڕەپانی پراکتیک

دا بتوانێ جێگای متمانەی خەڵک بێت. بوونی ئێمە لەو گۆڕەپانەدا دەتوانێ سرنجی لایەنەکانی دیکەش بۆ لای ئێمە رابکێشێت. ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین کۆماری ئیسلامی بە کۆنفرانس و کۆبوونەوە برووخێت بە هیچ جێگایەک ناگەین.

شێوەی خەبات بە پێی هەڵسوکەوتی رێژیمەکان گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە ، ئەگەر بە وردی گۆڕانکارییەکانی دەورووبەر لە بەرانبەر لێکدانەوەکانی خۆمان بهێنینە بەرچاو بۆمان دەردەکەوێ کە رێژیمە دیکتاتۆرەکان رێگا نادەن کە خەڵک دژی ئەوان هیچ چەشنە هەڵوێستێکی مەدەنی سەردەمیانە بگرن ، تەنانەت رەحم بە ویبلاگ نووسیک ناکات.

خەباتی مەدەنی بریتییە لە خۆپێشاندانی قەڵەمی ئازاد لە رێگای تێکۆشانی راگەیاندن، لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی دا هەموو ئەوانە بەربەستی بۆ دروست کراوە وتەنانەت بە سەدان وەکیل و چالاکی مافی مرۆڤ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون ، هەر بۆیە رێگا چارەی خەباتی مەدەنی بە تەواوی بەربەستی بۆ دروستکراوە و خەڵکی ئێرانیش وەک سووریە و باقی وڵاتانی ناوچە پێویستییان بە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەیە تا بتوانن لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و فیدراڵ دا بە خۆشی بژین.

٩ی سەرماوەزی ٢٧١٢

## ستراتیژیی دامەزراندنی مووشەکی پاتریوت لە تورکیە و نیگەرانیی ئێران

تورکیا لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆیە کە ئاڵوگۆڕە خێرا و قووڵەکانی دراوسێی ئەو وڵاتە واتە سووریە و ئەگەری پەلاماری ئاسمانیی سووریە بۆسەر وڵاتی تورکیە، ناتۆی بەو ئەنجامە گەیاندووە، لەم هەلومەرجەدا قەڵغانی بەرگری مووشەکیی پاتریوت لە تورکیە بۆ پێشگری لە ئەگەری هێرشی هەوایی بۆسەر ئەو وڵاتە دابمەزرێنێت.

نیگەرانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تورکیە وەکوو وڵاتێکی دراوسێی سووریە پشتیوانی لە ئوپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی سووریە دژبە بەشار ئەسەد دەکات کە کێشە و ئاڵۆزی لە تورکیە دروست کردووە.

ئێران وەک هاوپەیمان و دۆستی سووریە دامەزراندنی ئەو مووشەکانە لە بەرژەوەندیی خۆیدا نابینێ و حەسەن فیرووزئابادی بەرپرسی پایەبەرزی سپاسی پاسداران ئەو ڕێژیمە ئەم کارەی بە دەستپێکی شەری سێهەمی جیهانی لە قەڵەم داوە، رووسیە وەک دۆستی سووریە نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە و کۆمەڵێک لێکدانەوەی جۆراوجۆری لەسەر ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە کەوتوونەتە بەر باس.

ئەوەی کە جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە دامەزراندنی ئەم موشەکانە وەبیرهێنەرەوەی قەیرانی مووشەکیی کووبا لە ساڵی ١٩٦٢ـە کە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشووەوە بۆ پشتگیری لە کووبا دامەزرابوو. ئەمریکا ئەو کات ئەم هەڵوێستەی یەکیەتیی سۆڤیەتی بە دژایەتی خۆی و پشتگیری لە کووبا لە قەڵەم دا و هەڵوێستی جیددی گرت بە چەشنێک کە، کەنێدی سەرکۆماری ئەو کاتی ئەمریکا کاتی دیاری کرد و گوتی ئەگەر هەتا ئەو کاتە مووشەکەکان لا نەبەن بە واتای هەڵگیرساندنی شەڕی سێیهەمی جیهانی لە قەڵەم دەدرێت.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا بۆ ئێران و رووسیە لەم بارودۆخە هەنووکەییەی جیهانی ئەمڕۆدا دەلوێ کە وەک دوو هاوپەیمانی وڵاتی سووریە مۆڵەت دیاری بکەن بە ناتۆ و داوای لابردنی سپەرە موشەکییەکان بکەن؟

ئایا سەردەمی ئێستای ئێران و وروسیە وەکوو هەلومەرجی ئەو کاتی ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشووە؟

**ئایا ناتۆ و ئامریکا بە هەڕەشە و گوڕەشەی ئێران و قەڵغانە بەرگرییە موشەکییەکان لادەبن؟**

هەڵوێستەکانی وڵاتی رووسیە لەمەڕ ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی جێگای لێکدانەوەی وردە. ئەوەی راستی بێت رووسیە پاڵپشتیی وڵاتانی وەک یەمەن، سووریە و لیبی و ... هتد بووە، بە چەک و کەرەستە و پشتگریی سیاسی و نیزامیی رووسیە، ئەو وڵاتانە هەم هاووڵاتیانی خۆیان و سەرکوت کردووە و هەم بوونەتە بەربەستی ئازادی و دێمۆکراسی، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئیرادەی گەلی ئەو وڵاتانە بووە کە مشتێکی توندیان لە دەم حکوومەت و لایەنگرانیان داوە و بە خوێنی خۆیان ئاڵوگۆڕیان بۆ چەسپاندنی دێمۆکراسی و ئازادی پێک هێناوە.

هەڵەی رووسیە لەوە دایە کە سەردەمی ئێستا وەک بارودۆخی سەردەمی شەری سارد لێک دەداتەوە، ئەمە لە حالێک دایە کە گەشە کردنی تکنۆلۆژی و بەتایبەتی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەر دۆخی نەتەوایەتیی گەلان داناوە و رووسیە، یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو نییە کە پاڵپشتیی پەیمانی وەرشۆی لە پشت بێت، بۆیە کاتێک دەگاتە ئاستێکی باریک پاڵپشتی خۆی لە وڵاتانی هاوپەیمانی دەپسێنێت.

رووسیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی پشتگری ئەم وڵاتانەی کردووە، کاتێک بەرژەوەندی دەکەوێتە مەترسییەوە هەڵوێست دەگۆڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا وەک تاکە زلهێزێک سەرکردایەتیی پەیمانی ناتۆ دەکات و دۆستی تورکیایە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئێران وەک وڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرقافڵەی تیرۆریزمی جیهانی هەم لە نێوخۆ و هەم لەنێو بیروڕای گشتیی جیهاندا پێگەی خۆی لە دەست داوە و مەبەستی لە دژایەتی کردنی دامەزراندنی سپەری مووشەکی لە تورکیە بەرنگاری لە سووریە نییە، بەڵکوو ترس لە گۆڕانکارییەکانی دوای ئەو شەڕەیە کە بێگومان ئێرانیش دەگرێتەوە.

وڵاتی ئێران کە هەم لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و هەم لە بواری ماڵی و کۆمەڵایەتییەوە بەرەو رووی قەیرانێکی گەورە بووەتەوە و گەمارۆ ئابوورییەکان پشتی چەماندووە، نرخی تمەنی ئێران لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی ٣٠٠٠ تمەنی تێپەڕندووە بە چە فاکتۆر و هێزێک هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕی سێهەمی جیهانی دەکات؟ ئایا حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان دەتوانن لە هاوکێشەکانی شەڕی سێهەمی جیهانیدا یاریدەری ئێران بن؟

بە سرنجدان بە بارودۆخی ناوچەکە دەتوانین بڵێین کە تورکیا کە پاڵپشتی ئەمریکا و ناتۆی لەگەڵ دایە لە ناوچەکەدا بەهێزترە و هەر وەک رابردوو نیشانی داوە دەوڵەتانی دیکتاتۆر بەرەو داڕمان دەڕۆن لە بەرانبەر دێمۆکراسیدا خۆڕاناگرن و

ئێرانیش وەکوو وڵاتێکی پێشلکەری مافی مرۆڤ و سەردەمداری تیرۆریزمی جیهانی لە بەرانبەر ئیرادەی گەلانی ئێران خۆ راناگرێت و بیروڕای گشتی لەگەڵ گۆڕانکاری لە سیستەمی توتالیتێری ئێران بۆ دێمۆکراسی و ئازادییە.

**٢٧ی بەفرانباری ٢٧١٢**

## گۆڕانکاری لەسیستمی داهاتووی ئێران، فیدراڵیزم یان سەربەخۆیی

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، مێژووی سیاسی، جوغرافیایی، کۆمەڵایەتی، کولتوری هەر کام لەنەتەوەکانی ئێران، فاکتەرێکی حاشا هەڵنەگرەبۆ سەلماندنی ئەم راستییەو جیاوازی هەرکام لەنەتەوەکان لەیەکتر.

سیستمە پاوانخواز و دیکتاتۆرەکان لە ئیمپراتۆرییەوە بگرە هەتا سیستم ەپاشایەتی و بەناو کۆمارییەکان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست میکانیزمی پێکەوەبوونی نەتەوەکان بۆ حاکمیەت و خۆ سەپاندن بەسەر ئەم نەتەوانەدایە.

مۆنتیسکیۆ فەیلەسووفی بەناوبانگ دەڵێ : دەوڵەتە گەورەکان دەبێ لەنێوان دوو چەمکی ستەمگەری یان فدراڵیزم یەکیان هەڵبژێرن، لەبەر ئەوەی کەدوو سیستەمی سیاسی دژ بەیەکن کەجیاوازی نیوان دێمۆکراسی لەسیستەمی فیدراڵ و دیکتاتۆری پاوانخواز لەسیستەمی تۆتالیتری دەستنیشان دەکرێت.

نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێران پاش شەڕی چالدران و دابەشکرانی کورد لەنیوان دوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی بەردەوام بۆ سەربەخۆیی و گەیشتن بەمافی چارەی خۆ نووسین خەباتی کردووە.

فاکتەرە جۆراوجۆرەکان وەک فەقری مادی، نەبوونی رێگای ئاو و هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی کۆسپی سەر رێگای گەیشتن بەسەربەخۆیی کورد بوون و لەم دەرفەتانەدا سیستەمی سیاسی واتە رێژیمی دیکتاتۆری لە ئێران دەبێتەمیکانیزمی سەرەکیی بۆ بەهێز کردنی نەتەوەیەک وەک فارس و لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک خوێندن و نووسین بە زمانی فارسی و پاڵپشتیکردنی ئەم زمانە و پەراوێز خستنی زمانەکانی دیکەو تەنانەت بەرگری و کۆسپ دانان بۆ خوێندن و نووسین بەزمانی نەتەوەکانی دیکەوە گرینگترین میکانیزم بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتی فارسەکان لەئێران دا بووە.

فدراڵیزم سیستەمی هەنووکەیی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی ئێران خراوەتەبەر باس سیستمێکە کە هەڵگری ئەگەری لەناوبردنی ستەمگەری و بەرقەرار کردنی دێموکرات و پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤەو سیستەمێکە کە کۆمەڵێک یەکەی سیاسی سەربەخۆ لە سنووری دەوڵەتێک دا پێکەوەکۆ دەبنەوەو قورسایی سەرەکی ئەم سیستمەلەسەر رێکخستنی ئەم پەیوەندیانەدروست دەبێت کەبەشەجیاوازەکانی دەوڵەتێک لەسەر ناوەندی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە پێکەوەگرێ ئەدات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە گرینگترین بابەتی فیدراڵیزم بکەین کە دەتوانین فاکتەری سەرەکی بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی نەتەوەکان بێت، ئەویش دابەشکردنی سەروەرییە. واتە سیادە کەلەنێوان دەوڵەتانی ناوەندی و دەوڵەتە هەرێمیەکان لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا دروست دەبن. دەوڵەتی ناوەندیی خاوەنی هەموو سەروەرییەک نیە، سەروەری لە نیوان کۆمەڵێک دەوڵەت کە ئەوانیش خۆیان خاوەنی سەروەرین کە لەڕووی دەستوورییەوەهیچ یەک لەدەوڵەتەهەرێمەکان لە دەسەڵاتەکانی دیکەکەمتر نابێت، جگەلە ئەو دەسەڵاتەیاساییانەکەبۆ دەوڵەتی ناوەندی بۆ هاوئاهەنگی نێوان هەرێمەکان یان پەیوەندییەنێو نەتەوەیەکان و ... هتد دیاری کراون.
کەوابوو لەسیستەمی فیدراڵی دا هەم دەسەڵاتە ناوەندی و هەم دەسەڵاتە هەرێمییەکان یاساین و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە و بەدەنگی خەڵک ڕێکخراون، ئەمە بۆ خۆی یەکێک لەڕێگا سەرەکییەکانی دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییە.

ئەمەدابەشکرندنی سەروەرییەلەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتەهەرێمییەکاندا پرەنسیپێکی سیاسییەکە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان لە حکومەتەفیدرالی و دێموکراسییەکان جیا دەکاتەوە.

بە پێی پرەنسیپی دابەشکردنی سەروەری هەرێمەکان لەبواری ئیداری و بەڕێوەبەرییەوەسەربەخۆ دەبن و بەشێوەیەکی یاسایی کەسایەتی خۆیان وەردەگرن و بڕیاری بەڕێوەبەری و چۆنێتی پێڕاگەیشتنی هەرێمەکان لەسەلاحیەتی خۆیان دەبێ.ئەم شێوەبەڕێوەبەرییەهەم بڕۆکراسی ئیداری کەم دەکاتەوەو دەبێتەهۆی ئەوەی کەخەڵکی هەرێمەکان لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان بەشدار بن و هەم لەبواری سیاسی، جوغرافیایی، فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی دەتوانێ بووژانەوەبەخۆیەوەببینێت و بەشێوەیەکی نسبی بەشێک لەمافی خۆیان وەردەگرن.

ئەمەبۆ خۆی گەورەترین کۆسپە بۆ پاوانخواز بەتایبەتی بەشێک لە فارسە رادیکاڵەکان. ئەوان بە درێژایی مێژوو وا فێربوون کە دەبێ دەسەڵاتی یەکەم بن، سەروەری و سیادەی هەمووان بەدەستی ئەوان بێت.هەر بۆیەکاتێک باسی فیدرالیزم دەکرێ لەجێی خۆ هەڵدەبەزنەوە، پەلاماری نەتەوەکانی ئێران دەدەن و باس لەیەکپارچەیی ئێران دەکەن وەک ئەوەی ئێران تەنیا هی فارسەکان بێت و نەتەوەکانی دیکەی بەزۆر ئێرانی کراو مافی بڕیار دان و داکۆکی لەسەر داخوازەکانی خۆیان نەبێت.

لەیەک مانگی رابردوودا چەندین کۆبوونەوەلەلایەن فارسەکانەوەگیراوەکەبەبێ هۆکار دژایەتیان لەگەڵ سیستەمی فیدرالیزم کرد و وایان گەیاندووە کە فیدراڵیزم سەرەتای دابەشبوونی ئێرانە. کاتێک ئێوەلەلوسانجلێس و هەندەران تۆزی خەباتتان لێ نەنیشتووەو تەنیا لەرێگەی ڕاگەیاندنەوەبۆ سەربەخۆیی ئێران دەگەڕێن، ئێمەوەک گەلی کورد لەکوردستانی ئێران

بەدرێژایی ٧ دەیەی رابردوو بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو سیستەمە پاشایەتی و دەرەبەگایەتییە کە ئێوە دەتانهەوێ جارێکی دیکەبەسەر نەتەوەکانی ئێراندا بیسەپێنن خەباتی خوێناویمان کردووەوا وێدەچێ بەسوێند و قورئانمان بۆ یەکیەتی نەتەوەکانی ئێران باوەر نەکەن دەتانهەوێ سیستەمی داهاتووی ئێران دیسان حکومەتی پاشایەتی یان بەناو کۆماری دیکتاتۆری بێت کەلەگەڵ خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد لە کوردستان یەک ناگرێتەوە.

سەربەخۆیی مافی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەکانی ئێرانەو ئەگەر برواتان بەئازادی بەیان و بیر و قەڵەم هەیە، نەتەوەکانی ئێران دەبێ ئازادانەمافی چارەی خۆیان دیاری بکەن.کێ ئەو مافەی بەئێوەداوە لەدوورەوەدیاریکەری مافی چارەنووسی گەلانی ئێران بن؟

خەباتی ئێمەخەباتێکی رەوایەخەبات بۆ ئازادی و رزگاری و مافی چارەی خۆ نووسین و رێگا نادەین کەفەیمی گەلەکەمان بن. فیدرالیزم کەمترین مافی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێرانە، وشەی ئازادی چەمکی رەهایەو ناتوانێ سیستمی سیاسی بێت. ئەم شیوەباس و راوێژەوەبیرهێنەرەوەی سەرەتای راپەرینی گەلانی ئێرانەکەلەناکاودا ئەو جەواشەکارییەلێ شین بوو کەنزیک بە34 ساڵەبەدەستیەوەدەناڵێنین.

لەکۆتاییدا سەربەخۆیی مافی هەموو نەتەوەکانە، ئەگەر لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران وەها هەڵسوکەوتی سیاسی بکرێ لەوانەیە، دابەشبوونی ئێران بۆ ئێوەنیگەرانی بەدواوەبێت.

ئیستراتیژی کورد ئازادی و دیموکراسی و گەیشتن بەمافی نەتەوایەتییە، پاراستنی سەربەخۆیی ئێران کاتێک بۆ ئێمە پیرۆزەکەلەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەمافەنەتەوەییەکانی خۆمان بگەین.

۲۱ی رێبەندانی ۲۷۱۲

## ئێمە و کیمیابارانی هەڵەبجە

خەبات و بەربەرەکانێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێران دا پڕ لەتەنگ و چەڵەمەو رووداوی ناخۆش و خوێن و قوربانیدانە. باس لەسەرکردنی هەرکام لەو رواداوانەی قۆناغەکانی خەبات، تەنیا لەرێگەی نووسینی بیرەوەرییەکانەوەدەکرێ مافی خۆی پێ بدرێ.

مەرگەساتی هەڵەبجەیەکێک لەو رووداوانەیەکەلەساڵەکانی ٦٦ی هەتاوی بەرۆکی حیزبی ئێمەی لەهەورامان گرت کەزۆرجار ئەم رووداوەباس کراوەو هێندێک کەسیش لەوانەیەلەنزیکەوەلەرەوتی ئەو رووداوەتاڵەدا بەشداربووبن کەکەم و کورت باسیان لەسەر کردبێت، کەسانێکیش بوون کەفقەت لەجەرگەی ئەم مەرگەساتەدا نەبوون بەڵام باسیان لەسەر کردووەو نووسیویانە، هەڵبەت مافی هەر تاکێکی ئەم جیهانەیەکەبۆچوون و نەزەری خۆی لەسەر هەر رووداو یان بابەتێک بڵاو بکاتەوە، بەڵام بێ گومان وردترین نووسین هی ئەو کەسانەیەکەشارەزای رووداوەکانن.

لێرەدا ناچمەسەر وردەکارییەکانی ئەم کارەساتەتاڵە، لەبەر ئەوەی زۆر لەق و پۆپ و کێشەی لێ دروست دەبێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەرگەساتی هەڵەبجەدا دەورێکی سەرەکی گێڕا، چونکوو هێرشی ئەو رژێمەبووەهۆی کاردانەوەی رێژیمی عێراق و کیمیایی باران کردنی ئەو شارە.

لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران تا ساڵی ٦٦ی هەتاوی شاری نەوسوود و دەوروبەری وەک ناوچەیەکی رزگارکراو لەژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بوون و بەدەستی ئەو حیزبەئیدارەدەکرا و بەڕێوەدەچوو.

هێزی پێشمەرگەی شاهۆی حیزبی دێموکرات پارێزگاری لەم شارەدەکرد و دەیان پەلاماری دڕندانەی ئەو رژێمەیان بۆ داگیرکردنی ئەو شارەی پووچەڵکردەوە.

نامهەوێ باسی چەندی و چۆنی قارەمانی هێزی شاهۆی هەورامانی حیزبی دێموکرات بکەم، هیزەکانی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ناوچەکەشاهیدی بەرخۆدانی قارەمانانەی ئەو پێشمەرگانەو تێکشکان و داگیرکەرانی کوردستان تا ساڵی ٦٦

لەناوچەی هەورامانن.

لەروانگەی ئێمەوەهەر وەک ئەو کاتیش خوێندنەوەی لەسەر بوو، بەشێک لەهێرشی رژێم بۆ سەر شاری هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ تێکدانی بارەگا و بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەکانی رابردووی رژێم لەو ناوچە یەدا بۆ داگیر کردنی ئەو ناوچەیە سەرکەوتوو نەبوو.

لەلایەکی دیکەوەناوچەی هەورامان و شارەزوور بەتایبەتی شاری هەڵەبجەلانکەی شۆڕش و راپەڕین و بەربەرەکانێ دژی رژێمی بەعسی فاشیست بوو کەئە حزابی کوردستانی عێراق لەو ناوچەیەدا زۆر چالاک و تێکۆشەر بوون بەتایبەت لەسنووری ئێمەیەکیەتیی نیشتمانی دەوری تایبەتی هەبوو کەپەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ هێزی هەورامانی ئەوان بوو.

ئێمەئاگاداری جموجۆڵەکانی هێزەکانی رژێم لەسنووری نەوسوود وشارەزوور بووین، لەبەر ئەوەهێزەکانی ئێمەلەسنوورێکی بەربڵاودا لەرێژاو تا هانەگەرمەڵەجێگیر ببون و ئاگاداری هەرچەشنەجموجۆڵێکی هێزەکانی رێژیم بووین.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی لەرێگای دۆستانی هەر دوولاوەراسپاردەی بۆ ئێمەدەنارد کەئێمەلەهێرش و پەلاماری خۆمان بۆ سەر هەڵەبجەسنووری حیزبی دێموکرات دەپاریزین و چەندین شەرت و مەرجیان بۆ ئێمەدانا بەڵام ئێمەلەوڵامی ئەم راسپاردانەدا رامانگەیاند، مەبەستی سەرەکی پەلاماری رێژیم بۆ سەر شاری هەڵەبجەلەروانگەی ئێمەوەیەکەم پەلامارەبۆ سەر بنکەو بارەگاکانی ئێمەو قەوڵ و بەڵێنی ئەوان بۆ ئێمەجێگای باوەڕ نییەو لەلایەکی دیکەوەئامادەکارای هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنووری شاری هەڵەبجەروون و ئاشکرا بوو.

لەبەرچاوی هێزەکانی سوپای عێراق خەریکی کێشانی جاددەلەسنووری ئەحمەد ئاوا و لێدانی پرد لەسەر ئاوی سیروان لەسازان بوون.

هێزەکانی حکومەتی عێراق هیچ کاردانەوەیەکیان بۆ ئەم هەڵسوکەوتەنەبوو.

زۆرتر وا وێدەچوو کەپێکەوەبۆ ئەم کارەساتەدڵتەزێنەهاوکارییان کردبێ.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا یەکەمین پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەپێش هێرش بۆ سەر هێزەکانی عێراق لەرێکەوتی

٢٢ - ١٢ - ٦٦ لەبەرزاییەکانی ئاوەزنێ و هەوارەبەرزە، هێرش کرایەسەر بنکەو سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات.بەهۆی ئامادەبوونی هێزەکانی ئێمەیەکەم پەلاماریان وا تێک شکێندرا کەبیرمان لێ نەکردەوەجارێکی دیکەروو لەو سەنگەرانەبکەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی گیانی رۆڵەکانی بۆ گرینگ نیەو ئەوەی کەبۆ ئەو گرینگەگەیستن بەمەبەست و ویستەکانیەتی ، بەگشتی پاش دوو جاری دیکەهێرش و پەلاماری هیزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەو سەنگەرەکانی هێزی شاهۆ و زاگرۆسی حیزبی دێموکرات گورزێکی وا کورچبڕیان لێ وەشاندن و تێکیان شکاندن کەجارێکی دیکەلەو سنوورەوەنەگەڕانەوە.

ئەوەی کەبۆ ئێمەجێگای بیرکردنەوەنەبوو تێکشکانی سپای عێراق لەماوەیەکی کورت و گەیشتنی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و سوپای پاسداران بۆ قولای شارەزوور و تەقاندنەوەی پردی زەڵم لەسەر رێگای سەرەکەی سلێمانی بۆ شارەزوور بوو. لەراستیدا هەموو رێگاکانی وشکایی پەیوەندی نێوان سلێمانی و شارەزووری پچراند و بەتەواوی ئەو ناوچەیەکەوتەژێر دەسەڵاتی هێزی پەلاماردەرەوە.

ئەو کارەبووەهۆی ئەوەی کەدەورووبەری هەڵەبجەو شارەزوور بکەوێتەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی و کیمیا بارانی هەڵەبجەلەلایەن رێژیمی عێراقەوەدەستی پێکرد.

ئێمەهێزەکانی خۆمان لەسازان و هانەگەرمەڵەو هەروەها هێزی ١١٠ی بەیان و مەڵبەندی 2 لەهانەگەرمەلەجێگیر بوون ئاگادار کردەوەو لەشاری عەنەب یەکمان گرت.هێزی زاگرۆس لەگەڵ هێزی شاهۆ لەنەوسوود و دەورووبەریدا لەتێکشکاندنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەورێکی بەرچاویان گێڕا.

جێگای ئاماژەپێکردنەکەلەسنووری هەورامان تەنیا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات جێگیر بوون.

ئێمەهێزەکانی خۆمان لەماوەیەکی کورت دا لەگوندی عەنەب کۆکردەوە. لەگەڵ ئەوەش هێزێکی کۆمەلەلەشارەدێی بیارەی کوردستانی عێراق بوو ئاگادارمان کردن کەدەتوانن بەهێزەکانی ئێمەپەیوەست بن بەڵام بەداخەوەنەهاتن و تەنیا چەند کەسێکیان لەگەڵ هێزەکانی ئێمە پێوەندییان گرت و هەتا کاتی دەربازون لەگەڵمان بوون.

پاش کیمیاباران پەیوەندیمان بەدەفتەری سیاسییەوەکرد ، چەند کەس لەئەندامانی رێبەری کەلەناوچە کەبەرپرسایەتیان هەبو لەگەڵ بەرپرسانی ئەو دەوەرەکۆبوونەوەو رێگاچارەیەکیان بۆ چۆنێتی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم رووداوەتاووتوێ کرد و

کارەکان دابەش کرا و بەرنامەبۆ چۆنێتی دەربــازبوونی هێزەکەمان دانرا.ئـەم جەریانـەنزیک بـە5 رۆژی خایانـد و زۆر شت رویان دا کە پێویست بەوەناکا لێرەدا باسیان بکەین.

سـەرەتا بیرمـان لـەتەداروکاتی رێگـا و مانـەوەی خۆمـان تـا دەربـازبوون کـردەوە. هێنـدێک ئازوقـەو پێخورمـان لەئـەنباری بنکـەکانی کۆمیتـەی هـەورامان دانـابوو کەکـەڵکمان لـێ وەردەگرت،هێزەکـانی سپاسـی پاسـداران هـەموو ناوچەکـەیان داگیـر کردبوو.

بەئامارێک کەلەبیرم ماوەزیاتر لە ٨٠٠ کەس ئامادەی دەربـاز بـوون لـەو وەزعەناخۆشەبووین .هنـدێک ئاژەڵمـان سـەربڕی و هێندێک کولێرەیان دروست کرد و وەک تووشەی رێگا لەنێوان هەموو دابەشمان کرد و بەرەوەمسیری ئەحمەدئاوا و میری سوور بەڕێ کەوتین.

سەفێکی دوور و درێژ و ئاو و باران و بەفر و هەروەها بۆنی ناخۆشی کیمیاباران کۆسپی گەورەی سەر رێگای ئێمەبوون.

ئێوارەی پێش لەبەرێکەوتن هەلیکۆپتری شناسایی سپاسی پاسداران لەسەر جێگـای مانـەوەی ئێمەمانۆڕیان دەدا،ئەگـەر ئـەو ئێوارەیــەوەڕێ نەکەوتایــەین لەگــەڵیان دەرگیــر دەبــووین. رێپێــوانێکی دوور و درێژمــان کــرد و زیــاتر لــە19 کــاتژمێر بـەرێوەبووین. ئەوەلـەحالێک دا بـوو کەلـەخورماڵ تاگەیشـتین بەشـانەدەر لـەناو ئـاوری تۆپبـارانی ئێـران و عێـراق چەنـد کەسێکمان بریندار بوون.

ناکرێ باس لەدەربازبوونمان لەخورماڵ نەکەم کەبەسەر تەرمی شەهیدانی ئەو دەوەرەدا لەگەڵ ئـاژەڵ و پەلـەوەرەکانی ئـەو ناوچەیـەدا تێدەپـەڕین و زینـدەوەرەێک بـەرچاو نەدەکەوت.لـەوێ بیـری چەنـد سـاڵ پێشتر کـەوتم کەشـەوێک کـاتژمێر 3ی سـەرلەبەیانی لـەبناری ئەحمـەدئاوا و لەگـەڵ چەنـد هـاوڕێم بـەرەو هانەگەرمەڵەبـەرێوەبوین کـەدەنگی باڵەنـدەکان سـەر لەبەیانی چەندەدڵگیر و هەست بزوێن بوو.

لەدرێژەی رێگامان دا لەنزیک میری سوور کۆمەڵێک پاسدار هاتنەسـەر رێگامـان و داوایـان کـرد خۆمـان بناسـێنین و ئێمـەش گوتمان هێزی یەکیەتین و دەچین بۆمیری سوورە بۆ هاوکاری هێزەکانی دیکەمان . پێشترئاگادار بووین کەلەمیری سوور شەڕ بەردەوامەو هێزی ئۆپۆزیسیۆن لەوێدا دەرگیرن و بەتایبەت هێزی یەکیەتی کەلەو ناوچەیەدا جێگیر بوون.

لـەنزیک میـری سـوور بـەرەو شـانەدەرێ، کەوتینـەداوی گۆڕەپـانی مینێکـی بـەرین و چـڕ و پـڕ بـەلام ، بەئازایـەتی پێشمەرگەکانمان ڕێگایان پاک کردەوەو دەربازبووین.

هێزێکی زۆر و سەفێکی دوور و درێژ پێشمەرگەبۆ هێزەکانی عێراق کەلەنزیک سنووری سەید سادق جێگای باوەڕ نەبوو و لەبەر ئەوە هیچ هێزێک یان خەڵکی ئاسایی لەهەڵەبجەدەرباز نەبوو یان خۆی تەحویلی ئێران دا و یان شەهید بوون، هەر بۆیەبەرپرسانی پەیوەندیی ئێمەلەگەل کاربەدەستانی عێراق پەیوەندییان گرت ونزیکەوە بەپیرائی مانەوەهاتوون بەو حاڵەش ئەرتەشی عێراق جێگای باوەڕ نەبوو ئەو هێزەچەکدارەلەو کارەساتەو شەڕ و کێشەیەدەرباز بێت بەهەلیکۆپترێک و هێزێکـی زۆر گـەمارۆیان دایـن و تەنانـەت پێشـمەرگەیەکی ئێمەلـەنزیک بنکـەکانی سـوپای عێـراق بـەهۆی گـەمـارۆی هێزەنیزامییەکانی عێراقەوەکەوتەسەر مەیدانی مین و لاقێکی لەدەست دا.

لەساڵیادی ئەم کارەساتەمەرگبارەیادی فەرماندەی شەهیدی حیزبەکەمان کاک عیزەت ئەحمەدی و 2 پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی سعدی شبزندی و مەحمود گەلێنی کەلەبەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی رژێمی ئاخوندی شەهید بوون ڕێز دەگرین.

هەروەها هاوکاری کۆمەڵێک لەکادرەکانی ئەحزابی کودستانی باشوور لەکاتی دەربازبوونی ئێمەجێگای پێزانینە.
دەبێ ئاماژەبـەدەور و نەقشی کۆماری ئیسلامی کەخوڵقێنـەری ئـەو مەرگەساتەبوو بکەین کەکۆمەڵێک ئیمکانـاتی پێشگری لەچەکی کیمیایی لەپێش ئامادەکراوی بۆ هێزەداگیرکەرەکانی خۆی دابین کرد بوو بەو چەشنەبەخەیاڵی راحەت پاسدارەکان کەوتنەتالانی ماڵ و سەروەت و سامانی خەڵک و تەنانەت رەحمیان بەتەرمی ژنەکان نەکرد پاشان خۆیان کردەقارەمانی رزگـاری دەری کـورد و هەڵەبجـەو لـەناو بیـر و رای گشـتی و بەتایبـەت کوردەئـاوارەو کیمیابارانکراوەکـانی هەڵەبجەبوونـە بەفرشتەی رزگاری دەری لێ قۆماوان و پارێزەری مافی مرۆڤ.

لەسـاڵیادی کیمیابـارانی شـاری هەڵەبجـەو دەورووبـەری سڵاو دەنێـرم بـۆ گیـانی پـاکی هـەموو ئـەو شـەهیدانەی کەلـەو ژینۆسایدەدا بوونەقوربانی سیاسەت و پاوانخوازی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و بەخوێن و قوربانی دانی ئەوان جارێکی دیکەشووناسی کورد لەهەموو جیهان کەوتەسەر زاران و هەڵەبجەبوو بەهێمای گەڵێکی چەوساوەو پڕ مەینەت و نەتەوەیەکی زوڵملێکراو.

۲۲ی رەشەمەی ۲۷۱۲

## لە پەراوێزی وتارەکەی بەڕێز کاک "مستەفا هیجری" دا

لێکدانەوەی بەڕێزیان لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆمارەوە تاکوو ئێستا جێگای دەستخۆشییە و زۆر بە وردبینییەوە چووەتەناوەڕۆکی دۆخی ئێستای رێژیم بەتایبەتی دانووستانەکانی رێژیم بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانی گەمارۆ ئابوورییەکان و هەروەها درێژکرنەوەی پرۆسەی گشتی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و تەنانەت بۆ خۆدەربازکردنیش جامی زەهرەکە بە رووحانی بخواتەوە لە ئارا دایە.

بێگومان سپای پاسدارانیش وەک یەکێک لە هاوکێشە بەهێزەکانی پێکهاتەی رێژیم لەگەڵ چۆنیەتیی پێکەوەسازان و سات و سەودای کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسایی کرنەوەی بارودۆخی رێژیم لەگەڵ بۆچوونەکانی رووحانییەوە یەک ناگرنەوە. وەک چۆن بینیمان لە رۆژانی رابردوودا فەرماندەی گشتیی بەسیج محەممەد رەزا نەقدی لە پێوەندی لەگەڵ لابردنی گەمارۆکان هەڕەشەی لە نزیک بوونەوەی ئێران لەگەڵ ئامریکا و رۆژئاوا کرد و رایگەیاند لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونی کۆماری ئیسلامیدا هاوتەبا نییەو یەک ناگرێ.

جێگای ئاماژەیە کردەوەکانی ئەم رێژیمە لە دوای هاتنە سەر کاری رووحانی نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە کردەوەکانی و بیر و بۆچوونی ئەم رێژیمەدا پێک نەهاتووە.

قسەکە لێرە دایە ئێمە وەک یەکێک لە حیزبەکانی ئوپۆزسیۆنی ئێرانی و کۆنترین حیزبی کوردستانی بە رابردوویەکی پڕ لە شانازییەوە لە قۆناغە جۆراوجۆر و دژوارەکانی خەبات، رەورەوەی شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانمان بە دەستەوە بوو و هەنووکەش لەو پێوەندییەدا ئەرکی پیرۆزی خۆمان بەڕێوە دەبەین.
بۆچوون و را و سرنجی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان رێگا خۆشکەرە بۆ درێژەدانی خەبات و پێشاندەرە بۆ چۆنیەتیی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمنانی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی.

حیزبی ئێمە وەک نێشانی داوە دەبێ لە ریزی پێشەوەی خەبات بۆ چونیەتی بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیم رێوشوێنەکان نیشان بدا و گەلی کوردیش وەک هەتا ئێستا سەلماندوویەتی لە پشتگیری و هاوکاری حیزبی خۆی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێغیی نەکردووە.

لە وتارەکەی بەڕێزیاندا ئاماژە بە یەکیەتی ریزەکانی گەلانی ئێران کراوە بۆ ئەوەی بتوانین بە پاڵپشتی یەکتر دینامیزمێکی بەهێز بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو رێژیمە بدۆزینەوە. بێ گومان یەکیەتیی حیزبە کوردییەکان و حیزبە سەرانسەرییەکان دەتوانێ هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ یەکیەتیی گەلانی ئێران و حیزبی ئێمەش لەو پێوەندییەدا گەلێک هەنگاوی هەڵگرتووە و پێویستە زیاتر بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە ببینێت.

بە کورتی وەک لە دەرئەنجامی نووسینی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە، یەکریزی و تەبایی گەلانی ئێران و هاتنە مەیدانی ئەوان دەتوانین رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێکەوە پێچین. پێویستە حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان وەک ئاڵاهەڵگری ئەو رەوتە لە مەیدانی کردەوەدا رێبەرایەتی ئەم جووڵانەوە بکەن هەتا لە ئەگەری هاتنە ئارای گۆڕانکاریدا وەک شۆڕشی ٥٧ بێ ناسنامە نەمێنێتەوە و \'\'خومەینی\'\'یەکی دیکەی لێ بە خاوەن نەبێت.

٢٣ی رەزبەری ٢٧١٣

---

## ئایا کۆماری ئیسلامی دۆستی کورد و دژی تیرۆریزمە؟

دوابەدوای روخانی رێژیمی پاشایەتی لەئێران و هەوڵی گەلانی ئێران بۆ ئازادی و دێموکراسی، خومەینی و داروودەستەکەی بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک دروشمی بێنێوەرۆک و باوەڕی ئایینی خەڵکی ئێران بەتایبەت مەزهەبی شیعە، سیستمێکی تۆتالیتەری دژی مرۆڤی بە سەر خەڵکی ئێرانیانداسەپاند.

بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لەناوخۆی ئێران سپای پاسداران و بەسیج و لەناوچە کۆمەڵێک دەستوپەیوەندی تیرۆریستی وەکوو حەماس و حیزبوڵڵای دامەزراند بەو چەشنە و هەوێنی پەرەپێدانی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی پێک هێنا. تەنانەت هاوکاری و بارهێنانی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی ناوچەکەشی بەمەبەستی نائارام کردنی ناوچەکە بە پارەی خەڵکی ئێران رێک خست و بە ئەستۆ گرت.

هەموان باش دەزانن بەهاتنە سەرکاری رێژیمی ویلایەتی فەقێ، تیرۆریزم لە جیهان پەرەی سەند و بووە کۆسپ بۆ ئازادی و پێکەوەژیانی گەلان و بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی ناوچەکەی تێکدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەساڵی ٥٨ کۆمەڵکوژی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد و ئەوەی کە ئێستا داعش لە دژی کوردستانی باشوور و عەرەبە شیعەکان و ئێزیدی و مەسیحییەکان لە عیراق و سوریا بەڕێوە بردووە و بەڕێوە دەبا .

کۆماری ئیسلامی لەشەڕەکانی سنە، نەغەدە، قاڕنا و قەڵاتان و پاوە دەستی پێکرد و خەڵخاڵی وەک جەلاد رۆژانە بەبێ لێپرسینەوە فەرمانی ئێعدامی دەیان کەسی دەر دەکەرد و بەر رەگباری داعشەکان دەدران.

داعشی ئێران یانی کۆماری ئیسلامی لەسالی ٥٨ وە دەستی بە کۆمەڵکوژی کرد و رۆژانە خەڵکی بێ تاوانی ئێران بەتایبەتی لەکوردستان و بەلوچێستان بە هۆی جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە لەسێدارە دەدرێن.

ئایا بیروڕای گشت جیهان لەداعشەکانی ئێران پرسیار دەکا لەساڵی ٥٨ هەتا ئێستا بۆ ئینقلاب لەئێران کۆتایی پێ نەهات و سیتەم سەقامگیر نەبوو؟ رێژیمی دیکتاتۆری بە زەبر و زەنگ و تیرۆر و تۆقاندن وەک میکانیزمێک بۆ پارێزگاری لە

ئینقلاب کەڵک وەر دەگرێ و مانەوەی ئەو سیستمە لە وشەی ئینقلابدا دەبینێ و بەم چەشنە سەرکوت درێژەی هەیە.

ئایا پرسیار دەکەن زینندانیانی ساڵی ٦٧ لە زیندانەکان بۆ بەکۆمەڵ ئێعدام کران؟ ئایا پرسیار دەکەن لەساڵی ٨٨ کۆمەڵێک رووناکبیر بەشێوەیەکی مەدەنی هاتنە سەر شەقام و داوای بەدواداچوون بە دەنگە دزراوەکانی خۆیان کرد داعشەکان چۆن سەرکوت و سەر بەنیستیان کردن؟

ئایا پرسیار دەکەن ٥٩ لاوی بێ تاوانی مەهابادی لە ساڵی ٦٢ پێکەوە بەکۆمەڵ بۆ ئێعدام کران؟ پرسیار ئەوەیە کە هەنووکە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیستەمێکی دێمۆکرات و ئازادیخواز دێتە کوردستانی باشوور و گۆیا لەشەڕی داعش یارمەتیدەری کوردە ودژی تیرۆریزم شەڕ دەکا، کۆماری ئیسلامی ئەگەر مرۆڤ دۆستە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران جگە لە داخواز بۆ مافی نەتەوایەتی مەگەر تاوانێکی دیکەی هەیە.

هێزی پێشمەرگەی رۆژهەلات وەک پارێزگاری لەخاک و نەتەوە ئامادە بوون هاوکاری و هاوخەباتی براکانی خۆیان لە باشوور بکەن، داوای هاوکاری لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کرا و حیزبی دێمۆکرات بەدڵێکی ئاوەڵا و بەزووترین کات هیزی خۆی رەوانەی بەرەکانی شەڕ کرد بۆ کۆماری ئیسلامی جێگای سەر سووڕمان بوو کە چەندین ساڵە لەریگای دەزگا ئەمنیەتییەکان و پروپاگەندەکانیەوە رایگەیاندووە کە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان نەماوە، کەچی هیزی پۆشتە و پەرداخی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەکەمتر لە ٦ کاتژمێر لەبەرەکانی شەڕ ئامادە دەبێت.

ئەو هەڵوێستە بەکردەوەی حیزبی دێمۆکرات دیمەنی دزێوی پڕ لەشەرم و شوورەیی کۆماری ئیسلامی لەناو بیروڕای گشتی خستە روو کە هەموو هەڵس و کەوتەکانی بەناوی یارمەتی کوردستانی باشوور بۆ سەرکوت و سەرپۆش دانان لەسەر مافی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی رۆژهەلاتە.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بەشداریکردنی لەشەڕی داعش سەرەڕای ئەوە بۆ بەرگری لەبەشداری نەکردنی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات لەشەڕی دژی داعش بوو ، لەلایەکی دیکەوە شەڕی داعش مەترسی بۆ سنوورەکانی خۆیان دروست کردبوو. هەر بۆیە ترسی ئەوەیان هەیە ئەو شەڕە بگاتە سنوورەکانی ئێران و ئیدی بۆیان کۆنترۆڵ نەکرێت.

ناکرێ باسی ئەوەش نەکەین هاوکاری کردنیان بۆ هەریمی کوردستان بۆ ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان.

## ئەرکی حیزب و هێزەکانی کوردستانی رۆژهەڵات چیە؟

هەر وەک لەپەلاماری داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە روونی بۆمان دەرکەوت بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر گران تەواو دەبێ جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لەگەڵ تیرۆریزمی دیکە لە بن گوێی خودی رێژیمیش بەر بەرەکانی بکا.

حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەموویان لە نووسین و ئاخاوتن دەڵێن یەک گرین ، بەڵام ئەم یەکگرتنە هەنگاوی بە کردەوەی دەوێ، هێندێ لێبوردن لە بەرژەوەندی حیزبی، کەوابوو باشترین میکانیزمە بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات یەکیەتی و پێکەوەبوونە.مەرج نیە ئەگەر یەکگرتەوەی حیزبەکان سەر نەگرێ ئیدی میکانیزمی دیکە نیە.

لە هەر وڵاتێک چەند حیزب پێکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن و بۆچوونی جیاوازیان هەیە. پلۆرالیزم یەکێک لە لایەنەکانی رێگای دێمۆکراسی لە هەر سیستمێکە.

کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی خۆی هاتە کوردستانی باشوور بەناو شەڕی داعشیان کرد. لەروانگەی بیرورای گشتی جیهانی تاریخی مەسرەفی پروپاگەندی کۆماری ئسیلامی بە چەند پێوانەیەک کە ئاماژەی پێ دەکەم بەسەرچوون و لەراستیدا بەسەر چووە کە بریتین لە سەرەڕای ژێستی دێمۆکراسی، لە بیروڕای گشتی جیهانیدا بە تیرۆریست و تیرۆریست پەروەر ناسراوە و لەبواری ئابووریدا یەکێک لە رێژیمە فاشلەکانی ئەمرۆی جیهانە.

لەبواری سیاسی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دیمەنی ئێرانی وا ناحەز کردووە و لە بیروڕای گشتیدا بێزراوە و و لەناوخۆی ئێران لەبواری کۆمەڵایەتییەوە یەکەمن رێژیمی ناوچەیە کە بۆخۆی پەرەپێدەری فسادی کۆمەڵایەتی لەبوارە جۆراوجۆرەکاندایە.

لەبواری فەرهەنگی و ئاموزش و پێگەیاندن ساڵ لەدوای ساڵ خراپترە و بەربەستی زیاتر دروست دەکا پاش ٣٥ ساڵ هەنووکە باسی ئەوەدەکات کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ لەنێو زانکۆکان قەدەغە بکرێت وهەموو زانکۆ، سینەما شوێنەگشتییەکان لەچوارچێوەی بۆچوونی داعش ئاموزش بدرێن بەرتەسک کردنەوەی بواری راگەیاندن بۆ بەرەو پێش چوونی بەرنامەکانی حکومەتی وەلایەتی فەقی. هەم رێگاکانی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤی بەرتەسک کردووە وەکوو ئێعدام، گرتن و

ئەشکەنجە و هەموو ئەو کەرەستە دژی مرۆڤیانە بۆ سەقامگیری رێژیمەکەی بەکاری دێنێ و ژێستی دێمۆکراسیش دەگرێ.

ئێمە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوە زۆربەرژەوەندی حیزبمان پشت گوێ خستووە، بەڵام ئەگەر لەکوردستانی رۆژهەڵات بەشێوەیەکی زیندوو جووڵانەوەیەکی بەهێز دەست پێبکاتەوە ئەوکات لەراستای بەهێزبوونی بەرژەوەندی کورد لە هەر چوارپارچەری کوردستان تەواو دەبێ.
ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەش کراوە هیچیان دۆستی کورد نین ناکرێ حیسابی دڵسۆزی و بە پەرۆشبوونی کوردیان بۆ بکرێ ، بەڵکوو هەر کامەیان لە چوارچێوە بەرژەوەندی خۆیاندا هاوکاری حیزب و ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی دیکەیان دەکەن.

پەیوەندی هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات خاڵێکی بەهێزە بۆ تاوتێکردن لایەنەکانی خەبات و چۆنێتی بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی.

دەربازبوون لە هەلومەرجی ئێستا و وروژاندنی مەسەلەی ناعداڵەتی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و خاڵە لاوازەکانی رێژیم خەباتێکی هەمە لایەنەی بەدەر لە هەر چەشنە بەرژەوەندییەکی حیزبی وتاکە کەسی ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەوێ بۆ وەدیهێنانی مافی جارەی خۆ نووسین و پێشاندانی روخساری رێژیم بە بیروڕای گشتی بەشێەوەیەکی چالاک لە مەیدانی کردەوەدا. بەو چەشنە دەتوانین کۆدەنگییەکی گشتی بە نیسبەت کوردستانی رۆژهەلات لە پارچەکانی دیکە دروست بکەین و ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتیش لەم هەل و مەرجەی ئێستا دەرباز بکەین.

هەلومەرجی ئێستای خەبات ئیستراتیژییەکی دەوێ کە لەبەرانبەر هەڵوێستە توند و تیژەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و و باروو دۆخی خەلکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستا بەتایبەتی لەلایەکی دیکەوە بگونجێ .
هاو ئاهەنگ کردن و پلان دانانی بەرنامەی تایبەت بەو هەل و مەرجە دەکەوێتە ئەستۆی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات.

لە کۆتاییشدا ئەو وتەیەی دوکتۆر قاسملوو وەبیر دێنمەوە کە هەمیشە دەیوت گەلێک ئازدی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.

١٨ی خەرمانانی ٢٧١٤

## خەباتی چەکداری پەرچەکردارێکە دژی دیکتاتۆری و تیرۆریزمی سەردەم

خەباتی چەکداری، پەرچەکردارێکە لە بەرانبەر رێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان کە بۆ هەرچەشنە خەباتێکی مەدەنی و دێموکراتیک بەربەست دروست دەکەن.

ئامانج لە دەست پێکردنی خەباتی چەکداری، بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیمێکی تۆتالیتێر و دیکتاتۆر بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمە لەمەڕ پێکهێنانی ژیانێکی مەدەنی و مرۆڤ دۆستانە کە مرۆڤەکان تێیدا ئازادانە بژین. ئەو فاکتەرانە کە دەبنە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی دێمۆکراتیک، بریتییە لە: لێک ترازە کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئابوورییەکان لە هەر وڵاتێک کە دەتوانین بڵێین سێ (٣) روکنی سەرەکین بۆ راوەستانی پایەی هەر وڵاتێک.

ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەگەر ئەم سێ فاکتەرە لە وڵاتێک لەرزۆک بوون، دەبێتە هۆی راپەڕین و ناسەقامگیریی ئەو وڵاتە دەکەوێتە ژێر پرسیار. کە وابوو کاتێک لە وڵاتێک لە بوارەکانی ئەمنیەت، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە بیروڕای گشتیی جیهاندا بکەوێتە ژێر پرسیار، دەتوانین ئاماژە بە نیشانەکانی گۆڕانکاریی لەو وڵاتەدا بکەین.
ئێران هەنووکە لەو وڵاتانەیە کە لەو چوار بوارەوە، لە ژێر پرسیار دایە. بەڵام بۆ دیمەنێکی سەقامگیر لە ناوچە لە خۆی نیشان دەدات! بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە فاکتەری سەقامگیری؟ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک داتای تایبەت کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی پێکهێنانی ئیمپراتۆریەکی شیعە مەزهەب و هەوڵی هەمەلایەنەی لەو وڵاتانەی کە پێڕەوانی مەزهەبی شیعەی تێدایە و لە رێگای بە ناو سەفارەت و دەست و پێوەندییەکانیانەوە تێکۆشاوە، ئاڵۆزی و ناڕەزایەتی دروست بکات. هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە رێگای ئاخوند "موعتەشەمی" یەوە حیزبوڵڵای لوبنانی دامەزراند و لەو رێگایەوە توانیی بە کەڵک وەرگرتن لە سەروەت و سامانی وڵات، حەماس و باقی دەست و پێوەندییە تیرۆریستییەکانی دیکە رێک بخات. وەک هەنووکە دەبینین لە وڵاتانی کەنداو و هەروەها یەمەن، عێراق، سووریە. شیعەکانی بە شێوەی چەکداری دژی وڵاتانی خۆیان هان داوە و لەو بوارەدا بە هەموو شێوەیەک پشتگیرییان دەکات بە چەشنێک کە ئێستا بەهاری عەرەبی خەریکە بەرەو زستانی عەرەبی هەنگاو هەڵدەگرێ. کێشەکانی یەمەن، لیبی،

میسر، سوودان، عێراق، سووریە و ... هتد، سەرەکیترین فاکتەری هەرەس هێنانی بەهاری عەرەبین.

کاتێک لە وڵاتانی ناوچە بەو چەشنە کە باس کرا، سەقامگیری لە هەموو بوارەکاندا پەرەی ستاندووە، بەڵام لە ئێرن لە بواری شەڕ و کێشەی چەکداری و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ، لە سۆنگەی وڵاتانی ئورووپاییەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە رواڵەت دەبێ ساحەب قەرار و خاوەن دەسەڵات و سەقامگیر بێ، ئەم بۆچوونە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئوپۆزیسیۆنێکی کارامە و فەعال کە کێشە سەرەکی، ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران بە کردەوە بخاتە روو.

بۆ دانانی پلان بۆ ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە ئوپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی ئێرانییە کە بتوانێ خەباتێکی چەکداریی کارا ڕێک بخات بە شێوەیەک کە ئەم خەباتە کاریگەریی خۆی وەک پاڵپشت بۆ خەباتی مەدەنی نیشان بدا.

لەو باوەڕە دام بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرنامە دانان بۆ هەر چەشنە سەر ئێشەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێران دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و پەرە دەسێنێ. بێ گومان لەگەڵ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێراندا خەبات بە بێ قوربانیدان بە داخەوە ڕێگە پێدراو نییە. کە وابوو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران وەک نوخبەی ئەو وڵاتە پێویستە بە گۆڕانکارییەک کۆمەڵێک داتا بخەمە بەرچاو لەو پێوەندیەدا بڕیار بدەن.

مەرج نییە لە سەرەتاوە دەست بە خەباتی چەکداری بکرێت، پێویستە ڕێکخستنێک لەو پێوەندییەدا ئامادە بکرێ هەتا کۆمەڵانی خەڵک بە پشت بەستنی بەو ڕێکخستنە و هەروەها بەرەنگاربوونەوە لە کاتێک دەست درێژی چەکدارانی ڕێژیم بۆسەر خۆپیشاندەران هەست بە پشتگیری بکەن.

کوردستان و بەلووچستان هەردەم بۆ هەرچەشنە بەرەنگاربوونەوەیەک لەلایەن حیزب و سازمانەکانی خۆیان ڕێک خراون. ئەوەی ماوەتەوە جووڵانەوەیەکی سەرانسەرییە کە پێویستە هەموان قوربانیی بۆ بدەین و ئەوە دەبێتە ڕەمزی سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیدا.

جێی ئاماژەیە جووڵانەوەی ڕۆژئاوای کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی لاوانی بە ئەمەگی کووبانی بە ڕێبەریی حیزبە شۆڕشگێڕەکانیان، ئەوەیان سەلماند کە خۆڕاگری و بەربەرەکانێ لەگەڵ هەرچەشنە سیستمێکی کۆنەپەرست، تیرۆریست و دیکتاتۆر، ئەگەر ئیرادەی خەڵکی لەگەڵ بێت، سەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەی سەلماند بە گوڕ و تینێکی شۆڕشگێڕانەوە لە گۆڕەپانی خەبات دان و هەر دەم ئامادەن و چاوەڕوانی

یەکگرتنی حیزبەکانی کودستانی ڕۆژهەڵاتن. ئەوەی کە جێگای داخە شارەکانی دیکەی ئێران لەو پێوەندییەدا بێ دەنگ بوون لە کاتێکدا کێشەی کووبانی دونیای هەژاند.

درێژەپێدانی ئەو ڕەوتە و هاتنە مەیدانی بە کردەوەی خەڵک لە ڕۆژهەلات وەڵامێک بوو بۆ تیرۆریست و تیرۆریستپەروەران و دەست و پێوەندییەکانیان ئە، کەس و لایەنانە کە پێیان وایە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە.
ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە

۲۱ی ڕەزبەری ۲۷۱٤

# پێشمەرگەی موسڵمان، یان خۆفرۆشانی خۆوڵاتی

لە چەند رۆژی رابردوودا راگەیاندنەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بڵاویان کردەوە کە لە ئۆستانەکانی سنە و کرماشان کۆنگرەیەک دەبەستن لەژێر ناوی کۆنگرەی پێشمەرگەی موسڵمان. بیرۆکەی ناوی پێشمەرگەی موسڵمان لە کوێڕا هاتووە و ئامانجی رێژیم لەم هەوڵە چەواشەکارانەیە چییە؟

ئەم بابەتە جیا لەو باسانە، دەپرژێتە سەر هۆکاری دامەزران و هاتنە ئارای چەمکی چەواشەکارانەی پێشمەرگەی موسڵمان و هەروەها پیلانگێڕییەکانی رێژیم بۆ دابەزاندن و کەمکردنەوەی ئاستی راستەقینەی شوناسی پێشمەرگەی کوردستان و پیرۆزی و خۆبەشی ئەو هێزە گیانفیدایەی کوردستان.

وەک هەموان ئاگاردارن ناوی پڕ بایەخ و پیرۆز و پڕ نێوەڕۆکی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٢٤ لەسەر پێشنیاری سەرکۆماری کوردستان و سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، پێشەوا قازی محەممەد بۆ لەشکری کوردستان دانراوە. ناوی پارێزەری لەشکری کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێشمەرگە ناو دێر کراوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستاش لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەو شۆڕشگێڕانە کەلە حاڵی خەباتی چەکداریدان، بە ناو و جلو بەرگی پێشمەرگەوە وەکوو پارێزەر و گیانفیدای کوردستانیش بە ئەو کچ و کوڕانە دەوترێ‌کە خۆبەخشانە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد ئامادەن گیانی خۆیان بەخت بکەن. ئەوە روونە هێزی چەکداری کورد بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیمەکان و پاراستنی خاک سەروەریی کوردستان ناوی پێشمەرگەی لەسەر دانراوە و لەو سەردەمەدا تا هەنووکە ئەو خۆ نەویستی و خەڵک ویستیە بەردەوام بووە. هەموو پارچەکانی کوردستان لەو ناوە پڕ نێوەرۆکە بۆ پاراستن و وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد کەڵکیان وەرگرتووە.

## پێشمەرگەی موسڵمان کێیە؟

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵێک لە کوردە موسڵمانەکان بە بیر و بۆچوونی وەهابی و ئێخوانی و ... هتد، دەستیان بە تێکۆشان کرد، لە سەرەوەی هەموویان کاک ئەحمەد موفتی زادە هەڵگری بیری شۆرای شەمس و تەنانەت بە مەبەستی سەرنج راکێشانی کۆماری ئیسلامی بۆ لای بیرو بۆچوونی ناوبراو، کۆمەڵێک لەو کەسانەی

کە چەکی کۆماری ئیسلامییان لە شان کرد و مووچەخۆری کۆماری ئیسلامی و لە بواری بیرو بۆچوونی ئیسلامییەوە لە ئاغای موفتی زادە نزیک بوون لە دەوری خۆی کۆ کردنەوە بە ناوی پێشمەرگەی موسڵمان ناوی دەبردن. ئەوە لە حاڵێک دایە کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دژیمافی نەتەوایەتیی کورد پیلان دەگێڕێ.

کاک ئەحمەدی موفتی زادە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەیکوت : کۆماری ئیسلامی بەو قەناعەتە گەیشتوە کە خۆدموختاریی ئیسلامی بە کورد بدا. هەوڵ و تەقەلای ئەحزاب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان لەسەرەوەی هەموان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بە قەناعەت گەیاندنی موفتی زادە سەبارەت بە دژایەتی کۆماری ئیسلامی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بێئاکام مایەوە و بەردەوام لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هزری نزیکی کۆماری ئیسلامی بۆ دابین کردنیمافی نەتەوایەتیی گەلی کورد بەردەوام بوو و لەدژی بۆچوونەکانی ئەحزابی کورد سەبارەت بە داخوازیی نەتەوایەتیی گەلی کورد لێدوانی دەدا، تەنانەت بە چاوی خۆمان بینیمان کۆماری ئیسلامی لە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان پەلاماری گەلی کوردو حیزبە سیاسییەکانی داو لە چەند شاری گوردستان وەک: سنە، مەریوان، نغدە، پاوە، شەڕی ساز کرد و حیزبی دێمۆکراتی بە مۆنحەلە رایگەیاند، نە تەنیا هیچ مافێکی بۆ گەلی کورد رەوا نەبینی بەڵکوو پاش داگیر کردنی شارو گوندەکانی کوردستان و پاشەکشێی پێشمەرگە، دەستی دایە زیندان و ئیعدامی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە بە هەر شێوەیەک باسی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان دەکرد و بە داخەوە نە تەنیا ئاغای موفتی زادە چووە زیندان، بەڵکوو پاش ماوەیەکی کورت چەند مەلایێکی دیکە کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی موفتی زادە بوون، وەک یەک لەوانە مەلا ناسر سوبحانی کە دواتر بەرپرسی مەکتەبی قورئانی پاوە بوو و لە راستای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی شا دەوریان هەبوو، ئیعدام کران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوی پێشمەرگەی موسڵمان کە ئاغای موفتی زادە چەواشەی کرد، کردە فاکتەرێک بۆ سەرنج راکێشانی کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆش و بە ناوی پێشمەرگەی موسڵمانەوە لەو کاتەوە هەتا ئێستا کەڵکی لێوەر دەگرێ. ئەو جاشانەش بە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە سەرەڕای ئەوەی کە وەک چەکداری رێژیم خەیانەت بە گەل و نیشتمان دەکەن ، ناوی پیرۆزی خۆبەخشانی رۆڵەکانی کورد بۆ رزگاریی کوردستان چەواشەو گڵاو دەکەن ئەوان خۆیان باش دەزانن لە کلتی گەرمیی خەباتیی چەکداریی لە لایەن رێژیمەوە، جگە لە کوشتنی براکانیان هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی دیکەیان نەبوو . بۆیە بیریان دێنمەوە تەنانەت متمانەی ئەوەیان پێنەدەکردن کە بێسیمچیی گرووپی چەکداری خۆیان بن. هەردەم بێسیمچیی گرووپ و تاقمەکانیان لە فارس و تورک بوون.

پێشمەرگە، لە حاڵی شۆڕش ، خۆ بەخشەو هیچ پارە و مووچەیەک لە کەس و لایەنێک وەر ناگرێت و بۆ خەڵک و خاکی

خۆی خەبات دەکات. بە لای ئەوانەی لە کۆماری ئیسلامی چەک هەڵدەگرن و دژی گەل و نەتەوەی خۆیان شەڕ دەکەن تەنیا لە بەرانبەر پارە و مووچەیەکی کەمەوە دژایەتیی گەل و وڵات دەکەن و یان لە بنکە جاسووسییەکانی ڕێژیم خەریکی سیخوڕیی بۆ کۆماری ئیسلامی و بە دەستەوەدانی هاووڵاتییانی خۆیان لە پەتەکانی سێدارە دەدەن و خزمەت بە ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دەکەن. گرتنی کۆنفرانس بە ناوی پێشمەرگە مۆسڵمان بۆ چەواشە کاریی بیروڕای گشتییە لە قاودانی ئەم سیناریۆیە وەک بێڕێزیەک لە پێشمەرگەی کوردستانە. باشترین میکانیزم بۆ ئەو کەسانە کە چەکی ڕێژیمیان وەرگرتووە, ئەوەیە کە بەشداریی لەو بە ناو کۆنفرانسە نەکەن و ئەوان دەبێ باش بزانن کە ئەوەش پیلانێکی دیکەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد و کوردستانە.

٢٩ی خەزەڵوەری ٢٧١٤

## ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ڕۆژێکی مێژوویی بە گشتی بۆ گەلی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی مەهاباد بوو. لەم ڕۆژەدا ئاخرین پاشماوەی پۆلیسی ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهاباد تێکەوە پێچرا.

خەڵکی مەهاباد بە شێوەیەکی خۆبەخشانە چۆنیەتیی پارێزگاری کردن لە سەر و ماڵی خۆیانیان بە دەستەوە گرت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد بە پێڕەو و پرۆگرامێکی سەردەمیانەی ئەو کات جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی بوو.

هەر بۆیە لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد لەسەر پێشنیاری پێشمەرگەیەک، ناوی پڕ لە نێوەرۆک و هێزی ڕزگاریخواز و پارێزەری کورد و کوردستان، بە پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا و لەو کاتەوە تا هەنووکە پێشمەرگە وەک سەمبولی ئازادی، ڕەمزی ڕزگاریی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک ئاوێنەیەکی بێگەرد ماوەتەوە و ریشەیەکی وەهای داکوتاوە کە پاش ٦٩ ساڵ لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی وەک پارێزەری کەرامەتی مرۆڤ و هێزی دژە تیرۆر دەناسرێت و لە هەمان کاتدا ڕێژیمی سەدە ناوەڕاستی کۆماری دژی گەلی ئیسلامیی ئێرانیش بە ناو بۆتە پاڵپشتی پێشمەرگە و هاوشان لەگەڵ ئەوان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دەجەنگێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو ناوە پرشنگدارە هەنووکەش وەک ئاوڕێک بۆ جەستەی کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی گەلی کورد جێگای مەترسییە و هێمای ڕاستەقینەی پارێزەرانی کوردستانە.

پاش ٦٩ ساڵ بە داخەوە دۆخی پێشمەرگە لەو شوێنە کەلە دایک بووە لاوازە، هۆکاری ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکیەتی لە ناو ڕیزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و بە تایبەت حیزبی دێموکرات و دوژمنانی دێموکرات هەموو کاتێک لە جیابوونەوەکان بە قازانجی ئامانجەکانی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لە بەر چاوگرتنی بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٥ی خۆیدا بڕیاری داوە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوە هاوڕێیانی پێشوو کە لە کۆنگرەی ١٣دا جیابوونەوە جارێکی دیکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکەوە درێژە بە خەبات بدەن.

هەر بۆیە بۆ هەرچی پتەوتر کردنی ریزەکانی پێشمەرگە و گەڕانەوەی شوناسی راستەقینەی شوێنی لە دایکبوونی پێشمەرگە، یەکیەتی ریزەکانی ئوپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک داهێنەری ناوی پێشمەرگە و دامەزرێنەری هێزی پێشمەرگە و دیاریکەری رۆژی پێشمەرگە، قەت ئامادە نەبووە بەرژەوەندی نەتەوەیی، فیدای بەرژەوەندیی حیزبی بکات.
بانگەوازی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی و هەروەها کوردستانی بەردەوام بووە. تەنانەت لە زۆر بواردا سینگ فراوانی لە خۆی نیشان داوە. هەنووکەش ئاڵا هەڵگری یەکیەتی و پێکەوە بوونی هێزە کوردستانیەکانە.

دۆستایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ دەروجیران هیچ کاتێک لەسەر زەربە لێدان و کەم کردنەوەی بەهای پارچەکانی دیکەی کوردستان نەبووە. بە داخەوە هەندێک حیزب و لایەن لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە چاو لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکەن. ئەو بایەخەی کە لەلایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتەوە بۆ پارچەکانی دیکە و بە تایبەتی هەرێمی کوردستان دانراوە بە حیسابی لاوازیی و بێ ئیرادەیی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی سەیری دەکەن. سیاسەتڤانانی کورد دەبێ لە هەلومەرجی هەنووکەییدا بە چاوێکی ئاواڵا سەیری گۆڕانکارییەکان بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەری و مودیریەتی کۆماری ئیسلامی کە بۆ پەرە پێدانی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچە لە هەموو تەرفەندەکان بۆ لاوازکردنی کورد کەڵک وەردەگرێ.

لە وەها هەلومەرجێکدا بەرچاو گرتنی هاوسۆزی و هەستی نەتەوایەتیی رۆژهەڵات بە حیسابی کۆماری ئیسلامی و دڵسۆزی ئەوان نیشاندەرە.

خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات لە بۆنە و موناسیبەتەکان، یان پشتگیری لە پارچەکانی دیکە لە کاتی بەرزکردنەوەی دروشمەکان پێویستە بە چاوێکی کراوە سەیری هەر چەشنە گۆڕانکاریەک بکەن زۆر جار دەست و پێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی تایبەتیی خۆیان لە نێو خۆپیشاندانەکان دروشمی دیاریکراو ئەدەن، بەرز دەکەنەوە رێگەدان بۆ وتنەوەی ئەو دروشمانە دژی هەر لایەنێک لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە مەبەستی تایبەتیی خۆی هەیە، کاتێک بۆ پشتگیری لە کۆبانێ رێگا بە خۆپیشاندان دەدا و داوا دەکەن دژی تورکیە دروشم بەرز بکرێتەوە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەشار ئەسەد بە درێژایی چەندین ساڵ کوردی لە رۆژئاوا ژێنۆساید کردووە و هەنووکەش دەست لە دەسەڵات هەڵناگرێ. دەبێ لە خۆمان پرسیار بکەین بۆ لەو خۆپیشاندانە هیچ ئاماژەیەک بە بەشار ئەسەد نەکرا؟ پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا لەو هەل و دەرفەتانە کە دەستمان دەکەون، بێ دەنگ بین، یان دەبێ دروشمی ئێمە بە گشتی دژی داگیرکەرانی کوردستان

بێ.

با هەموومان پێکەوە ساڵڕۆژی لە دایک بوونی پێشمەرگە لە کوردستان بکەین بە دروشمی پراکتیکی بۆ یەکریزیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا هاوسەنگی هێز لەم دەڤەرەی کورستان کاریگەریی لە سەر گۆڕانکارییەکان، کاریگەرتر بێ. رێژیمی کۆماری ئیسلامی چیدیکە ژێستی کاراکتەرێکی ئاشتیخواز، کورددۆست نەگرێ و ئێرانیش وەک وڵاتێکی بێ کێشە و ئارام و سەقامگیر لە بیروڕای گشتی پیشان نەدا.

**١٨ی سەرماوەزی ٢٧١٤**

## ساڵوەگەڕی کیمیایی بارانی هەڵەبجە و کاردانەوەی لە سەر رۆژهەڵات

بووم، بەرپرسایەتیم لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو هەلومەرجەدا هەبوو، بە پێویستی دەزانم سەری رێز و نەوازش بۆ گیانی پاک و بێگەردی هەموو ئەو شەهیدانە دانەوێنم کە لە کیمیایی بارانی هەڵەبجە شەهید و بریندار بوون و هەروەها پاش کیمیایی باران، بەهۆی پێوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یان وەکوو کوردێک کە ئاوارەی ئەم دەڤەرەببوون لە جەرەیانی ئەو مەرگەساتەدا لە رووی ناچارییەوە، گەڕانەوە ئێران و کەوتنەبەر غەزەبی پەت و سێدارەی رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بۆ وەبیرهێنانەوەو بۆ زانیاریی جیلی نوێ لە جەرەیانی کیمیایی بارانی هەڵەبجە، باس لە کورتەیەک لە چۆنیەتیی بارودۆخی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی ناوچەی نەوسوود لە هەورامان بکەم کە کەمتر لە میدیا و راگەیەنەکاندا ئاماژەی پێ کراوە. ئەمانە لە راستیدا بەشی سەرەکیی کارەساتی ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە بوون.

لەبەر ئەوەکە٢٤ کاتژمێر پێش هێرش بۆسەر ناوچەکانی هەڵەبجە و خورماڵ و شارەزوور، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشەکانی خۆی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەناوچەکانی نەوسوود هەتا دەگاتە ریشاو جێگیر ببوون، دەست پێ کرد.

لەم هەڵمەت و پەلامارانەدا سەرەڕای ئەوەی کەرێژیم زیاتر لە یەک ساڵ بوو هێزەکانی خۆی بۆ ئەم شەڕەئامادەدەکرد، بەچەکی قورس و نیمچە قورس، هێزی ئامووزش دراوی تایبەتیی بۆ ئەو شەڕە تەیار کردبوو و لەپشتیوانیی هیلی کۆپتەر و تۆپخانەبەرخوردار بوو، پاش چەندین هێرشی یەک لەدوای یەک، بە هێز و بازوو و فەرماندەو کادر و پێشمەرگەکانی هێزەکانی شاهۆی هەورامان، هێزی زاگرۆس سەربەمەڵبەندی یەکی ئەو کات و پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی بەرگری، تێک شکا. لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە ئاگادار کران، بەڵام بەهۆی تەسلیم بوونی بێ بەربەرەکانێی ئەرتشی عێراق لەو هێرشەبۆ ئێمەجێی سەرسوڕمان بوو.

شەڕێک لەو ناوچەیەکە ئێمە تێیدا بووین رووی نەدابوو هەتا قەناعەت بەنەمانی ئەو فیلەقەزە بەلاحەبێنین، هەر بۆیەلەو بڕوایەدا نەبووین کە شوێنەکانی پشتەوەی ئێمە واتە ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور گیرابێ، لەهەمووی گرینگتر

سەیتەرەیەکی عێراق لەسەر ڕێگای "هاوار" کە بۆ هاتوچۆی ئێمە بۆ هەڵەبجە دانرابوو، ئاگاداری گیرانی ئەم ناوچەیەنەبوون، بۆیەدوو ڕۆژ دواتر بەرەو عەنەب گەڕاینەوەو لەگەڵ کیمایی بارانی هەڵەبجە بەرەوڕوو بووین، پاشان بەرەو "سەکنە تاوێرە" پاشەکشەمان کرد و هێزەکانی خۆمان بەو ئیمکاناتەوەکە لە بنکەکانماندا بوو هەتا ڕادەیەک تەداروک کرد.

پاش چوار ڕۆژ بە هاوکاریی کادرەکانی یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی سوسیالیست بەرەو "زەڕایەن" وەڕێ کەوتین، ئەووەکەجێگای داخ و کەسەر بوو کاتێک ئێوارەهێشتا شەو دانەهاتبوو، گەیشتینەشارۆچکەی خورماڵ بەهۆی کیمیایی بارانی ڕێژیمی بەعسی فاشیست، جەستەی گیانلەبەران و تەرمی مرۆڤەکان لەو دەڤەرەتێکەڵاو ببوو.

تەنانەت لەو ڕێگایەدا هەتا گەیشتینە "شانەدەر" دەنگی هیچ گیانلەبەرێک نەدەهات. دوو ساڵ پێشتر لە "دزڵی" دەگەڕامەوەبەرەو "هانەگەرمڵە"، لەبناری سوورێن بەرەو ئەو دەڤەرە، وەرزی شەوی پاییز بوو، جریوەی دڵڕفێنی پەلەوەرەکان، هەوای پاقژ و بێگەردی کوێستانیی ئەم ناوچەیەی وەبیرهێنامەوە کە چۆن ئێستا بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاوە. کیمیایی بۆنی ئەو هەوا دڵڕفێنەی بەبۆنی دەرمان و باروت گۆڕیبوو، بیر لەو کاتە دەکەمەوە کاتێک بەتاریکیی شەو لە فکری چۆنیەتیی دەربازبوونی خۆمان لە "سەرکەنەتاوێرە: بەرەو "شانەدەر" بووین کە چۆن لە بۆسەی پاسداران پاش دوو جار دەرباز بووین و مەیدانەمینەکان بە فەرماندە کارامەکانی وەک "شەهید محەممەد عەزیز قادر" پاک کرانەوەو لەکۆتایی گەیشتنمان لەنێو شانەدەر کەوتینە سەر مەیدانی مینی مۆڵگەکانی عێراق و پێشمەرگەیەکمان لاقی پەڕی هۆکلارەکەشی دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی کەئەرتشی عێراق چاوەڕوانی دەربازبوونی ئەو هەموو ٨٥٠ کەسەلەچنگ کیمیایی بارانی ئەو دەڤەرە، هەر بۆیەسەرەڕای ئەوەی کەنوێنەرانی ئێمەبۆ دەربازبوونمان پێوەندییان پێوەکردن، بەڵام بەهێزی نیزامی و تۆپ و تانک و کۆپتەر بۆ ماوەیەک گەمارۆیان داین.

ئەو کارەساتە پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕووی دا کەهێزەکان، کادر و پێشمەرگەی حیزب لەبۆکانەوەهەتا جنووبی کوردستان لەگەڵ شەڕی مان و نەمان بەرەوڕوو بوونەوە، بۆیە پاش دەربازبوون، شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەستخۆشی و ماندوونەبوونیی لەهێزی دەربازبوو کرد و هاتەزەرایەن و دیداری لەگەڵ کادر و پێشمەرگەشاد کردەوە.

نامهەوێ چۆنیەتیی شەڕ، گرفت و کۆسپەکانی ئەو سەردەمەوەبیربێنمەوە، بەڵام ئەگەر خەڵکی هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوور تووشی مەرگەساتی ماڵوێرانکەری ئەم کارەساتە هەڵەبجەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەجەرەیانی

کارەساتی هەڵەبجەلەلایەن ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە هۆی گرتن و زیندانی کردن و ئیعدامی کۆمەڵێک لەکادر و پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان کە نەیانتوانی لە گەڵ ئەو هێزە دەربازبن کەوتنەبەر پەلاماری بێبەزەییانەی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری پەت و سێدارەو هەروەها کیمیایی بارانی حکوومەتی بەعس و هەتا ئێستاش ئەگەر مابن لەغەزەبی ئەو ڕێژیمە نەپارێزراون.

بەداخەوە ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆمەڵێک لە خەڵکی کوردستانی باشوور، کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو ڕێژیمێک کە هاوکار و رزگاردەریان بوو، دەناسن، غافڵ لەوەی کە خولقێنەری ئەم کارەساتە،کۆماری دژی گەلیی ئیسلامی بووکە پێشتر هێزەکانی خۆی بەئیمکاناتی دژی کیمیاییەوە بۆ ئەم شەڕەتەیار کردبوو، پاش کۆتایی شەڕیش کەوتەتاڵان و کاولکاریی دەڤەری هەڵەبجەو تەنانەت ڕێگای بەربەستی بۆ ئۆپۆزسیۆنی کورد کە دەورێکی کاریگەریان لەتێکشکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق بوو دروست کرد.

ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا یەکەم جار نییەکەکیمیایی باران و ئەنفالی کورد دەکەن و بەداخەوەپاش هەڵەبجە و هەنووکەش ئەو مەرگەساتانە بە فیتی نەیاران کورد و کوردستان کۆتاییان پێ نەهاتووە. شنگار و کۆبانێ و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژانە شاهیدی شەهید بوونی کۆمەڵێک لەرۆڵەکانی گەلی کوردە، بەشێکی چووکە لە درێژەی ئەم پیلانانە لە دژی کوردستانە.

**٢٥ی رەشەمەی ٢٧١٤**

## ستراتیژیی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنچینەی ئیدیۆلۆژیی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ دامەزراوە. سەرەتای دامەزرانی ئەو بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە سەر بنەما فیکرییەکانی خومەینی لە پێوەندی لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا کە بنەماکانی لەسەر قورئان و شەریعەتی

ئیسلامیی شیعەی دوانزە ئیمامی دانراوە کەلە لووتکەی خۆیدا خومەینی رێبەر و بناخەدانەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کتێبەکانی خۆی (کتاب البیع و تحریر الوسیله) هزر و ئەندێشەکانی خۆی بەم چەشنە دەخاتەروو:

١- دینی ئیسلام بۆ بڵاوکردنەوەی ئەندێشەکانی خۆی دەبێ‌حکوومەت پێک بێنێت
٢- دانانی حکوومەتی ئیسلامی و پێکهێنانی دەرفەتی لەبار بۆ ئەو حکوومەتە و هەروەها دژایەتی لەگەڵ دژبەرانی ئیسلام، لەلایەن فەقێ دادپەروەرەکانەوە و هەروەها لەو پێوەندییەدا دەبێ خەڵک بەرەو پیری ئەو حکوومەتە بچن
٣- حکوومەتی ئیسلامی واتای ویلایەتی فەقیهی دادپەروەر و دیاریکراو لەلایەن شەرعی پیرۆز و هەروەها ئەو مەسەلانەی کەلە رابردوودا، پێغەمبەران و ئیمامان لە حکوومەتی ئیسلامی پەیڕەوییان لێ کردووە
٤- لە حکوومەتی ئیسلامیدا سەرجەم بنەما راستەقینەکانی ئیسلام لە پلەی یەکەمدا دەبێ‌و حوکمە لاوەکییەکانی دەکەونە پلەی دواترەوە و هەروەها راگرتنی نیزامی ئیسلامی ئەرکێکی شەرعی و ئایینییە

لە مێشکی خومەینیدا گرینگترین ئەرک ناردنە دەرەوەی شۆڕش بە بێ‌لەبەر چاوگرتنی هەر چەشنە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییە. لە روانگەی "خومەینی"یەوە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، لە واقێعدا هاندەرێکە بۆ گەشەکردنی ئیسلام لە ناوچەکەدا کە بنەماکانی لەسەر ئیدیولۆژیی فێقهی شیعە دانرابێ. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ پەرەپێدانی بیر و هزری شیعەی دوانزە ئیمامی داڕشتوە و بۆ ئەم کارەش گەلێک هەنگاویان هەڵهێناوە کە بریتین لە:

١- دانانی "حەوزەی علمیە" (ناوەندی خوێندنی ئایینزای شیعە) لەمەڕ پێگەیاندنی مەلا و فەقێ بۆ پەرەپێدان بەو ئیدیۆلۆژییەی کە مەبەستیانە
٢- ناردنی کەسانی شارەزا لە فێقهی شیعە لەژێر ناوی دیپلۆماتکار بۆ وڵاتانی دەرەوە لەمەڕ تەبلیغی بۆچوونی خۆیان

٣- کردنەوەی مزگەوت و ناوەندی کولتووریی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا

٤- دانانی حیزب و ڕێکخراوی ئیدیۆلۆژیی تیرۆریستی لەو وڵاتانەی کەشیعەی تێدایە(لوبنان، سووریە، یەمەن، عێراق و ...)

٥- دامەزراندنی دام و دەزگای ناوکی بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی بەرنامەدەرەکییەکانی

سەرەتای ئەم کارەیان بە پێکهێنانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەست پێکرد کە هەنووکە بووەتە ناوەندێکی بەهێز لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی و پەرەدانی تیرۆریزم لە ناوچەکەدا و لەهەمان کاتیشدا بە پەراوێز خستنی ئەرتش، دەورێکی بەرچاویان لە داڕشتنی سیاسەت لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکەدا بینی و سپای پاسداران بە تەرخان کردنی بوودجەیەکی خەیاڵی ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆ گرتووە:

ئ) پاراستی نیزام و بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لەسەرەوەی هەموویان ڕێبەری کۆماری ئیسلامی

ب) سەرکوتی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ و دەرەوە هەتا ئاستی پاکتاوی فەرهەنگی و جەستەیی و تیرۆر

ت) پشتیوانی لە گرووپە تیروریستییەکانی ناوچە

ج) لەشکەر کەشی بۆسەر عێراق بە بیانووی شەڕی دژی داعش کەلەراستیدا داگیرکردنی خاکی عێراق و لاوازکردنی کورد و سوننەیە

لەو پێوەندییەدا ئەگەر ئاوڕێکی گشتی لە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بدەینەوە لەهەمبەر گەیشتن بەو ستراتیژییە کە بەرنامەی بۆ داڕشتوە، لەم سۆنگەیەوە جێگای سەرنج و تێڕامانە کە پیلانەکانی خۆی لە لوبنانەوە دەست پێکرد و حیزبوڵڵای لوبنان کە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی مەبەستە و تێدەکۆشێ‌بارودۆخی فەلستین لە ڕێگای حەماسەوە تێک بدات و لە راستیدا لەو پێوەندییەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

بە سەرنجدان بە وڵاتانی وەک ئەفغانستان، پاکستان، عێراق، لوبنان، یەمەن، بەحرەین، کوەیت، عەرەبستان، عومان و ... کە شیعەیان تێدا دەژی، دەبینین لەم هەلومەرجەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شیعەکانی ئەو وڵاتانە دژی حکوومەتەکانیان ڕاپەریون و لەو روانگەوە مافی خەڵکانی ئەو ناوچانەیە کە دژی حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان هەڵوێست بگرن، بەڵام لە زۆر بارەوە کۆماری ئیسلامی لەم هەلومەرجەدا دەیهەوێ‌لە ئاوی لێڵدا ماسی بگرێت و بە تەرخان کردنی بە میلیارد دۆلار، ڕەوتی واقیعیی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی بە لاڕێدا برد ـ دەتوانین ئاماژەبەیەمەن و عێراق بکەین ـ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی ئەو گەڵاڵەیە کەلە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا کەلە زاری "ئەحمەدی نژادە"وە بە ناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هاتە بەرباس و بیر و بۆچوونی خۆیانی بەم چەشنە خستە بەر رای گشتی:

١- یەکبوونی موسلمانان: واتە موسلمانەکان پێویستە پێکەوە بن، بەڵام ئەمە رواڵەتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە کە دەیهەوێ بە بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە کێشە لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی و رۆژئاوا دروست بکات، بەڵام مەبەستی سەرەکیی لەموسڵمانان ئەو وڵاتانەیەکەشیعەی تێدایەو گوێڕایەڵی وەلیی فەقیهن.

٢- یەکگرتنی موسڵمانان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا، ئەمەش لە چەند ساڵی رابردوودا بە هەموو شێوەیەک تەقەلایان بۆ داوە، بەڵام سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە. مەبەستی سەرەکیی یەکبوونی موسڵمانانی شیعەیەکەلەهەر شوێنێک بن دژی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی هەڵوێست بگرن.

٣- مافەکانی موسڵمانان: لێرەدا دەیهەوێ باس لەوە بکات کە موسڵمانانیش مافی خۆ پڕچەک کردنیان هەیە و پێویستە خاوەن چەکی ئەتۆمی بن بۆ ئەوە هەر کات لەلایەن وڵاتانی غەیری ئیسلامییەوە کەوتنە بەر پەلامار، بەرگری لە خۆیان بکەن و لەلایەکی دیکەوە دەیهەوێ بەم میکانیزمە بە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی، ئیدیۆلۆژیی خۆی لە جیهاندا پەرە پێ بدات.

بە چاوخشاندنێک بەو ستراتیژییە و هەروەها هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کردەوەکانی ئێران لە ناوچەکەدا لەهەمبەر راپەڕینی خەڵک دژی دیکتاتۆرەکان، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە هەلپەرستی لەو هەلومەرجەدا لە رەوتی بەرەوپێشچوونی ئامانجەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ، بەو فاکتەرانەی باسی دەکەین ستراتیژیی ئەو رێژیمە لە ناوچەکەدا زیاتر روون دەکەینەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی دڕندانە و وەحشیانە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی سەرکوت دەکات و رێگا نادات ویست و داخوازییەکانیان لە رێگای مەدەنییەوە داوا بکەن، بەڵام دەبینین کە بەرپرسانی پلە باڵای رێژیم هانی ئەو وڵاتەنە دەدەن کە شیعەی تێدایە و دژی حکوومەتەکانیان راپەڕیون. ئەوان بە ئاشکرا باسی ئەوەیان کرد کە دەوڵەتانی ئەو وڵاتانە مافیان نییە نەتەوەکانی خۆیان سەرکوت بکەن و تەقەیان لێ بکەن لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئاوڕ لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە بە باشی بۆمان روون دەبێتەوە کە هەم لە رێگای سیاسی و هەم لە رێگای نیزامییەوە دەیان بەربەست و کۆسپ و تەگەرە بۆ خەڵکی وڵاتەکی خۆی ساز کردوە و رێگا نادات هیچ چەشنە ئازادییەک لە ئێران دەستەبەر بکرێت، بەڵام دەیهەوێبە دەستێوەردانی نیزامی و هاندانی خەڵکی وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە شیعەیان تێدایە بەدروست کردنی شەڕ و تیرۆر و تۆقاندن، بە ستراتیژیی خۆی بگات. ئەمەلەحاڵێک دایەبەدروست کردنی لەشکرێک بەناوی "حەشدی شەعبی (واتە بسیج مردمی" مێتودی بەسیجی لەعێراق تەیار بکا بەو چەشنەهەزاران قەبزەچەکی جۆراوجۆری

دامەزراند و بۆ هەمیشەنەهادێکی نیزامی ـ ئیدیۆلۆژیی بۆ لەناوبردنی ئەرتشی عێراق پایەڕیزی کرد و لەو پێوەندییەشدا بەرپرسانی "حەشدی شەعبی" رایانگەیاندووە، سەرچاوەی‌هەموو چەکەکانیان رێژیمی ئێرانە.

ئێران بەردەوام لە هەوڵ دایە، دەستی بە چەکی ناوکی رابگات و جگە لەوەش لە بواری موشەکسازی و چەکەکانی دیکەوە، هەوڵی خۆ پڕچەک کردن دەدات.

نزیک بوونەوەلەوڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمریکا تەنیا بۆ کەم کردنەوەی فشاری ئابوورییەکەبەهۆی تەحریمەکانەوەگیرۆدەی بووە. جیا لەوەبێ گومان ئەگەر بەروالەت رێگا بدات پشکێنەرانی ئاژانس لەئێران پشکنین بکەن تەنیا رێگا بە پشکنینی ئەو دامەزراوەناوکییانەدەدا کەئاشکرا بوون، دەنا رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتن بەستراتیژییەناوچەیی‌یەکانی، لەچەندین جێگای دیکەهەوڵی دەستڕاگەیشتن بەچەکی ناوکی دەدات.

روون و ئاشکرایەهەنووکەبەرنامەی هەناردەکردنی ئیدیۆلۆژیی خۆی لەناوچەکەدا پەرەپێ داوەو لەعێراق، سووریە و یەمەن جێگای خۆی قایم کردووە، شەڕی داعش تەنیا لەبەر لاوازکردنی سوننەکان و بەهێز کردنی شیعەکان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگە.

دەنا خۆیان هاندەر و هاوکاری داعشن و کردەوەکانی خۆی لەهەمبەر گەلانی ئێران زۆر لەداعش بێ بەزەیی‌یانەترە. دروست کردنی چەند بەرەیەک لەکوردستانی باشوور و چێ کردنی دووبەرەکی لەنێو حیزبەکوردییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەمەبەستی لاوازکردنی کورد لەباشوور و باقی بەشەکانی دیکەی کوردستانە. دەنا لەشکەرکەشیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ناوچەکێشەلەسەرەکانی کوردستان لەمەڕ شەڕی دژی داعش رێک نەخراوە، بەڵکوو لەو هەوڵی ئەوەدایەجێ پێی شیعەکان بەهێنانی "حەشدی شەعبی" قایم بکا. لەداهاتوودا بیکاتەهەوێنی کێشەو ململانێ دژی هەرێمی کوردستان و بناغەدابنێ.

هیوادارین حکوومەتی فیدراڵیی عێراق سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی فیدای ئیدیۆلۆژیی تایفی نەکا و بارودۆخی ناوچەبەوەردەرنانی کۆماری ئیسلامی بەرەو هێمنی و ئاسایش بگەڕێتەوە.

١١ی خاکەلێوەی ٢٧١٥

## وەبیرهێنانەوەیەک بۆ چەکدارانی خۆفرۆشی ڕێژیم

پاش کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە بابەتێکی بۆ لابردنی نێو و نۆتکەی جاش لەسەر خۆفرۆشانی ڕێژیم بە مەبەستی بەخۆداچوونەوە و دژایەتی نەکردن لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە فیتی کۆماری ئیسلامی، خستەڕوو.

زیاتر لە چوار ساڵ لەو دیمانە کەلە تیشک تیڤی بڵاو بووەوە، تێ دەپەڕێ ئەوە کە جێی تێڕامانە ئەوەیە ئەو گەل فرۆشانە بە بێ ئەوەی ئاوڕێک لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت سەرکەوتنی کۆبانێ، باکوور و باشوور بدەنەوە، کۆنگرەیەک لە سنە دەبەستن و ناوی پێشمەرگە لەسەر خۆیان دادەنێن کەلە درێژەی باسەکە ئاماژەی پێ دەکەین، هەنووکە لەلایەن کەس و لایەنی دیکەوە بۆ جارێکی دیکە هاتووەتە ئاراوە، مەبەستی ئێمە تەنیا بۆ تێگەیاندنی چەکداران بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە خەیانەت و بە خۆداچوونەوەیەک بە نیسبەت گۆڕانکارییەکان هاتووە ئاراوە. ئەوە لە حاڵێک دایە زۆربەی ئەو خۆفرۆشانە دەستیان لە خەیانەت و خۆفرۆشی دژی گەلەکەیان هەڵنەگرتووە.

کارەسات لەوە دایە کە جاشیەتی لە هەلومەرجێکدا بڕاوەتە باڵای ئەو چەکدارانە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا نەخوێندەوار و دوور لە ڕاگەیاندن و کەڵک وەرگرتن لە بیروبۆچوونی ڕای هەنووکەیی و گشتی بوون، ئەگەر لەو کات و ساتەدا بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی جیهانی و نەبوونی ئیمکانات بۆ لێک نزیکبوونەوە و تێگەیشتن، یان بەهۆی فەقری ماڵی و کەم بوونی ئاگاهیی سیاسی، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی گڵاوی خۆیان خەڵکیاندژی گەلەکەی خۆیان هان دەدا کە چەک هەڵگرن، لەلایەن شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمی خەباتی چەکدارییەوە، ناوی پڕ بە بەژن و باڵای جاشیان بەسەردا بڕاوە بەو مەبەستە وەکوو قەباحەتێک لەدژی خەڵکی خۆیان چەکدار نەبن و سیخوڕی نەکەن.

هەنووکە لە سەدەی بیست و یەکدا ڕاگەیاندنی گشتی و دنیای مەجازی گەیشتووەتە ڕادەیەک کەلە چرکە ساتێکدا دەتوانین پێکەوە بۆ هەر مەبەستێک دیالۆگ بکەین و لەیەک ئاگادار ببینەوە. ئەوەندەی من لە بیرم بێ کەلە گوندەکان کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیمان جێبەجێ دەکرد، زۆر بەکەمی لە گوندەکان خوێندەواری ڕادەی سەرەوە بەرچاو دەکەوت. هەموان ئاگادارن ئاستی خوێندەواری و خودئاگاهیی شار و گوندەکان لە هەلومەرجی ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لە یەک ئاستدا نەبێ نزیک بە یەکن، هەر بۆیە ئەرکی لاوانی وڵاتەکەمانە بەرچاوڕوونیی زیاتر بدەنە ئەو کەسانە کە بۆ

مووچەیەکی کەم، دژی گەلەکەیان چەک هەڵدەگرن.

دۆزی کورد بە گشتی لە ئاستێکی باش دایە و حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەرکدار دەبن بۆ ئەوی بەرچاوڕوونیی زیاتر بە نیسبەت چەکدارکردنی کوردانی ڕۆژهەڵات بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد بۆ خەڵکی خۆیان بدەن و بۆ هەر چی زیاتر پەرەدانی دوژمنایەتی و براکوژی و دوورکەوتنەوە لە مافی نەتەوایەتی، شەڕی کورد بە کورد کردن، دوور بکەونەوە و بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان ریزەکانی شۆڕشگێران پتەو بکەن.

لە هەلومەرجی هەنووکەییدا کە ناوچە لە گۆڕانکاری دایە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لەو قەیرانە، لە هەوڵی دانوستانی ناوکی لەگەڵ وڵاتانی 5+1 دایە.

لە بەرژەوەندیی ئەو ڕێژیمە دایە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تیرۆریستییەکانی و پاڵپشتیی ئەو دار و دەستانە کە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی لە قەیرانی نێوخۆیی خۆی ڕزگار بکا، لەگەڵ ئەوەش بەو سیستمە کارییە کە ڕێژیم لە نێوخۆ پێڕەوی دەکا لە شوێنە شاراوەکاندا درێژە بە بەرنامە ناوکییەکەی ئەدا، هەر لەو کاتەدا بە خۆ سەرقاڵ کردن بەناوی بەشداری لە شەڕی داعش، بە دەستێوەردان لە وڵاتانی عەرەبیی وەکوو یەمەن، سووریە و عێراق، دەیهەوێ سەرنجی خەڵکی ئێران بۆ بەلاڕێدا بردنی وەزعی نالەباری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی‌یەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بەو چەواشەکارییە، خۆی بە هێزێکی سەرەکیی ناوچەکە لە قەڵەم بدا.

ئەم دواییانەی مەهاباد و هەروەها مانگرتنی مامۆستایان دەری خست کە خەڵکی کوردستان و بە حیزبەکان دەڵێ ئەگەر هێز و پوتانسیلتان هەیە و لە بواری ڕێکخستنی سیاسی و تەشکیلاتی ناتوانن پێکەوە بن، لانیکەم باڵی نیزامی بۆ هەر چەشنە ئەگەرێک پێکەوە گرێ بدەن و هێزەکانی خۆتان بۆ ساتە وەختە هەستیارەکان ئامادە بکەن و لە کۆبانێ و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەرس وەرگرن.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چاوەڕوانی سەرهەڵدانێکە بۆ خۆ دەربازکردن لە ڕێژیمی پەت و سێدارە و دەست پێ کردنی خەباتێکی لێ بڕاوانە بە هەموو جۆرەکانییەوەو هەر ئەوەندە قوربانی لێ دەکەوێتەوە کە ڕۆژانە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سێدارە دەدرێن.

لەم ڕۆژانەدا سیناریۆی کۆماری ئیسلامی بۆ چەکدارکردنی خەڵکی کوردستان بەناوی پێشمەرگەی کورد و سازدانی کۆنفرانس

و داتاشینی پەیکەر بۆ نیشتمان فرۆشانی بەناوی پەیکەری پێشمەرگەی کورد، تەنیا و تەنیا لە راستای ئەوە مەترسییانە دایە کە هەنووکە، گۆڕانکارییەکانی ناوچە سەبارەت بە گەلی کورد هەژاندووە ولە ئارا دایە کە هەرێمی کوردوستان وەک فاکتەرێکی بەهێز و دیمەنێکی شۆڕشگێڕی دێموکراتیک خۆی پیشان داوە و قابلیەتی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر شەڕی داعشدا ئاستێکی زۆر بەرزی لە خۆ نیشان داوە و ئاسۆی کورد بەرەو لووتکە روون دەردەکەوێ سەربەخۆیی نزیکە، هەر بۆیە دەر و جیران بە تایبەت کۆماری ئیسلامی لە نیگەرانیی تەواو دایە هاتنی پاسداران بۆ کوردستان لە کەرکووک بۆ بەرگری لە داعش نییە، دەیهەوێ وەکوو پارسەنگێک دژی کورد لە داهاتووی کوردستان بۆ کارئاسانی شیعەکان لە ناوچەدا ئاژاوەگێڕی بکا.

هەر بۆیە هیوادارین لاوان، دایکان و باوکانی کورد بیر لەوە بکەنەوە کەلە دەم ودەزگایەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیک نەبنەوە. لەبەر ئەوە کاربەدەستانی ئەو رێژیمە دەیان هۆی وەک چەکدار و سیخوڕ بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان دژی شۆڕشگێڕان بە کاریان بێنن، هەر بۆیە بۆ دیارکردنی هەر کارێک بۆ لاوانی کوردستان مەرجی هاوکاری و سیخوڕی دەخەنە روو. بەسیج بوون وەک کارتێکی سەرەکی بەکار دێنن کە ئەویش جاشیەتییە.

بۆ پێشەوە بەرەو رزگاریی کوردستان

۳۱ی بانەمەڕی ۲۷۱۵

---

## هەنگاوێک بەرەو ئاسۆ

دەمێکە باسی دەست پێکردنی خەباتی چەکداری دەکەین و لە دوور و نزیکەوە، کۆمەڵێک لە خەڵکی کوردپەروەر و نەتەوە پارێز و لایەنەکان، هەر کەس بە بۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە، زۆربەیان خەباتی چەکداری بە گرینگترین هەنگاو بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دەزانن، تەنیا جیاوازییەک کە لەنێو نووسینەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو شێوە خەباتە و عەمەلیکردنی و لە دوورەوە لێکدانەوە لەسەر چەند و چوونی ئەو بوارە و ڕەخنەگرتن لە خەباتگێڕانی مەیدانی خەباتی چەکداری و مەنع و لۆمەکردنی حیزبە کوردییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو شێوە خەباتە دەرکەوت، بێ کەند و کۆسپ نەبوو، بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە لەبەر چاو گرتنی هەرێمی کوردستان بۆ خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دوورکەوتنەوەیەکی بەرچاوی بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان بە دواوە بوو.

لەگەڵ ئەوەش ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شانازی بەوەوە دەکەین کە توانیمان بە بەڵێنەکانی خۆمان وەفادار بین و بەرژەوەندیی نەتەوەییمان لە سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبییەوە دانا.

هەر چەند لەو پێوەندییەدا لە زۆر بواردا زەرەمەند بووین، لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەم بە چۆنیەتیی بارودۆخی ئێران و بەتایبەت ستراتیژیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرد و هەروەها ستراتیژیی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، باسم کردووە و ئاماژەم بە ئەرکی خۆمان لە هەلومەرجی هەنووکییدا کردووە.

کاتێک حیزبی ئێمە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێ کەوت، پێویستی بە ئیزن وەرگرتن و پاڕانەوە لە هیچ حیزب و کەس و لایەنێک نەبوو، ئەرکی ئەم حیزبەیە کە دژی ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی خەباتی خۆی بە هەر شێوەیەک کە بە گونجاوی دەزانێ، درێژە پێ بدا، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە بەرەو سنوورەکانی کێلەشین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوت.

کۆسپی دیکەی وەکوو پکک لەسەر ڕێگای شین دەبێ و بەبێ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان، پەلاماری چەند پێشمەرگەیەکی ئێمەی دا. ڕێگای هاتوچۆی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەست و وەکوو پاسەوانانی سنووری ئێران هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە کرد. هەر ئەو حیزبە و لق و پۆکانی بە دەیان

جار رایانگەیاندووە؛ حیزبەکانی رۆژهەڵات کەمپنشین بوون و ئیرادەی شۆڕشگێڕییان لە دەست داوە، لە حاڵێکدا پاش تێکهەڵچوونەکەی چەند رۆژی رابردوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات، دەڵێن ئێران کاری بە ئێمەوە نییە و بە بوونی ئێوەیە کە کێشە بۆ ئێمەش دروست دەبێ، لەلایەکی دیکەوە وەچەکانی پکک وەکوو خۆیان دەڵێن "پژاک، کۆدار و ..." لە نێوخۆی ئێران دەسووڕێنەوە و گۆیا لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، داخۆ ئەوانە لە چ رێگایەکەوە بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات رۆیشتبن؟، سەیر ئەوەیە کە کۆمەڵە کەسێک لە نێو کوردستان کە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتن، هێشتا لە پەلاماری پکک بۆسەر حیزبی دێموکرات وەخەبەر نەهاتوون، بەڵام پاساو بۆ براکوژیی پکک دێننەوە و دەڵێن حیزبی دێموکرات تەجاوەزی هەرێمی میدیای کردووە، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە کوردستانی گەورە هەیە و کورد بە یەک نەتەوە دەزانن؟ بۆ چی شەڕی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن؟ ئەگەر خەبات بۆ نەتەوەیە، بڵێی حیزبی ئێمە دژە نەتەوەیی بین و دژی ئامانجەکانی خۆمان هەنگاو هەڵگرین؟ حیزبی دێموکرات بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد لە مەیداندا بووە و دەبێ و هەنگاوەکان و جێ پێی خۆی قایم دەکا هەتا بتوانێ پاشەکشە بە نەیارانی نەتەوەی کورد بکا و مێژوو و شانازییەکانی خۆی لە رۆژهەڵات چەند پات بکاتەوە، بە چاوخشاندنێک بە رابردوو و زیانەکانی شەڕی نێوخۆیی، هیچ حیزبێکی کوردی بە دژی خۆی نازانێ و رزگاریی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە ئامانجی خۆی دەزانێ .

بەهیوای سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە هەر چەشنە بارگرژی و دووبەرەکییەک
نەمان بۆ نەیارانی گەلی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران

**١٢ی جۆزەردانی ٢٧١٥**

## شاخە سنوورییەکان سەنگەری هێزن بەرەو باوەشی گەل

کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچە، ئیرادە و بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران میکانیزمێکی سەرەکی بوون بۆ خەباتێکی هەمە لایەنە لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دیسانەوەش شاخەکانی کوردستان وەک هەمیشە سەنگەری لە گیران نەهاتووی گەلن و باوەشیان بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوە.

گومانی تێدا نیە سالانی رابردوو ساڵانێکی دژوار بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ وەک حیزبی دێموکرات کە تێکۆشانی خۆی فیدای بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد و بە ئامانج گەیشتنی خواستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

حزووری ئێستای پێشمەرگە لە سنوورەکان لە بەشێک لە راگەیاندنەکان وا بڵاو دەکرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی رەنگە دیسانەوە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان بکات، بەڵام ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە چەند ساڵی رابردوودا کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەو ناوچانە نەبووە بەڵام کۆماری ئیسلامی بە بیانوی جۆراوجۆر سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاندووە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست کردوە، تەنانەت لە زۆر بواریش دژی پێشمەرگەکانی حیزب لە قوڵایی خاکی کورستانی باشوور کاری کردووە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەردەم ئامادەی بەرگری لە خاکی کوردستان و بەرپەرچ دانەوەی کردەوە ناڕەواکانی کۆماری ئیسلامی بووەو هەیە.

بارودۆخی سیاسی ناوچە و بە تایبەتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای پارچەکانی کوردستان سەلمێنەری ئەو راستییەن کە بۆ جارێکی دیکە بە خوێندنەوەی واقیع بینانەی بارودۆخە سیاسییەکان و کەڵک وەرگرتن لە ناوچە شاخاویەکان و گوند و شارەکانی کوردستان جارێکی دیکە خەڵک و پێشمەرگە یەکتر لە ئامێز دەگرن و پاڵپشتی خەڵکی کوردستان لە رابردوو تا ئێستا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ئەوە دەردەخات کە پۆتانسییەلێکی گەورە لە حیزبی دێموکراتدا بوونی هەیە و لە هەر دەرفەتێک دەتوانێت بە قۆستنەوەی هەلەکان گڕ و تینێکی زیاتر بە خەباتی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات هەموو لایەک

دڵنیا دەکات کە بە پاڵپشتی و ئیرادەی گەل بە بڕشتەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ و دۆستانی خۆشحاڵ و نەیاران و دوژمنانی رەنگا و رەنگی خەمبار و سەرشۆڕ دەکا.

٦ی پووشپەڕی ٢٧١٥

## ئایا هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی، ئاڵوگۆڕێک لەو سیستەمەدا پێک دێنێ؟

خامنەیی داوا لە گەلانی ئێران دەکا بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن تەنانەت ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشتان ناوێ، بەشدار بن لە هەڵبژاردن. بۆ روونکردنەوەی سیمای ڕاستەقینە و هزر و کردەوەکانی ئەم ڕێژیمە لە ساڵی ٥٧ـەوە تاکوو ئێستا بە نیسبەت گەلانی ئێران، بە کورتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەمە ڕوو:

١- دامەزراندنی سپای سەرکوتکەری پاسداران بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران.

٢- دامەزراندنی دامودەزگا سەرکووتکەرەکانی وەک ئیتلاعات، حەراسەت، بەسیج و چەندین دامەزراوەی ئەمنیەتی و سەرکوتکەری دیکە لەژێر ناوگەلی جیاواز بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران و بنبڕکردنی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە و مافخوازانە و هەروەها چاندنی تۆوی بێ متمانەیی لە ڕیزی چین و توێژەکان.

٣- دامەزراندنی چەندین دامودەزگای پاوانخوازیی وەک شۆرای نیگەهبان و نەزارەتی ئێستسوابی، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهبەر.

٤- بێ ئیرادەکردن و بێ دەسەڵاتکردنی دامودەزگا فەرمییەکان، وەک مجلیس و دەوڵەت و قوەی قەزایییە.

٥- شکاندنی هەموو پرەنسیبە دێموکراسییەکانی هەڵبژاردنی ئازادانە و ڕێگریکردن لە مافی خۆهەڵبژاردن و دانانی کۆمەڵە بەربەستێکی دیکتاتۆرانە لە بەردەم کاندیدەکان بۆ هەڵاواردنیان.

٦- دروستکردنی بەربەست بۆ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە نێو سیستەمی گشتی، تەنانەت لە نێو ساختاری ویلایەتی فەقیهـ، وەک حەزفی مووسەوی و کەڕوبی و هتد کە ئێستا دەسبەسەر کراون.

٧- ئیعدام و دەسبەسەرکردنی بە تاک و کۆمەڵی چینی لاو، ڕۆشنبیر و دەنگهەڵبڕی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەت نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی بە درێژایی مێژوو ئازادیخواز و دژبەری حکوومەتە دیکتاتۆرەکان.

٨- دژایەتی و سووکایەتیکردن بە نەتەوەکان دیکەی ئێران جگە لە فارس.

٩- دژایەتی و تواندنەوەی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان کە نیشتەجێی ئێرانن بێجگە لە شیعە.

١٠- پەرەپێدانی مادە هۆشبەرەکان لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت لاوانی وەرزشوان، هونەرمەند، رووناکبیر و چالاکی کۆمەڵگا بە مەبەستی لاوازکردن و نەهێشتنی توێژی هوشیار لە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی توانای بەرەنگارییان لەگەڵ ڕێژیم و کردەوە دزێوەکانی نەمێنێ.

١١- بە تاڵان بردن و بە هەدەردانی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران بۆ پەروەردەکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی وەک لوبنان و سووریە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی خۆیان کە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی شیعەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١٢- زیادکردنی گەندەڵیی دارایی و ئیداری بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە نێو سیستەم و دامودەزگا ئیدارییەکانی حکوومەت لەلایەن کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم و بە تاڵانبردنی سەروەتی میللی تا رادەیەک کە ڕاگەیاندنەکانی نێوخۆیی بەستراو بە ڕێژیمیش ناتوانن بیشارنەوە.

١٣- تاڵانکردنی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران و هەناردەکردنی ئەو سەروەتە بۆ لایەنە شیعەکان لەژێر ناوی سدووری ئینقلاب بە مەبەستی پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژیی شیعەی لوبنان، فەلستین، عێراق، یەمەن و هتد.

١٤- هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی چەکی ناوکی و بە هەدەردانی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران. هەڵوێستی وڵاتانی ١+٥ ئاکامێکە بۆ تەحریم و تەسلیمی ڕێژیم و گەڕاندنەوەی بۆ خاڵی ژێر سفر.

١٥- دەخاڵەت و دەستێوەردان لە وڵاتانی دوور و نزیک و تێکدانی بارودۆخی ئەوان بە تایبەت ئەو وڵاتانەی شێعەی تێدایە.

١٦- دروستکردنی دەیان گیر و گرفت و نارەسای دیکە لە ئاستی نێونەتەوەیی کە بووەتە هۆی تەریک کەوتنەوەوی ئێران و بێ ئیعتباریی ئێرانییەکان لە بیروڕای گشتیدا.

١٧- بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی داهات بۆ گەنجان.

١٨- پەرەپێدانی فەحشا و فەسادی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری ئێران.

١٩- هەڵبژاردن تەنیا شانۆگەرییە، ژێستی دێموکراسی بە مەبەستی وەدەست هێنانی مەشرووعیەتی خۆی، خۆڵ لە چاوکردن و وەعدە و وەعیدی بێ بنەما بە چەند وشەیەکی وروژێنەر بە مەبەستی گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردن.

٢٠- تەسلیمبوون لە بەرانبەر ئیرادەی ئەمریکا و وڵاتانی ٥+١ و دووبارەبوونەوەی خواردنەوەی جامی ژەهر و بەفیڕۆچوونی سەروەت و سامانی خەڵک بە درێژایی ئەو چەند ساڵە بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، کەچی چەک کرا. بەڕاستی چ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵک پێک هاتووە، تاکوو بەشداری بکەن، ئایا خەڵک دەبێ بەشداری بکەن؟؟!! گەلۆ خۆکاندیدکردن و بەشداریکردن لە شانۆی هەڵبژاردنی سیستەمێکی تۆتالیتر و پاوانخوازی وەک کۆماری ئیسلامی، جگە لە خزمەت و تەئیدکردنی کردەوەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕێژیم، دەتوانێ شتی دیکەی لێی شین بێتەوە؟ ئایا هیچ گۆڕانکارییەک لەو سیستمە، بەو هەموو کردەوانەی کە باس کرا پێک هاتووە؟ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شانۆگەری، سووکایەتیکردنە بە خوێنی شەهیدان و بێ ڕێزییە بە خەباتی زیندانییانی سیاسی و هەموو ئەو خەباتگێڕانە کە ٣٧ ساڵە بۆ ئازادی و ڕزگاریی ئێوە لە چنگ ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەت و سێدارە خەبات دەکەن. بەشداری نەکردنتان لەو شانۆگەرییە، هاندانێکە بۆ خەباتگێڕانی وڵاتەکەمان و ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتییە لە چۆنیەتیی ناڕەزایەتی و دوورکەوتنەوەی گەلانی ئێران و دژایەتیکردنی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییە.

٣٠ی بەفرانباری ٢٧١٥

## کچان و کوڕانی رۆژهەڵات بەشداریی خۆتان لە ریزەکانی پێشمەرگەدا بە هێزتر بکەن

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشەنگی ڕاسانی رۆژهەڵاتی کوردستان، درێژەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان، لە گرەوی بەشداریی چالاکانەی کچان و کوڕانی بەهەست و دەروەستی شار و گوندەکانی کوردستان دەبینێ. پڕکردنەوەی سەنگەری شەهیدان و بەهێزکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان تەنیا لە دروشمدان دا خۆی نابینێتەوە، زیاتر لە ٣٧ ساڵە رێژیمی کۆماری ئیسلامی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنێتەوەو تەنانەت لە چەکدار کردن و سیخوڕی و بگرە تاکوو ئێعدام و زیندان و ئەشکەنجە و دانانی کەسانی غەیرە بوومی وەک بێرێزیەک بە خەڵکی کوردستان، کەڵکی وەرگرتووە.

سەرەرای دەوڵەمەند بوون و بە پیت و بەرەکەت بوونی خاکی کوردستان نەبوونی هیچ چەشنە سەرچاوەیەکی کار بۆ لاوان و ئەمنییەتی کردنی فەزای کوردستان وەک سەنگەری لەگیران نەهاتوویی ئێران بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئازادی وەدادپەروەری کۆمەڵایەتی دژایەتی کردووە.

پەرەدان بە مادده هۆشبەرەکان، دەیان بەڵای ماڵ وێرانکەری کۆمەڵایەتی، دیاری ٣٧ ساڵ دەسەڵاتی رێژیم لە خاکی کوردستانە، لەم رووەوە لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کوردستان بە بەشداریان لە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێراندا هێز و ووزەو توانایەکی زیاتر بەم جوڵانەوەیە نوێیە دەبەخشن. ئامادە بوونی لاوان و بەهێز کردنە ئەم جوڵانەوەیە خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەهێزتر دەکات.

بەشداری کچان و کوڕانی رۆژهەڵات لەم ڕاسانە نوێیەدا هەنگاوێکی بەبڕشتە بەرەو ئازادی و رزگاری. وەرن پێکەوە سەنگەری لەگیران نەهاتووی ئێران بە بەشداری خۆتان لە ریزەکانی پێشمەرگەدا بەهێزتر بکەن، هەر وەک دوکتور قاسملووی مەزنیش دەفەرمێ؛ گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی ئاڵاهەڵگری رزگاری رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئێوەش بەشێکی گرینگی ئەو جوڵانەوەیەن.

٦ی پووشپەڕی ٢٧١٥

## ڕاسان و درێژەی خەبات

پاش ڕاگرتنی چەندین ساڵەی خەباتی چەکداری و گۆڕانکارییەکان بە نیسبەت شوێنی خەباتی حیزبی دێموکرات کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خەباتی ئەم حیزبە لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی ئاڵۆز و هەڵبەت پێشبینیکراو بەرەوڕوو دەبێتەوە.

**یەکەم**، گۆڕانکاریی جوغرافیایی لەخۆ دەگرێ کە پاش فەتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، حیزبی دێموکرات خەباتێکی چەکداریی توندوتیژ لە سەرانسەری کوردستان، بە هێز و کۆمیتەکانەوە بەڕێوە دەبرد و سنوورەکان و بەشێک لە گوندەکان لەژێر دەستیدا بوون و مەیدانی مانۆڕ و بەربەرەکانێی لەگەڵ دوژمن ئاوەڵا بوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە و دوژمن (ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران) لەو شوێنانە جێگیرە و بارودۆخی جوغرافیایی کوردستانیش، گۆڕانکاریی زۆر قووڵی بەسەردا هاتووە.

**دووهەم**، هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا ڕاهاتبوون، دوژمنیان لە هەموو بوارێکەوە چاک دەناسی و لە باری کەمی و کەیفییەوە کارا ببوون، تەنانەت هەندێک حیزب و لایەنی دیکەش لە مەیدانی خەباتدا مابوون و شەڕی ئێران و عێراقیش لە ئارادا بوو. بەشێک لە هێزەکانی ڕێژیم سەرقاڵی شەڕی ئێران و عێراق بوون.

**سێیەم**، لەگەڵ تەکنیک و تاکتیکی ئەو سەردەمەی دوژمن ئاشنایی تەواویان بە دەست هێنابوو و شتێک بە ناوی کۆسپی هاتوچۆ بۆ ناوخۆی وڵات لە ئارادا نەبوو. ئەمە و کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی دیکەی سەر ئەو خەباتە، بوونە هۆکاری ئەوەی دوژمن زیاتر لە جاران کوردستان میلیتاریزە بکات و هەوڵەکانی خۆی بۆ زیاتر پەلاماردانی پێشمەرگە چڕ بکاتەوە. بەو حاڵەش پێشمەرگە هەمیشە لە وڵامدانەوە بە پەلاماری هێزەکانی دوژمن بەردەوام بوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کەلە سەرەتای دەسپێکردنی خەباتی چەکداری لەگەڵ ئەوەی کوردستان لەژێر نفووزی هێزی پێشمەرگەدا بوو، بەهۆی نەبوونی ئەزموونی شەڕ و ڕانەهاتن لەگەڵ ئەو بارودۆخە و بەربڵاوبوونی شەڕەکان، ڕۆژانە دەیان شەهید پێشکەش بە بارەگای ئازادیی کورد و کوردستان دەکران.

هەرچی مەودای خەبات درێژتر و ئەزموونی شۆڕش و شۆڕشگێڕان پڕبارتر دەبوو، فرماندە و پێشمەرگەکان لە ئەزموونەکان

کەڵکیان وەر دەگرت، ڕێژەی شەهیدەکان لەگەڵ ئەوەی مەیدانی شەڕ بەرینتر دەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ دەهاتە خوار و بە پێچەوانەشەوە تەلەفاتی دوژمن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو، بە شێوەیەک کەلە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، لە سمیناری نیزامیدا بڕیار درا دەبێ نیسبەتی شەهیدبوونی پێشمەرگە لە بەرانبەر تەلەفاتی دوژمن لانی زۆری یەک بە بیست بێ، واتە ئەگەر ٢٠ کەس لە دوژمن بکوژرێ لەهەمبەردا دەبێ پێشمەرگەیەک شەهید بێت کە ئەوەش دەرخەری بەرەو پێشچوونی تاکتیک و کەڵەکەکردنی ئەزموونی خەبات بوو. دەسپێکردنەوەی قۆناغی نوێی خەبات و ڕاسان، ئەرکێکی گرینگ و پڕ لە بەرپرسایەتییە و ئەرکی نەتەوەیی هەموو لایەکە دەبێ هاوکار و هاندەری درێژەدانی ئەم خەباتە بین. حیزبی دێموکرات و فەرماندە و پێشمەرگەکانیش لە ئەزموونەکانی ئێستا و ڕابردوویان کەڵک وەردەگرن و بە دەسنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان وەک تۆشەی درێژەدانی ڕێگای خەبات، ئاڵای خەبات بەرز و شەکاوە ڕادەگرن. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چاوخشاندنێک بە ڕابردوو و هەلومەرجی هەنووکەیی جیهان و ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆژی و کەڵک وەرگرتنی دوژمنانی کورد لە کەرەستە جۆراوجۆرەکانی ئەو زانستە لەدژی گەلی کورد، بەتایبەت دژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و چاوخشاندن بە ئاستی ئیمکاناتی بەر دەست، پێویستە کە هەموو لایەکمان لە بەرانبەر هەموو ئەو کێشە و بەربەستانەدا خۆڕاگر بین و ڕێگای جۆراوجۆری بەربەرەکانێ لە مەیدانی خەباتدا بدۆزینەوە و لە ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی مەیدانی خەباتیش کەڵک وەر بگرین. ئاسۆی گەلی کورد ڕوونە و سەرکەوتن بۆ هێزی شۆڕشگێڕ و خەباتە ڕەواکەیەتی و تێکشکان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری ئیسلامیی ئێرانە کە شەڕیکی ناعادڵانەی دژی گەلی کورد زیاتر لە ٣٧ ساڵە دەس پێ کردووە.

حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە وەک چۆن هەتا ئێستا کۆڵیان نەداوە و لە بەرانبەر هەموو دژوارییەکاندا ڕاوەستاون، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن ڕێگای بەردەوام هەتا لووتکە دەپێون و بە شەهیدەکانی ڕاسان دەڵێن ئاسوودە بنوون، ڕێگاتان هەتا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لە چنگ دیکتاتۆر و تیرۆریستانی هەنووکەیی ئێران درێژەی هەیە.

٦ی گەلاوێژی ٢٧١٦

## تاکتیکی نوێی ڕێژیم لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەدا

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە، هەر لە پەیامی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەوە بگرە تاکوو چەندین پەیام و ڕاسپاردەی ڕێبەرایەتیی حیزب، هەوڵی داوە ئەو کوردانەی کە ڕێژیم بۆ مەبەستی گڵاوی خۆی بەکاریان دێنێ، لە زەلکاوی خەیانەت و لە نیشتمانفرۆشی دوور بخاتەوە.

لە قۆناخی نوێی خەبات و ڕاسانی نوێی نەتەوەکەمان، لەم ساڵدا ڕێژیم لە چەندین ڕێگای وەک:

- گوشار خستنەسەر هەرێمی کوردستان و ئاڵۆزکردنی ناوچە سنوورییەکان
- کەڵک وەرگرتن لە جاش و خۆفرۆشەکان بۆ کەمیندانان و تەعقیبی هێزەکانی پێشمەرگە
- ڕێکخستن و سازماندانی سیخوڕ لەناو خەڵکی گوند و شار، لە بەرانبەر پێدانی بڕێک پارە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە جووڵەی هێزەکانی پێشمەرگە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی جیددی دەدا جووڵانەوەی نەتەوەکەمان و حوزوری پێشمەرگە لەنێو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرکوت بکا. ئەوەی لەم کورتەباسە جێگای سەرنجە، جاشەکان بوون بە کەواسووری بەر لەشکەر و چاوساغی هێزەکانی ڕێژیم، ئەو بەکرێگیراوانە بە بەکارهێنانی ماشینی غەیرە نیزامی و ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خەڵکانی ئاسایی، هەوڵی بە لاڕێدا بردنی بیر و زەینی پێشمەرگەیان داوە. ئەو خۆفرۆشانە تێدەکۆشن خەڵکانی ئاسایی و کەرەستەکانیان بکەنە قەڵغانی سڵامەتیی گیانی خۆیان و لە کاتی دانانەوەی کەمین و بەدواداچوونی هێزی پێشمەرگە لە کەرەستە مەدەنییەکانی خەڵک کەڵک وەربگرن. ئەگەریش لەو ڕێگەیەدا خەڵک بکوژرێ، هەر ڕێژیم قازانج دەکا و بە دژی پێشمەرگە پڕوپاگەندەی پێوە دەکات. لە ماوەی ڕابردووشدا هێزەکانی پێشمەرگە ئەم جۆرە پیلانەیان بە چاوی خۆیان بینیوە.

لێرەدا جارێکی دیکە دەبێ دەست خۆشی لەو کەسانە بکرێت کە چەکی ڕێژیمیان داناوە و لە هەمانکاتدا ئەو نیشتمان فرۆشانە کە هەنووکە چەکی خیانەتیان فڕێ نەداوە ئاگادار بن، هەرچی زووتر لەو سەرشۆڕییە دوور کەونەوە. چوونکە مێژووی نەتەوەی ڕزگاریخواز، نیشانی داوە کە شۆڕشگێران ڕەحم بەو جۆرە کەسانە ناکەن و سەرکەوتن هەر بۆ بەرەی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەران و سەرشۆڕی بۆ نیشتمانفرۆشانە، پێویستە خەڵکی وشیاری کوردستانیش ئاگادار بن کە

هیچکات لە کەرەستە و ئامرازەکانی هاتوچۆی جاشەکان کەڵک وەرنەگرن و لەگەڵیان هاوسەفەر نەبن، لەبەر ئەوەی لە کاتی هەر ڕووداوێکدا پێش هەرکەسێک ئەوانەی کە هاوکار و هاوسەفەریانن زەرەرمەند دەبن و هەموو لایەک دەزانن کە حیزبی دێموکرات بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەر و شەرافەتمەندانە خەبات دەکات و هەوڵ دەدا و سەرکەوتنی گەلەکەی لەسەرەوەی هەموو ئامانجێکە.

سەرکەوتن هەر بۆ خەباتکاران و شۆڕشگێڕانە و لە جیهانی نوێدا دەرکەوت کە پێشمەرگە هێزێکی مرۆڤ تەوەری ئینساندۆستە، سەرشۆڕی بۆ کۆماری ئیسلامیی تێرۆریستپەروەر و داروودەستەکەیەتی.

١٣ی ڕەزبەری ٢٧١٦

## ڕاسان بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ پێشەنگایەتی ڕزگاریی گەلانی ئێران

بە سەرنجدانێکی خێرا لە بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خوڵقاندنی قەیران و ململانێ دیار و نادیارەکانی دیکتاتۆرەکان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی زیاتری خۆیان و هاتنەئارای دیاردەی کێشەی تایفی و تێکچوونی سەقامگیریی وڵاتانی ناوچە کە پاش هاتنەئارای بەهاری عەرەبی دەستی پێ کرد، سەقامگیریی ئەم دەڤەرە بە شەڕ و پێکدادانێکی خێرا و کتوپڕ وڵاتانی دوور و نزیک، کۆتایی پێ نایە. کورد لە شەڕی چاڵدران هەتا ئێستا بەردەوام لەژێر چەکمەی دیکتاتۆرەکان مافی پێشێل کراوە، نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و مافخوراوە، لە هەلومەرجی هەنووکەییدا کورد بە پێشەنگایەتیی پێشمەرگە، لە شەڕی جیهانیی دژی تیرۆر، بووە بە فاکتەرێکی گرینگ بۆ دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی و ئاشتیی ناوچەکە. ئەمەیش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە ڕێژیمە دیکتاتۆر و پاوانخوازەکانی وەک ئێران کە پشتیوانێکی بەهێزی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پێشێلکاری سەرەکیی مافی مرۆڤە و لە نانەوەی ئاژاوە لە ناوچەکەدا دەوری سەرەکیی هەیە، هەوڵی سەرنگوونیی بدرێ، ئەو ڕێژیمە بۆ سەرجەم وڵاتانی ناوچە جێگای مەترسییە و لە سەرووەت و سامانی ئێران بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی لە بوارەکانی چەکی شیمیایی و کۆمەڵکوژ و تیرۆر و تۆقاندن کەڵک وەردەگرێ. ڕێژیمێک کە بۆ پەرە پێدانی ئیدئۆلۆژیی خۆی سنوور ناناسێ و سنووری وڵاتانی ناوچە دەبەزێنێ، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بە مافی خۆی دەزانێ، وەک سەردەمداری جیهانی شیعە و ڕاست بەو ناوەوە کە پێشتر بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕش ڕێگای ڕزگاریی قودسی لە کەربەلاوە دەزانێ و بە پشتیوانی کردن لە بەرەی تیرۆر، چەند وڵاتێکی ناوچەی وەک یەمەن، بەحرەین، عێراق، لوبنان و سووریەی بە تەواوەتی تێک داوە و شیعەکانی ئەو وڵاتانەی لە چوارچێوەی گرووپی میلیشیایی وەک حەشدی شەعبی، حووسییەکان و هتد ... چەکدار و ماڵوێران کردووە.

گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، خوێندنەوەی بۆ ئەم ڕێژیمە ئەوە بووە کە ئێستا وڵاتانی جیهان و ناوچە باسی لێوە دەکەن و پێوەی گیرۆدەن. بۆیە کاتی دیاریکردنی سیستەمی سیاسیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، حیزبی دێموکرات دەنگی نای بۆ ڕیفراندۆمی دیاریکردنی سیستەمی دەسەڵات لە ئێرانی بەرز کردەوە. پاش تێپەڕبوونی ٣٨ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی، هەنووکەش کەلە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا بە تەواوەتی فەشەلی هێناوە، بە دەس درێژ کردن بۆ وڵاتانی دیکە، پەلەقاژێی ئەوە دەکا و دەیهەوێ کێشەکان لە خۆی دوور بخاتەوە.

بزوتنەوەی نەتەوەیی دیمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان لە فازی ئێستای خەباتی هەمە لایەنەی خۆیدا کە بەناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناوبانگی دەرکردووە، خەریکی کار و تێکۆشانی جیدییە. ڕاسان بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ پێشەنگایەتیی گەلانی ئێران و لەو پێوەندییەدا حدکا وەک هێزێکی پاڵنەر و بنەرەتی راسان لە ڕۆژهەڵات لە ڕاگەیەنە فەرمی و نافەرمییەکانیدا گەلانی ئێران بۆ بەربەرەکانێی چالاک دژی ڕێژیمی فاشیستیی کۆماری ئیسلامی، بانگهێشت کردووە.

پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە کە زمانحاڵی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی خۆیەتی، چوارچێوەی بەربەرەکانێی لەگەڵ ئەم ڕێژیمەی دیاری کردووە. پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل بەردەوام لە مەیدان دایە و پاڵپشتیی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و تەواوی گەلانی ئێران دەکات. بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو کەند و کۆسپەکان، بەتایبەت وەگەڕخستنی خەباتێکی جەماوەری، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەت حیزب و لایەن و کەسایەتییە ئێرانی و کوردستانییەکان بۆ بەشداری لە هەر شێوە خەباتێکی هاوبەش و هاوکار کە پێیان دەکرێ بانگهێشت کردووە. سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمێکی دیکتاتۆری دژە مرۆڤی وەک کۆماری ئیسلامی، پێویستی بە یەکرێزی و هاوئاهەنگیی هەموانە کە دەبێتە زامنی سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەگشتی و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی بەسەر ڕێژیمی تاریکپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. هەلومەرجی هەنووکەیی خەڵکی ئێران دەرفەتێکی لە بارە لە پێوەندی لەگەڵ هاتنە مەیدان بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە دژی ئەم ڕێژیمە. ڕاسان خەباتێکی ڕەوایە بۆ سەرنگوونیی ڕێژیمێکی کۆمەڵکوژ و تیرۆریست. ڕاسان بەردەوامە و وەرزی سەرما و گەرما ناناسێ.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە وەرزی زستان و سەرمادا بە پێشکەشکردنی یارمەتییەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ کادر و پێشمەرگە لە ناوخۆ و دەروە کاریگەریی ئەرێنی لە بەرەو پێش بردنی خەباتی گەلەکەمان دادەنێن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەهەر شوێنێک دەژین، پێویستە هاوکاریی ئەم پرۆسەیەی خەبات بن. بەشداریی هاوڕێیانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە بواری ماڵی و بەشداریی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پێشمەرگە لە شاخ و ناوخۆی کوردستان، کاریگەریی ئەرێنی لە بەرەو پێشچوونی ئەو ڕەوتە دا نا. بەگشتی و لە کۆتاییدا بۆ بەردەوامی خەبات لە وەرزی سەرمادا پێویستە بە یارمەتیی هەمە لایەنەی خۆتان بە کادر و پێشمەرگە، دەوری بنەڕەتیی خۆتان مسۆگەر بکەن.
بێ گومان خەباتی شار و شاخ کاتێک تێکەڵ و پێکەوە گرێ دەدرێ و وڵامدەری ئامانجەکانی ڕاسان دەبێ کە تێکۆشەرانی ناوخۆی وڵات بە هاوکاری یەکتر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و زەبر وەشاندن لە بە کرێگیراوان و مشەخۆرانی ڕێژیم، هەنگاوەکانیان لە ڕاستای بە ئاکام گەیشتنی ڕاساندا بە بڕشتەوە هەڵبگرن.

٥ی سەرماوەزی ٢٧١٦

## بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هزری دوکتور قاسملوودا

دوکتور قاسملوو سیاسەتوانی ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، ڕوانگەیەکی ڕیالیستیی بە واتەی وشە هەبوو. ئەو پێی وابوو کوردستان بەگشتی یەکەیەکی جوغرافیاییە کە بەهۆی ململانێ و کێشە جیهانی و ناوچەییەکان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێز و ناوچەییەکان دابەش کراوە. ئەو دابەشکرانە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی چالدران کەلە نێوان حکوومەتەکانی عوسمانی و سەفەویی ئێراندا ڕووی دا. هەروەها دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، جارێکی دیکە ئەو دابەشبوونە کوردستانی لە نێوان چوار وڵات دابەش کرد کە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکەدا بوو.

قاسملووی ڕێبەر بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە "ئەگەر ڕۆژێک کوردستان وەک یەک وڵات بێتە ناو بازنەی سیاسیی نێونەتەوەیی، ئەوە جیابوونەوە لەو چوار وڵاتە نییە کە بە سەریدا دابەشکراون، بەڵکوو کوردستان وەک خۆی لێ هاتوەتەوە و تازە گەیشتووە بە قۆناغی ١٩١٤ پێش شەڕی چالدران".

شەهید دوکتور قاسملو باوەڕێکی تەواوی بە یەکسانیی مرۆڤەکان هەبوو. دژی هەر چەشنە ڕەگەزپەرستی، دیکتاتوری و فاشیزم بوو. ئازادی لە ڕوانگەی ئەوەوە مافی بێ ئەملا و ئەولای هەموان بوو، بەڵام سنوورێکی لە نێوان ئازادی و ئانارشیزمدا دادەنا،یاسای وەک دابەزاندنی نەزم لە کۆمەڵگادا بە میکانیزمی بەڕێوەبەریی دادپەروەرانە پێوانە دەکرد. یاسایەک کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا گونجاو بێت و پەسندکراوی خەڵک بێت.

سیاسەتی وەک هونەری مومیکن پێناسە دەکرد. لە واقیعدا پێناسەیەکی زانستییانە و دروست، لە بەر ئەوە سیاسەت ڕەهەند و دەروازە و دەلاقەی جۆرواجۆری هەیە. دەڵێن سیاسەت مەرنە (کێشدارە) واتە هەر مرۆڤێک دەتوانێ بەپێی بۆچوون و داخوازییەکانی خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ بکا.

بۆیە لە سیاسەتدا تاقەت و پشوودرێژی و ماندوونەناسی بۆ سیاسەتوان هەوێنی سەرکەوتن دەبێت.

لە ڕوانگەی خۆمەوە دوکتوری شەهید بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە زۆر تاکتیک کەڵکی وەر دەگرت، ستراتیژیی

سکرتێری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕزگاریی گەلی کورد بوو، هەر بۆیە لە باسێکدا کە لەگەڵ کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیکا، دەڵێ: بۆ دێموکراسی؟ بۆ خودموختاری؟ لەو باسەدا بە ڕاشکاوی باس لە دیاریکردنی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی گەلی کورد دەکا و دەڵێ مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆمانە کە سەربەخۆ بین و ئێمە بە هەموو پێوانەیەک نەوتەوەیەکین، بە مێژوو، بە جوغرافیا، بە زمان و کولتوورمان، بەڵام بەهۆی ئەم دابەشبوونەوە بەسەر چوار وڵاتدا و نەبوونی سنوورێکی ئاوی، یان بێلایەن هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی ئێستا دەبێ تەنیا باس لە خودموختاری بکەین هەتا بزانین لە چ قۆناغێکدا ستراتیژیمان بە ئامانج دەگا.

ئەو دژی چەوسانەوە بوو. هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لە حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هەلومەرجەکانی، وەک کیمیاباران، ئەنفال و کۆمەڵکوژی لە بۆچوونە سیاسیەکانی ئەم شەهیدە ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەپێی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی بەرنامەی پێشکەش بە ڕێبەریی حیزب دەکرد لە کۆنگرە و پلینۆمەکانی حیزبیدا، تێدەکۆشا گۆڕانکاریی سیاسی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و ناوچە هەڵسەنگاندنی بۆ بکا و قازانج و بەرژەوەندییەکان بخاتە بەر باس و بڕیاری کۆتایی لە ڕاستای گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژیی حیزب لە بەڕێوەبەرایەتی حیزب پەسند بکا.

دکتۆری زانا لە ناساندنی کورد و کوردستان بە وڵاتانی بیانی بە تایبەت وڵاتە ئورووپاییەکان دەورێکی کاریگەری بوو. ئەو پێی وا بوو، بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد پێویستە لە کۆڕ و کۆبونەوە نێودەوڵەتی و حیزبییەکان، بوونمان هەبێ. لەسەر نەتەوەکانی ژێردەستی وڵاتانی دیکە ناسیاری و پێوەندی باشی هەبوو. ئەو پێی وابوو پێویستە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکان پێوەندیمان هەبێ هەر لەو پێوەندییەدا حیزب لەگەڵ شۆڕشی فەلستین پێوەندیی هەبوو، بۆ یەکیەتیی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام لەگەڵ حیزبەکان لە دانووستاندا بوو، لە نزیکبوونەوە و هاوکاریی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بوو و لە بەرنامەی کاریدا بوو. بۆیە پێی وابوو ئاشتی و تەبایی و یەکڕیزیی حیزبە کوردییەکان لەمەڕ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین دەورێکی کاریگەری دەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە بە ئاسۆیەکی فراوانترەوە چارەی لە کێشەی کورد دەکرد.

ئەگەر بە کورتی چاوخشاندنێک بە ماوەی سکرتێری ئەو پیاوە مەزنە لە حیزبی دێموکراتدا بکەین، دەتوانین بڵێین ڕێبەرێک بوو کە "ڕێبەریی جەمعی"ی هێنایە ناو حیزبی دێموکرات، بە مودیرییەتێکی سەردەمیانە و زانستییانە، حیزبی گەیاندە ئاستی حیزبە سیاسی، دێموکراتی، پێشکەوتنخوازەکان. لە کۆتاییدا هەوڵی گەیاندن و گەیشتن بە ئەنترنالیسۆنال سوسیالیست و هێنانە بەرباسی پرسی کورد لەژێر کاریگەری و کارتێکەریی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێک لە نێو جووڵانەوەی کورد و ڕێبەرانی ئەو جووڵانەویە بکەین، دەکرێ بە ڕاشکاوانە بڵێین دوکتور قاسملووی ڕێبەر سەلماندی گەلێک ئازادیی بۆ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و دانی نرخی ئازادی، گیانی پاکی پێشکەش بە ئەویندارانی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کرد.

ڕۆحی شاد و ڕێگای پیرۆزی بەردەوام و هەردەم پڕ ڕێبوار

**١٤ی پووشپەڕی ٢٧١٧**

## پێشمەرجی سەرکەوتن، یەکریزی و پێکەوە بوونە

لەماوەی یەک مانگی رابردوودا، دوو کارەسات سنووری جوغرافیای نیشتمانی دێرینی کوردانی کردە ئامانج، هێرشی سوپای عێراق و بەتایبەت حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی کەرکووک و ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس و ماڵوێرانی و تەنانەت لە دووزخورماتوو زۆر چالاکی مەدەنی باس لە ژینۆسایدی دەکەن. ئەم داگیرکاریە کە پاش پرۆسەی رێفراندۆم هاتە ئاراوە هەنووکەش پلانی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی تێدا درێژەی هەیە.

کارەساتی دیکە بەڵای سروشتی (هەرچەند زۆرکەس لە هۆکارەکانی رووداني ناکۆکن) بوومە لەرزە لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە وێڕای گیان لەدەست دان و برینداربوونی هەزاران کەس، رووخانی دەیان گوند و بەشێک لە شارەکانی سەرپێڵی زەهاو و سەلاس و جوانرۆ و شائاباد و ئاوارە بوون و بێ ماڵ و حاڵی خەڵکی ئەو ناوچانەی لێکەوتەوە.

لەم کارەساتەدا رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتی پۆلیسی و تۆقێنەری خۆی بە سەرخەڵکدا فەرز کردووە زیاتر لە هەرکات دژی گەلیبوونی بۆ خەڵکی کورستان دەرکەوت کە بە سروت و سامانی خەڵک و کوردستان لەوپەڕی شەرمەزاری دەیهەوێ بە قازانجی تەمەنی نگریسی خۆی کەڵک وەرگرێ.

لەکاتێکدا پێویست بوو رێژیم بە زووترین کات بە هانای خەڵکی بەڵالێدراوەوە بڕوات و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکا.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی و سەرنج و تێڕامانە هەر لە یەکەم ساتەکانی رووداوەکەوە نە تەنیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە هەر جێگایەکی ئێران کە کوردی لێ بوو، بەپەلە و خۆبەخشانە ئەوەندەی لە توانایاندا بوو یارمەتییەکانی خۆیانیان رەوانەی پارێزگای کرماشان کرد و وێنەی زۆر کەس دەبینین کە جل و بەرگێک کە لەبەریانە پێشکەش دەکەن. کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا ئەم هاوپێوەندییە دروست نەبێ ،لە زۆر شوێن دەستیان بەسەردادەگرتن و کەمترین بەشیان بە ناوی خۆیانەوە رەوانە دەکرد.

بەخۆشییەوە راگەیاندنی ئازاد و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رێژیمیان ریسوا کرد، لە لایەک دزییەکانیان لێ ئاشکرا کردن و لە لایەکی دیکەوە بێ پرەنسیپی و دژە کوردبوونی کۆماری ئیسلامیان بۆ بیرورای گشتی زیاتر ئاشکرا کرد.

خەڵکی کوردستانیش هەرچەند رووی راستەقینەی رێژیمیان زۆر لە مێژە بۆ دەرکەوتووە و بە هاوپێوەندی و یەکریزی نیشانی هەموو لایەک و بە تایبەت رێژیمیان دا کە کۆماری ئیسلامی هیچ جێگە و پێگەیەکی لە کوردستان دا نیە، هاوکاری خەڵکی کوردستان بۆ هاونیشتمانیان لە کرماشان نیشانی هەموو لایەکی دا کە کورد یەک نەتەوەیە و کرماشان دڵی کوردستانە.

هێرشی حەشد و سوپا لە باشوور دەسکەوتی ٩٣٪ی خەڵکی بۆ چەندین ساڵ لەبار برد بەڵام لەو کاتەشدا رووداوەکان نیشانیاندا کە کۆماری ئیسلامی چ لە پرۆسەی ریفراندۆم و دواتر و لەم دۆخە نالەبارەی پارێزگای کرماشان چ رەق و کینەیەکی دژی کوردانەی لە هەر پارچەیەکی نیشتمان هەیە، یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لەکاتی پێشوازی لە تەرمی شەهیدی رێگەی مرۆڤایەتی کاک ئەبووبەکر نیشانی هەموو لایەک و بەتایبەت حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی دا کە وێڕای پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی ئامادەی هەموو گۆرانکاریەکن و تەنیا یەکریزی و یەکگرتوویی نێوان حیزبەکان دەتوانێ زامنی سەرکەوتنی یەکجاری بێ.

٢٩ی خەزەڵوەری ٢٧١٧

## ڕاسان و خەباتی چەکداری

لە جیهانی مەجازی و هەروەها کۆمەلێک دەزگای ڕاگەیاندن کە بە بیرێکی شوێنیستی بەڕێوە دەبرێن، باس و بابەتەکانیان تایبەت کردوە بە خەباتی گەلی کورد و بردنە ژێر پرسیاری خەباتی چەکداری.

ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاسانی خۆرهەلات، بزووتنەوەیەکی فرە ڕەهەندە، حزووری پێشمەرگە لە نێو خەلک یەکێک لە پایە سەرەکیەکانیەتی، کە بیرسەدەناوەڕاستیەکانی شوێنیست بە زیانی ئێران و بەردەوام بە هەولێک بۆ پارچە پارچەکردنی ولاتی دەزانن.

ڕاسانی خۆرهەلات، پرۆسەیەکە بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەلک لە بوارەکانی کۆمەلایەتی، ئابووری و سیاسی و مافی مرۆڤ و .... ئەم بابەتەش پێویستی بە حزووری پارێزەرانی ئەو مافانەیە لە ناوخۆی نیشتمان و وەک پێشمەرگەی شار و شاخ ، گوێ بۆ ویست و داخوازی کۆمەلانی خەلکی ڕۆژهەلاتی نیشتمان بگرێ و سەرەڕای پۆلێن کردنی ئەو کێشە و ئازارانە، لە چوارچێوە و میکانیزمی گونجاو ڕێکیان بخات.

بە خۆشیەوە حزووری پێشمەرگە لەگەل پێشوازیی خەلکی نیشتمانپەروەری کوردستان بەرەوڕوو بوو کە لە بەشێک لە ناوچەکان هێزەکانی ڕێژیم زۆر ترسنۆکانە و بە خەرجکردنی سەدان میلیۆن تمەن بە نامرۆڤانەترین شێوە لە کەمیندا هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگەکانی حیزب.

ئەوەی جێگای داخە و سەرنج و تێڕامانە ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندنی دەرەوەی ولات و بەناو دێموکرات و ئازادیخواز و لە کردەوەیەکی شوێنیستانە و بە هاوسۆزبوون لەگەل دامەزراوەکانی ڕێژیم نە تەنیا ئەو خەباتە ڕەوایە دەبەنە ژێر پرسیار و بە جیاییخوازی دەزانن، زۆر خۆبەزلزانانە چاوەڕێ دەکەن ئێمەی شۆڕشگێڕ ئەو هەنگاوە ڕەوایانە، مەحکووم و شەرمەزار بکەین و چاویان لەوە نوقاندوە کە بە دەیان لە خەلکی کوردستان بە ڕۆژنامەنوس و کۆلبەر و پێشمەرگەوە، چەندە نامرۆڤانە شەهید کراون و بۆ تاقە جارێکیش باسی ناکەن و لە بەرانبەردا ڕۆژێ دەیان جار باسی کوژراوەکانی ڕێژیم دەکەن.

ئەوان خەبـاتی ڕەوای ئـێمە بە هەولێـک بـۆ تێکـدانی کۆمەڵگـا و کوشـتنی خەڵکـی ئێـران و هێـرش و کەمین دانـانەوە و تاوانەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە هەوڵێک بۆ پاراستنی ئێران لە پارچەبوون دەزانن کە بەشێکیان کەسانێکن کە سـاڵانێک لە ڕیزەکـانی ڕێـژیم دژی خەبـاتی گەلـی کـورد چەنـدین کـردەوەی نامرۆڤانەیـان بەڕێـوە بـردووە و ئێسـتاش بە مەترسییەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن.

کورت و پوخت، بەش بە حـاڵی خۆم شـانازی بە خەبـات و سیاسـەتی دروست و ئوسولیی حیـزبەکەم و بەتـایبەت حزووری پێشـمەرگە لە نێـو خەڵـک دەکەم و هەمـوو ئەو هەوڵە شوێنسـتیانە لە ڕاسـتای لاوازکردنـی ڕاسـان دەزانـم کە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک و یەکگرتوویی و یەکڕیزیمان دەبێ بەرپرچیان بدەینەوە و هەتـا سـەرکەوتن و ڕووخـانی ڕێـژیم کـۆڵ نەدەین.

٥ی گەلاوێژی ٢٧١٨

---

## شانۆگەریی مانۆڕی سەربازیی سپای پاسداران لە کوردستان

لە حەوتووی ڕابردوودا، ڕێژیم سپای پاسدارانی وەک پارێزەری سیستمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، راسپاردووە مانۆڕێک لە کوردستان بەڕێوە ببەن. بەپێی هەموو پێوانەیەکی نیزامی ڕێژیمەکان مانۆڕ لە هەلومەرجی ئەگەری شەڕ لەگەڵ وڵاتێک بەمەبەستی تاقیکاری و خۆڕێکخستنی سەربازیی دژی وڵاتی بەرامبەر بەڕێوە دەبەن. پرسیار ئەوەیە لەم هەلومەرجەدا بۆ ڕێژیم لە کوردستان مانۆڕی سەربازیی ئەنجام دەدات؟ هۆکاری مانۆڕی سەربازیی لەم هەلومەرجەدا چییە؟ ئایا کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دژایەتیی سیستم دادەنێ؟ ئایا بە هەڕەشە و تۆپ و مووشەکباران و مانۆڕی هێزی سەربازی، ڕاسان ڕادەوەستێت؟

خەبات و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پشتیوانیی بەردەوامی خەڵک لەم شۆڕشە هەقخوازنەیە، خەونەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی ئەم بزاڤە خەڵکویستە، کردووەتە بڵقی سەرئاو. شەڕ بۆ کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجە دژوارەکاندا، یەکێک لە خاڵە بەهێزکانە کە خەڵکانێک هان دەدا لە ڕووی ئیدئۆلۆژی و مەزهەبییەوە لە شەڕی سونی و شیعەوە بگرە هەتا دوایی لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی کۆیان دەکاتەوە و تەنووری پڕوپاگەندەی پێ داغ دەکا. ئێستا کۆماری ئیسلامی پاش چل ساڵ تێپەڕبوون لە شۆڕشی گەلانی ئێران هێشتا نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان دژی حیزبە کوردییەکان هان بدا و سیاسەت و ویستی خۆی لە کوردستان بەڕێوە ببات، مانگرتنی ٢١ی خەرمانان وڵامێکی بەهێز و یەکگرتووانە ڕوو بە کۆماری ئیسلامی و بیروڕای گشتی بوو.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی ئەوەیە کە دەیەوێ ورەی سیخوڕە بەکرێگیراوەکانی لە کوردستان بەرێتە سەرێ و لە لایەکی دیکەوە بە لەبەرچاوگرتنی کێشە و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بۆمباران و مووشەک ناردن و کەڵکوەرگرتن لە چەکی هەناردەکراوی وڵاتان وا بنوێنێ کە لە بواری نیزامییەوە بەهێزە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە دەستپێکردنی ڕاسان لە سێ ساڵی ڕابردوو بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی کوردستان بە هێز و گڕوتینێکی نوێ، بەتینتر لەجاران هاتوونەتە مەیدان و هاوکاری و پشتگیریی کچان و کوڕانی پێشمەرگە دەکەن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هۆکاری مانۆڕی سەربازیی لەم هەلومەرجەدا ئاوچاوگرتنی خەڵکی کوردستان لە لایەک و نیشاندانی دیمەنی سەربازیی بەهێزی خۆی بە بیروڕای گشتی لە لایەکی دیکەوەیە. غافڵ لەوەیە کە لە شاخەکانی شاهۆ، نەکەرۆز، زاگرۆس، ئاربابا، چلچەمە، گیارەنگ، قەندیل، ئاگری، تەرەغە و ... سەنگەری لەگیراننەهاتووی هێزی

پێشمەرگەی کوردستانە و ئەوان بە هێزی چەکی تێکنۆلۆژیاوە ناتوانن ڕووبەڕووی چەکی بڕوا و کۆڵنەدان و لەخۆبردوویی، چەک و چیا و پێشمەرگە و هێزی بەهێزی خەڵک ببنەوە.

کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا فەشلی هێناوە و دەیەوێت بە مانۆڕی شانۆگەریی، سەرنجی بیروڕای نێوخۆ و دەرەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. میلیتاریزەکردنی سەربازیی کوردستان، ئێعدام، داگیرکاریی کوردستان، زیندان، کوشتنی کۆڵبەر و کرێکار، بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و پەرەپێدانی فەحشا هیچیان لەسەر کوردستانی خۆڕاگر کاریگەر نەبوون و لەم سێ ساڵەی دواییدا ڕاسان بە ئیرادەی هەمەلایەنەی کادر و پێشمەرگە و بە پلانی ڕێکخستنی، نیزامی، دیپلۆماسی و سیاسی توانی کاریگەریی باش لەسەر بیروڕای کوردستان دابنێ و ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کە ڕێژیم بڵاوی دەکردەوە،کردیە بڵقی سەر ئاو. ئێستا ڕاسان بووەتە خەباتی شار و شاخ. شار و گوند و شاخەکانی کوردستان پشت بەیەک بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەقام و گوندەکان دەکەنە سەنگەری خۆڕاگری و بەرخۆدان.

ڕێژیم دەبێ کوردستان بەجێ بێڵێت، پێشمەرگە هەردەم پارێزەری کوردستان و باسکی بەهێزی گەل دەبێ. مانۆڕ و کردەوە سەربازییەکانیش لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، هەر وەکوو شانۆگەرییەک چاویان لێ دەکرێ. تا سەرکەوتن و ڕووخانی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی، خەبات بەردەوامە.

**١٧ی ڕەزبەری ٢٧١٨**

## نەورۆزی خاکیپۆشانی جامانە لە مل، وێستگەیەکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری گەورە

نەورۆزی ٢٧١٩ی کوردی و نوێبوونەوەی ساڵ و بووژانەوەی سرووشت ، لە پێوەندی لەگەڵ یەکگرتوویی هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی مزگێنی دوارۆژێکی گەش و ئاسۆیەکی روونی وڵاتەکەمانە.

مژدەیەک بۆ زاڵبوونی رووناکی بەسەر تاریکی شەوزەنگ و بیری سەدەناوەراستی وەلایەتی فەقیە و دەست لە ناو دەست بە برِشتەوە هەنگاوەکانمان بەرەو ئازادی و دابینبوونی مافە نەتەوایەتیەکانمان هەڵبگرین.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامان و خۆشحالییە ،تاک بە تاکی گەلەکەمان لە خۆرهەڵاتی وڵات ،لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی داوە بە هەر شێوازێکی مومکین کۆمەڵگای جیهانی بۆ دەستەبەر بوونی مافەکانی ئاگادار بکاتەوە کە نەورۆزی ئەمساڵ ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم داواکارییانە بوو.

لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و جیهانی مەجازیدا، زۆر پەیام و وێنە و جۆش و خرۆشی خەڵکمان بینی کە ئەم پەیامە بۆ هەموو لایەک و بە تایبەت بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی باڵادەستی فارس زۆر گرنگ بوو کە نەتەوەی کورد ئامادەیە بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی لە هیچ چەشنە فیداکارییەک درێغی ناکا و بۆ لابردنی ستەم و چەوسانەوە ، سێدارە و ئەشکەنجە و زیندان نایترسێنێ و ئەم خەباتە لە هەموو ئاستە سیاسی ومەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بە ورەوە زیاتر لە جاران بەڕێوە دەبات.

ئەوەی دەبێ لەم قۆناغە زیاتر لە هەرکات پەنجەی لەسەر دابنین ، لەقاودانی پیلانەکانی رێژیم و وشیارکردنەوەی گەلەکەمانە کە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن .

رێژیم هەوڵی دا لەرێگای جۆراجۆرەوە ئەم یەکریزی و یەکگوتارییە تێک بدا و تەنانەت بە ناردنی چڵکاوخۆرەکانی بە جلی خاکی کوردییەوە هەوڵی سیخۆری و تێکدانی ئەو رێورەسمە بەشکۆیانەی دا کە بە خۆشییەوە بە بەرەنگاری بێ وێنەی خەڵک تێدا سەرکەوتوو نەبوو.

ئەوەی زیاتر لە هەر کات جێگای بەدواداچوونە دیمەنی جاشێکی چڵکاوخۆرە ،کە لەکاتی هەڵپەرینی لاوانی خوێنگەرم بێحورمەتی بە جامانە و لاوان دەکا وجامانەکانیان فرێ دەدات ، کە هێزە سیاسییە رەسەنەکانی کوردستان و خەڵکی کورد ئەم جۆرە حەرەکەتە نەشیاوانە قەت لەبیر ناکەن ، ئەوەی ئێستا لەبیریانە رێزدانان بۆ جیاوازی بیروراکانە و یەکریزی و تەبابیانە.

هێز لە یەکریزیماندایە و هەمووومان دەبێ پێکەوە پاڵپشتی راسان بین و لە هەموو رەهەندەکانی خەباتی نوێی خۆرهەڵات بۆ گۆڕانکارییەکان لە ئێران کەڵک وەرگرین.

لاوانی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕی کوردستانیش بۆ هەرچی زیاتر قایم و بەهێزکردنی ،هێزی پێشمەرگە دەبێ زیاتر لە جاران روو بکەنە نێو سەفی هێزی پێشمەرگە و شانبەشانی هاوڕێیانیان راسان بگەیەنینە لوتکەی سەرکەوتن.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەی نەورۆزی کوردان لە هەموو گەلی کورد، دەست خۆشی و ماندوونەبونی لە بەرێوەبەرانی رێورەسمە نەورۆزییەکانی شار و گوندەکانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧١٩

# لە یادی قاسملووی ڕێبەردا

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ مێژوویەکی تاڵ بۆ گەلی کورد بە گشتی، بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە کردەوەیەکی تیروریستیدا، کۆماری ئیسلامی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێی تێکۆشەر و ماندوونەناس کاک عەبدوڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک دوکتوور فازڵ ڕەسووڵ کەسایەتی ناسراوی کوردی باشوور لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ لە ویەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تیرۆر کرد و شەهید بوون؛ هەنوکە سی ساڵ بە سەر ئەو کردەوە تیرۆریستییەی سپای پاسدارانی ڕێژیم تێدەپەڕێ بەڵام گەلی کورد و دوکتووری ڕێبەر و سەرکردە و دیپلۆمات و مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس و هاوڕێیانی لە بیر نەکرد و بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤایەتییەکاندا دەمێنێتەوە .

دوکتور قاسلملوو ڕێبەرێکە پاش ٣٠ ساڵ هزر و ئەندێشە و نووسین و ڕێنوێنییەکانی هەردەم زیندوون و جێگای تایبەتییان لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێران و کوردستان هەیە.

سی ساڵ بە سەرکارەساتی ناجوانمێرانە و تیرۆریستی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان  قاسملوو کە ئەو کات سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو تێدەپەڕێ. هەرکامە لە ئێمە کە لە نیزیکەوە پێوەندی و ناسراویمان لەگەڵ ڕێبەری نەمری گەلەکەماندا هەبووە، هەڵسوکەوت و ڕێنوێنییە بەنرخەکانی لە گوێمان دەزرینگێتەوە و لە پێش چاومان ون نابێ و لە بیرو دڵمان جێگای خۆی کردۆتەوە، من نووسەر نیم بەڵام ئۆگریم بە شەهید دوکتور قاسملوو هانی دام پاش شەهیدبوونی گۆشەیەکی کەم لە نووسین و وتە و ڕێنوێنییەکانی بە هاوکاری کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و ئۆگرانی دوکتور قاسملوو لە پەرتوکێک بە ناوی "تاڤگەی حەقیقەت" لە چوار بەرگ (١٣٧٥)کۆبکەمەوە و بە کورتیش کتێبێک بە ناوی ڕێبەری مودیر و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات وەک سەرەتایەک لە ژیانی ناوبراو بنووسم؛ تا ئەو کات هیچ کەس و لایەنێک لەو پیوەندیەدا بەرهەمەکانی کاک د.قاسملوویان بڵاو نەکردبوویەوە بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا ئۆگرانی دوکتور قاسملوو و دڵسۆزانی کورد بە پێی زانیاری و بەدواداچوونەکان یان کۆمەڵێک کتێب یان لەو پێوەندییە سەبارەت بە گەورەیی و لێزانی و سیاسەت و دیپلۆماسی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک دوکتور قاسملوو نووسیوە و کۆ کردۆتەوە کە بۆ من جێگای شانازییە و دەسخۆشیان لێدەکەم.

لە یادەوەری و بیرەوەرییەکانمدا سیهەمین ساڵی شەهیدکردنی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو بە کورتی یادێک لە چۆنییەتی لێدوان و باس و بابەتە بەنرخەکانی لەم نووسینەدا دەکەم. کاک د.قاسملوو لە کۆڕ و سمینارەکاندا بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئازادی و دێموکراسی دوو چەمکی تەواوکەری یەکتر بۆ ڕزگاری گەلانی ئیران لە چنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازین و پێی وابوو دێموکراسی لە ئێران بە بێ پاراستن و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکان سەقامگیر نابێ، پێویستە ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بیر لە چارەسەری گەلانی ئێران بکاتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا دەفەرمێ هەرگیز ((خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی، تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی)). شەهید دوکتور قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و ڕێکخستنی بنەمای فکری و سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو. ئەو، حیزبی دێموکراتی لە بواری بۆچوونی سیاسی گەیاندە لوتکەی ئەحزابی پێشکەوتوو؛ بۆ یەکەمین جار دێموکراسی لەگەڵ سوسیالیزم لە گوفتمانێکدا بە ناوی کورتەباسێک لە سەر سوسیالیزم پێکەوە گرێدا، دیموکراسی نێوخۆیی حیزبی کردە مەبنایەک بۆ پێکەوەکارکردن و ڕێکارێک بۆ پێکەوەبوونی گەلان و ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازی.

ئەگەر چاوێک لە ڕەوتی کاری سیاسی - کۆمەڵایەتی - دیپلۆماسی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن توانی ئەم حیزبە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم ڕێک بخات، لە گۆشەنیگایەکی کورتیش بێت بڕوانینە ئەدەبیات و شێوەی ئاخاوتنەکانی ئەوکات خۆی و بەڕێوەبەرانی حیزب و ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتەی حیزب بۆمان دەردەکەوێ ئەدەبیاتێکی جیاواز لە هەموو ئەدەبیاتەکانی دیکە بە گوفتمانێکی سادە بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی و دەستنیشانکردنی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بە ئەدەبیاتێکی ڕەوان و سادە و پاراو پەیام و بۆچوونەکانی حیزبی ئێمە لە بەر دەست کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانی دەگەیشت.

زۆر جار ڕەخنە لە حیزبی ئێمە دەگیرێ و دەڵێن وتووێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی کاک د.قاسملوو لە جێی خۆیدا نەبووە لە بەر ئەوە، سەرئەنجامی ئەو وتووێژەش شەهیدکرانی ڕێبەری سەرکردەمانی بە دواوە بوو؛ ڕەنگە لە بواری چۆنییەتی و ڕێگا و شوێنی ئەمنییەتی ئەو بارودۆخە ڕاست بێ بەڵام دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەکانی گەلی کورد لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە و بێ خوێنرشتن چارەسەر بکات، بۆیە ڕێگای وتووێژی لە گەڵ دوژمنانی گەلی کورد بۆ چارەسەری کێشەکان دەزانی، خەباتی چەکداری وەک خەباتێکی سەپێندراو بە سەر گەلی کورددا چاو لێدەکرد، ڕێبەری دەکرد و هەردەم خوازیاری بەرگری ڕەوا بوو.

بە هۆی خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامە و کتێب و راگەیاندنەکان لێکدانەوەکانی هەردەم واقعبینانە و دروست بوون، هەر بۆیە لە بواری جهانبینییەوە زۆر دەقیق و ورد بوو.

باوەڕی تەواوی بە پاراستنی مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانی هەبوو، یەکەم حیزب بووین یاسای شەڕمان لە بواری دیلەکانی شەڕەوە لە کوردستان بڵاو کردەوە و لە کاتی خەباتی چەکداریدا توندوتیژ و لە کاتی شەڕدا لێکۆڵینەوەی لەو کەس و لایەنانە دەکرد کە یاساکانی شەڕ ناپارێزن و رینوێنی دەدان.

لە سەختترین هەلومەرجی خەباتی چەکداریدا بایەخی تەواوی بە مافی ژنان ئەدا و پێگری بەرەوپێشچوونی مافی ژنانی دەکرد، کۆرو کۆبونەوەی بۆ ساز دەکردن، هانی ئەدان کە دەبێ هەوڵ بدەن بە مافی خۆیان بگەن، لە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم رێبەرێکی لێوەشاوە و هەم مودیرێکی مودەبیرو کاردان بوو، سیاسەتی ناوخۆیی و بەڕێوەبەری حیزبی بە باشی رێک دەخست و سیاسەتی دەرەکی بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کات دادەڕشت، ئەو چەمکی سەربەخۆیی سیاسی هێنایە ناو فەرهەنگی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران و حیزبێکی سەربەخۆی بۆ گەلی کورد رێک خست. فەرهەنگی رەخنە لەخۆگرتن و رەخنەگرتنی هێنایە ناو حیزبی دێموکرات بۆ گەشەکردن و پێداچوونەوە بە کەم و کووڕییەکان و ساق کردنەوەی هەڵەکان دەورێکی کاریگەری بوو.

سەرەرای هەموو خاڵە بەقوەت و شۆڕشگێڕانەکانی لە مەیدانی خەبات لە شاخ و شار، لە بواری سیاسی و دیپلوماسی لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان، شەهید دوکتور قاسملوو وەک مامۆستایەکی لێهاتوو و زانای زانکۆکانی ئورووپا توانی دەورێکی کاریگەر بۆ ناساندنی دۆزی کورد و ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بگێڕێ و لە ئاستی جیهاندا کورد بە دونیا بناسێنێ. لە کۆتایی دەبێ بڵێین بۆ گەلی کورد لە دایک بوو، لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردیش گیانی شیرینی بەخت کرد. هەردەم وتە بەنرخەکانی لە مێشکی ئێمەدا چرای رووناکی رێگای خەباتمان دەبن تا گەیشتن بە سەرکەوتن.

هەر وەک رێبەری گەورە و زانامان دەڵێ: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگایانە.

١٤ی پووشپەڕی ٢٧١٩

# شەوی یەڵدا.

یەڵدا واتە کۆتایی درێژترین شەوگار

کۆتایی تاریکی و کرانەوەی دەلاقەی ڕووناکی.

بەڵام یەڵدا لە نێو فەرهەنگی ئێمەدا هەنووکە بووەتە هێمای ڕووناکی.

تایبەتمەندی زۆر گرینگی شەوی یەڵدا لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی دوکتور قاسملووی زیندە یادە، قاسملوو لە بنەماڵەیێکی نیشتمانپەروەری دەڤەری قاسملوو چاوی بە دنیا هەڵدێنێ و بە گەشەکردنێکی خێرا لە هەلوومەرجێکی تایبەتی سەردەمی خۆیدا دەبێتە ئەندیشمەندێکی جیهانی و ڕێبەری بە توانای گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەسایەتی قاسملوو دەبێتە پردێک بۆ ناسینی گەلی کورد لە جیهانی ئەمڕۆدا.

ئێمە شۆڕشگێڕان و ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو شەوی یەڵدا بە بایەخەوە ڕێزدەگرین و پێمان وایە وە بیرهێنەرەوەی ڕێگا و ڕێچکەکانی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد بەخت کرد.

بیرمەندێکی سیاسی ئاکادێمی، زمان ناس و بە فەرهەنگ لە هەمانکاتدا پارێزەری کولتوور و هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد.

قاسملوو، خاوەنی ئەدابیاتێکی ڕەوان و لە نێوەڕۆکدا سەرچاوە گرتوو لە خوێندنەوەییێکی قوڵی زانستیانەو پشت ئەستور بە مێتۆد و تیئۆریە عەقڵانیەکان وتەو نوسینەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو دەکردەوە.

ڕێبەری هەردەم زیندوومان ڕێزی تایبەتی بۆ مرۆڤایەتی بوو، یاساکانی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە تەواوی لە هزر و کرداری دا ڕەنگی دابووەو یەکێک لەو دەگمەن مرۆڤانەی رووی زەوی بوو لە مەیدانی کردەوەشدا بەرژەوەندیەکانی مرۆڤێکی ئازادی لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندییێکی کاتی دادەناو ڕێزی لێدەگرت، هەر بۆیە ئازادی و ئاشتی بۆ ئەو لە

پێشە و هەموو وتارێک بوو، ئەو لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی گیانی بەخت کرد.

قاسملوو گەورە سیاسەتوانێکی ڕێئالێست بە ناو واقێعی وشە بوو. هەمووشتێکی وەک خۆی دەبینی و پێناسەی دەکرد ئەو چەپێکی واقێع بین، دێموکراتێکی ئازادی خواز، مامۆستاییێکی زانای زانکۆ، ڕێبەرێکی بە توانای گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سیاسەتوانێکی جیهانی و ئابووری ناسێکی بە توانای زانستی لە بواری عیلمی بوو.

وەکوو ڕێبوارێکی ڕێگای قاسملوو وێڕای بەڕێوە بردنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هەوڵمدا لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیمدا بەرهەمەکانی د. قاسملوو لە ژێر ناوی "تاڤگەی حەقیقەت، د.قاسمللوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات، کردستان رنج و ایستادگی" کۆبکەمەوەو بنوسم و پێشکەشم کردووە بە ئەویندارانی ئاشتی و ئازادی و ڕێبوارانی ڕێبازی د.قاسمللو هیوادارم ئەم هەوڵە وەفاییێک بێ بۆ ئەو ڕێبازە پڕ لە سەروەریە.

یادی هەمیشە زیندووی لە دڵماندایە و ڕێگاو ڕێبازی چرای ڕێگەی خەباتمانە

یەڵدای هەموومان بەرەو ڕووناکی و کۆتایی تەمەنی پر لە شەرم و شوورەیی دیکتاتۆرانی تاریکی و نەزانی بێت.

۲۱ی دێسەمبەری ۲۷۲۱

---

## کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی گەلانی ئێران باس لە ئەنبارەکانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکا

ئاژانسی هەواڵدەریی "فارس" لە زاری "مەحموود مووسەوی" یاریدەری فەرماندەری سپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند، ئەرکی بنکە نهێنییەکانی سپا کە تایبەت کراوە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان زۆرجار لە دەرەوەی سنوور دەبن و بە قەوڵی مووسەوی ئەو بنکانەی سپا لەنێو چیاکانی زاگرۆس بڵاوەیان پێ کراوە.

تێلێڤیزیۆنی فەرمیی ئێران ڕایگەیاند، سپا ۱۰۰ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی لە ناوچەی چیاکانی زاگرۆس هەڵگرتووە و بە قەوڵی خۆیان جۆری ئەبابیل-٥ و مووشەکی قایم -٩ ئەنبار کراون.

ئەمە لە کاتێکدایە ناوخۆی سنوورەکانی ئەم ڕێژیمە سەدە ناوەڕاستییە، خەڵک لە قەیرانێکی قوڵی بنەڕەتیدا گیرۆدەی دەستی کۆمەڵێک ئاخوندی کۆنەپەرستە کە بۆ مانەوەی خۆیان لەوپەڕی بێ پرەنسیپی و دوور لە هەر چەشنە عەقڵییەتێکی مرۆیی، فەرهەنگی و سیاسیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، وڵات بەڕێوە دەبەن و ئیدارەی دەکەن.

ئەوەی لەم شانۆگەرییەی دوای کۆماری ئیسلامیدا بە قەوڵ لە دڵی چیاکانی زاگرۆس باس لە بوونی کۆمەڵێک ئەنبار و تێکنۆلۆژیی سپای پاسداران و زانستی مووشەکی بالستیک و قایم-٩ و لەژێر ناوی جۆراوجۆر باسی دەکات لە وڵاتانی وەک چین و ڕووسیە و ئامریکا... قەتەعاتەکان بە هەزینەیەکی زۆر دەکڕێت و وەسەریەک دادەنێت و دەیکا بە مووشەکی درۆن و پەهباد و... بۆ بردنە سەرەوەی وەزعی ڕۆحیی هێزەکانی خۆی، ئیمکاناتی بۆ مەسرەفی چەکدارکردنی میلیشیاکانی ناوچە و کاری خەڵکی ناوخۆی وڵاتیش بە مەبەستی دابینکردنی سەرەتایی ژیان پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان کە خۆی لە بە یاران کردنی نانی سەر سفرەی گرتووەتەوە ڕاپەڕیون و خۆپیشاندان و مانگرتنی ڕۆژانە لە پەرەسەندندایە.

بەم تێکنۆلۆژییە وارداتییانە لەم هەلومەرجەدا وورەی هێزەکان دەباتە سەر و بە درندانەترین شێوە سەرکوتی نارەزایەتییە ئاشتیخوازانەکان دەکات، ئەگەر توانی شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە و بە سەرانسەرکردنی شەڕی کوردستان لە شەڕی پاوە تا ئێعدامەکانی بە کۆمەڵی ساڵی ٦٨ سەرکوتی کوێ داشکاو و پەلاماردانی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٩٨ کە بە وتەی هێندێک سەرچاوە ۱٥۰۰ کوژراو و ٧ هەزار بریندار و هەزاران نەفەر زیندانیی لێ کەوتووەتەوە.

هەنووکە گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران لە هەموو فێڵ و خورافات و نەزانکاری و دزی و فەسادی ئاخوندەکان بە تەواوی تێگەییشتوون و خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان ئاراستەیان بەرەو تێکەوەپێچانی ڕێژیمە.

کاتێک گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی محەممەدڕەزای شا ڕاپەڕین، ئەم ڕێژیمە ئەوکات بە ژانداری ناوچە ناسراوبوو و حکوومەتی محەممەدڕەزاشا لە بواری چەک و تێکنۆلۆژییەوە یەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو. هەر بۆیە ڕاستییەکەی حاشاهەڵنەگرە ئیرادەی گەلانی ئێران لە چەکی پێشکەوتوو و تێکنۆلۆژی زۆر بەهێزەترە.

ئەم فڕوفیشاڵ و مانۆڕە بە چەک و کەرەستەی وارداتی پێش بە ئیرادەی پۆلایینی گەلانی ئێران ناگرێت.

لە هەستیارترین بارودۆخەکانداین، یەکڕیزی و یەکگرتوویمان زامنی سەرکەوتمانە.

گەلانی ئێران بە ئیرادەیەکی قایم هاتوونەتە مەیدان، کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل، درۆن و مووشەک و پڕوپاگەندەی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتەنیا چاوترسێن نابێت بەڵکوو پشتیوانی سەرجەم نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێرانە کە ئامانجی ڕووخانی ڕێژیمی دژەگەلی کۆماری ئیسلامی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی، ئازادی و دێموکراسییە.

٩ی جۆزردانی ١٤٠١ی هەتاوی

٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٢

## ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان، سیمبولێکە بۆ رێزگرتن و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ پێشەوای نەمرو هەزاران شەهیدی نەتەوەکەمان.

شەهید بوونی شۆڕشگێڕانی ئازادی خوازی کورد، بە درێژایی بزوتنەوەی حەقواخازانەی نەتەوەکەمان چ پێش کۆماری کوردستان و چ پاش لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر کە تا ئێستا بەهێزترین و رێکخراوترین بزوتنەوەی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، نەتەنیا ورەو ویستی شۆڕشگێرانەو ئازادانەی میللەتەکەمانی لاواز نەکردووە! بەڵکوو خوێنی بە ناحەق رژاوی هاوسەنگەرانمان بۆتە هەوێنی بەهێزتربوونی شۆڕش .

لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لە لایەن رێژیمی پاشایەتی ئێرانەوە پەیامی روونی سیستەمێکی بەرچاوتەنگ، پاوانخواز و فاشیستی بوو بۆ گەلی کورد و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کە تەنیا دەتوانین ژێردەستەبین و بوونمان وەک نەتەوەی جیاواز قەبوڵ ناکرێ.

تا بە ئەمرۆش پاشماوەکانی ئەم بیرە تۆتالیتەرە هەوڵی تواندنەوەمان دەدات و وێڕای پشتگوێخستنی توانایی و دەسکەوتەکانمان لە شۆڕشی نوێی ژینادا هەوڵی نانەوەی لێکترازانی یەکگرتووی و یەکدەنگیمان دەدەن.

ئێمە وەفادارین بە رێباز و رێگای شەهیدان و بەڵێن دەدەین وێڕای درێژەدان بەرێگایان، یەکگرتووی و بەهێزبوونمان بکەینە سەرمەشقی درێژەدان بە خەبات.

بە هەست کردن بە بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەنگاوەکانمان لە راستای گەیشتن بە ویست و داخوازیە نەتەوەییەکانمان بەهێزتر و بەرینتر دەکەین.

سەری رێز و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دادەنەوێنین و ناو و یادی شەهیدانی سورخەڵاتمان هەرمان.

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢

## قاسملوو، ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکانی خەبات

د.قاسملووی ڕێبەرمان لە وەڵامی هۆکاری پەنابردن بۆ شەڕی پارتیزانی دا دەفەرموێ "کاتێک لە وڵاتێکدا سەرەرۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادییەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانیەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەویندارى رزگاری و عەداڵەت چونکە بەهۆی بێ هێزیەوە ناتوانن راپەڕینێکی تێکڕایی یان شۆڕشێکی گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، ڕێگایەکی دیکەیان، بێجگە لە پەنابردن بۆ شەڕی پارتیزانی نیە." (دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێڕن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، ل ٨٨).

لە ساڵوەگەڕی تیرۆری د.قاسملوو، ڕێبەری شۆڕشگێڕ و زیندە یاد دا ئەم تێڕوانینە بە بایەخەی د.قاسملوو وەبیر هەموو ئازادی خوازان دێنمەوە بە لەبەرچاوگرتنی تێپەڕینی دەیان ساڵ بەسەر دەربڕینی ئەم بۆچونەداو هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕێکی زۆری ناوچەیی و هاوسەنگی هێز. بەڵام بایەخ و کرداری بوونی بۆچوونی شەڕی پارتیزانی هێشتا لە جێگەی خۆیدا بەهێز و یەکەمین بژاردەیە.

بە تێڕوانینێکی واقێع بینانە بۆ دۆخی هەنووکەی ئێران و دەرەتانی گەلانی ماف خوراو لە ئێرانی هەنووکەیدا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە تا ئەم ساتەش بە هیچ شێوەێک خەباتێکی مەدەنی کە بتوانێ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە ئێراندا پێک بهێنێ ناتوانێ وەک دەرفەت و هەلێکی بەهێز بۆ قۆستنەوە لە روانگەی شۆڕشگێرانەوە چاو لێبکرێت.
میلیتاریزەکردنی سەرجەم شار و گوند و شوێنەکانی نیشتەجێبوون تەنانەت سروشتیش لە لایەن هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت سپای پاسداران، بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی و سەرەرۆی ڕێژیم، سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە گەلانی ئێران دەرەتانی ژیان و دەربرینی بۆچوون و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیەکانین لە ڕێگای مەدەنییەوە لێ زەوت کراوە.

نارەزایەتیەکانی ساڵانی رابردوو کە زۆرجار پەلی دەکێشا بۆ بەشداری هەزاران کەسی یان دەیان شاری گەورە، نارەزایەتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و دەیان مانگرت و هەڵوێستی مەدەنیانە کە سەرجەمیان بە زەبری هێز و گرتن و کوشتن و هەڕەشەی خاپورکردنی شوێنە گشتیەکان پاش بەرخۆدانێکی زۆری جەماوەری سەرکوتکران.

هەربۆیە باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاری و بەرەنگار بوونەوەی ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی پێک هێنانی خەباتێکی هەمەلایەنەی چەکداریە، کە ئەویش پێویستی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی گەلانی ئێرانە کە بە شێوەییێکی ڕێکخراو بتوانێ لە بەرانبەر دەستڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، خۆراگر و پێشڕەو بێت.

بە خۆشیەوە گەلی کورد لە ڕێگای حیزبە سیاسیەکانەوە کیانێکی ڕێکخراوی بەهێزی سیاسی و نیزامی هەیە، بە پاڵپشتی میللەتەکەی و بەهێز کردنی ئەو کیانە لە لایەن خەڵکەوەو بەشداری و پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی دەتوانێ ببێت بە هێزێکی شوێندانەر لە داهاتووی گۆرانکاریەکان.

ڕەنگە ئەم بۆچوونە لای خەڵکانێک پەسەند نەبێت، بەڵام بە دروستبوونی یەکگرتوویی هێزە کوردیەکان وێڕای پێکهێنانی کۆدەنگیەکی گشتی گەلانی ئێران هێشتا تاکە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و مافە ئینسانیەکانمانە.

لە ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی د.قاسملووی ڕێبەر و هاوڕێیانی سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکیان، وێڕای پەیمان نوێکردنەوەو بەڵێنی درێژەدانی ڕێگایان، ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو ئێستاش ڕووناکی بەخشی ڕێگای پڕدژواری خەباتمانن.

٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٢

---

## بۆ ئۆگری بە ڕێبەرێک و درێژەدان بە ڕێگەی تا گەیشتن بە ئامانجەکان

لە سی‌وچوارەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی بلیمەت و سەرکردەی زانا و مامۆستای خەباتگێڕی و ڕزگاریخوازیی جووڵانەوەی گەلی کورد لە مەیدانەکانی خەبات لە ڕۆژانی دژوار و سەخت بۆ بەرەکانی دژی ڕژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی،

لە هەلومەرجێکدا پەیمانی وەفاداری و درێژەدانی خەبات و تێکۆشان تازە دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی هەموو تواناکانی خۆی بۆ سەرکوت، ئێعدام، ئەشکەنجە، تیرۆر و تۆقاندن و مووشەکباران و درۆن و هەموو کەرەستەکانی سەرکوت دژی شۆرشگێران و خەڵکی سڤیلی ئێران و کوردستانی وەگەر خستووە. خەڵکی ئێران بە پێشەنگی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خەباتێکی هەمەلایەنەیان لەژێر درووشمی ژن. ژیان. ئازادی واتە شۆڕشی ژینا دەست پێ کردووە. سەرەرای ئەوەی ڕێژیم هەموو تواناکانی خۆی بۆ سەرکوتی شۆڕش لە کوردستان وەگەڕ خستووە.

هێزی پێشمەرگە ، پاڵپشتی خەبات لە ئێران و کوردستانە،.

لە دوکتور قاسملوو و شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێبازی نەمری و کوردایەتی فێری خەبات و کۆڵنەدان بووین، لە هەلومەرجەکاندا بە پێی میکانیزم و ڕێکاری گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەردەگرین و وتەکانی ڕێبەرانی شەهید و ئاموژگاریەکانیان دەکەینە چرای ڕوناککەرەوەی ڕێگای خەبات.

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان

ئێمە ڕۆڵەی خەڵکی کوردستانین لەو ئاو و خاکە لەدایکبووین. لەوێ فێری خەبات و کۆڵنەدان بووین. دوکتور قاسملوو فێری کردین چۆن لە هەلومەرجە دژوارەکاندا خۆمان نەدۆڕێنین کەڵک لە ڕێکاری جیاواز وەرگرین.

ئێمە پێشمەرگەی ڕۆژانی خەبات و دژوارییەکان و ڕۆژانی تەنگانەین، بڕیارمان داوە یا بە ئامانجەکانی خۆمان دەگەین یا

وەکوو دوکتور قاسملووی نەمر و باقی شەهیدەکان بە ئارامی و ویژدانێکی ئاسوودە سەردادەنێن و دەچینە ڕیزی کاروانی شەهیدان.

بەڵام ئەمە کۆتایی ئەم شۆڕشە نابێت وەک چۆن پاش قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی خەبات بۆ ڕزگاری ڕۆژهەڵات درێژەی هەیە، هەتا گەیشن بە ئامانجەکەمان بە گرووتینەوە هیچ هەڕەشە ومووشەک و درۆنێک بە چۆکمان داناهێنێ. ڕێگەی خەبات تاگەیشتن بە ئامانجی شەهیدان کە ڕزگاریی کوردستانە، درێژەی هەیە.

لە کۆتاییدا، کتێبی "تاڤگەی حەقیقەت" و بیرو بۆچوونی سیاسی دوکتور قاسملوو کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کۆمان کردووە، دەتوانێ ڕێنوێن و پیشاندەری ڕێگەی خەبات بێ.

نەسرەوتن تا سەرکەوتن و بەردەوام دەبین.
بەهیوای سەرکەوتنی حیزب و گەل.

۱۲ی پووشپەڕی ۲۷۲۳

## کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە گەشەسەندنی حیزبی دێموکراتدا

لە سیوچوارەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی بلیمەت، سەرکردە، زانا و بەتوانای حیزب و گەل، بە دەستی دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، ڤیەن، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا و درێژەدانی خەبات، چەند تایبەتمەندییەکی ئەو ڕێبەرە مەزنە وەک وەبیرهێناوە هێمای بۆ دەکەم.

١- سەرەتای گەشەسەندنی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی سکرتێریی دوکتور قاسملوو و ئامادەکردن و نووسینی بەرنامە و پێڕەوێکی مۆدێڕنی سەردەمیانە بۆ ئەم حیزبە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەیەک خەت دا دەڵی دوکتور قاسملوو ڕینێسانسێکی لە حیزبی دیموکرات کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، وەرێخست.

٢- ڕێکخستنەوە و بووژانەوەی حیزب لەو هەل و مەرجەدا لە بواری تەشکیلاتی لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دژبە ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بە گۆڕانکاریی تایبەتیی سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش.

٣- پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب وەک یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی ڕێبەریی حیزب پێوەندیدار بە بوارەکانی سیاسیی و دیپلۆماسی.

بۆخۆی دەڵێ: ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین و سەربەخۆی خۆمان لە هەمووشتێکی دیکە خۆشتر دوەێ. ئەوەی بۆ خۆمان بەقازانجی بزانین جێبەجێی دەکەین، هیچ کەس نەزەری خۆی بەسەرمانا نەسەپاندووە.

٤-ڕێکخستنی تەشکیلاتیی تایبەت لە شار و گوندەکان لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٥- ئۆرگانیزەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەوڵدان بۆ پوشتەو پەرداخ کردنی ئەو هێزە.

٦- هەوڵدان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی ڕەوای کورد و پێوەندیی گرتن لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بەرلە هاتنەسەر دەسەڵاتییان. لەگەڵ خومەینی لە پاریس و دواتر لە تاران دانیشتبوو.

٧- باوەڕێکی قووڵی بە دێمۆکراسی هەبوو، ئەو دەیگوت؛ ئێمە دێمۆکراسیمان هەر بەو جۆرەی کە هەیە دەوێ، یانێ دێمۆکراسی ڕاستەقینە. دێمۆکراسی شتێک نییە پەیوەست بە یەک لا بێت بەڵکوو ئی هەمووانە. هەر لەو بارەیەوە دەکرێ بڵێین دوکتور قاسملوو پایەدانەری دێمۆکراسی بوو. دوکتور دەڵێ؛ هەرگیز خەبات بۆ دێمۆکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی چوونکە ئەو هۆی بنەڕەتی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتە و تا حیزبی دێمۆکرات ماوە، دێمۆکراسی مەبەست و ئامانجە.

٨- ئەخلاق بۆ دوکتور قاسملوو لە سیاسەت دا گرینگیی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆیە دەڵێ: ئێمە بێ ئۆسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەت دا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا دەبێ تێبکۆشین، ئێمە یەکەم ڕێکخراو بووین ئەخلاقمان واردی سیاسەت کرد.

٩- دوکتور قاسملوو بایەخی تایبەتی بۆ ڕێزگرتن لە ژن وەک مرۆڤێک و هەروەها هاوبەشی پیاوان دادەنا. پێی وابوو کە پێویستە هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان، شان بە شانی ئەو خەباتە، هەرەپێویستبوونە.

هەر پێوەندیدار بە هەڵسووکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ژن دەڵێ: بە بڕوای حیزبی ئێمە، ژنان هەرچی زیاتر لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووتر و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسی ــ نەتەوایتیدا ژن تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووتر و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

١٠- سەرەڕای بوونی جەنگ لە کوردستان بەڵام کاک دوکتور بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش لە هاتنەئارای ئەو پیلانانەش تێکۆشانی هەبوو.

١١ -کاک دکتور قاسملوو نوسەرێکی بەتوانا بوو و وەک ئەندام لە ئەنجومەنی جیهانی "قەڵەم" وەرگیرا دوکتور شەرەفکەندی دەڵێ؛ دوکتور قاسملوو زانا بوو، زانا لە بواری سیاسی، زانا لە بواری ئابووریی، زانا لە بواری کۆمەڵناسی، زانا لە بواری مەسائێلی عیلمی، زانا لە بواری ئەدەبیات و هۆنەر و...

١٢- پێوەندیگرتن لەتەک وڵاتانیی بیانی بۆ پاڵپشتی و پیشتگیری لە کێشە و ململانێی ناو ئێران و کوردستان.

١٣- گەلی کورد ساڵانێکی دوور و درێژبوو کە خەباتی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکرد بەڵام بۆ ناساندنی ئەو خەباتە هەوڵێکی ئەوتۆ نەدابوو. دوکتور قاسملوو وەک کەسایەتییەکی حیزبی و سیاسیی و ئاکادیمی، شوێندانەریی تایبەتی هەبوو لە ناساندنی خەباتی گەلی کورد لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانی.

١٤- نووسینی کتێبەکانی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" وەکوو دوو سەرچاوەی گرینگ و جێگەی باوەڕی خەڵکی کوردستان. بەرهەمی یەکەم کوردستان و کورد بە چەند زمانی زیندووی جیهانیی وەرگێڕانی بۆ کراوە.

١٥ -بەشداریی لە بابەتگەلی گۆڤار و ڕۆژنامە بیانییەکان وەک نووسەرێکی کورد بۆ سەرەنجڕاکێشانی ئەوانە بۆلای نەتەوەی کورد.

١٦- بەشداری لە کۆڕ و کۆنگرەکانی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست کە سەردەمانێک بۆ ناساندنی گەلی کورد، ئۆرگانێکی جیهانیی بەهێز بوو.

١٧- دامەزرانی پێوەندیی لەتەک کەسایەتییە بیانییەکان و ناساندنی دوژمنانی کورد بەوان لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا.

١٨- کەڵکوەرگرتن لە زانستیی سیاسیی و دیپلۆماسی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە لەبارەی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی حیزب.

١٩- بوونی لە مەیدانی کردەوە لەگەڵ کادر و پێشمەرگە وهەروەها هاوڕەنگی و هاوجلوبەرگی و هاوخەباتی لە کوردستان لەکاتی بەربەرەکانێ دژبە ڕێژیم.

٢٠- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس

٢١- مودیرییەتی درووست و بێوێنە بۆ هەماهەنگی ڕێبەریی حیزب و ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی ڕێبەری حیزب

٢٢- پێڕاگەیشتن بەسەر بەرەکانی شەڕدا چ لە کاتی هێرشی ڕێژیم و چ لە کاتی شەڕی جبهەیی.

٢٣- چاودێری ڕاستەوخۆ و حزووری لە نیزیکترین بەرەکانی شەڕدا.

٢٤- ئامادەکردنی چەک و کەرەستەی پێویست و هەروەها ئامرازیی پێوەندیگرتنی نێوان هێزەکان کە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر چەکدارانی کۆماری ئیسلامیدا.

٢٥- وردبوونەوە لە سێ قۆناغی شەڕی دژبە کۆماری ئیسلامی و ڕێکخستنی ئەو قوناغانەی شەڕ، واتە شەڕی جبهەیی، شەڕی جبهەیی و پارتیزانی و شەڕی پارتیزانی کە ئەو شەڕە هەتاکوو ئێستەش بەردەوامە.

٢٦- دامەرزاندن و ڕێکخستنی فێرگەی سیاسیی ــ نیزامی بۆ ڕاهێنان و بارهێنان و فێرکردنی لاوان و بەشداری پێکردنیان لە شۆڕشدا.

٢٧- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە باشترین بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو بوون و ئەو وەسیلەیە توانی کاریگەریی باش بە سەر ورە و وزەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و تەنانەت لاوازکردنی هێزی دوژمن دابێت.

٢٨- دامەزراندنی دەزگاکانی چاپەمەنی و کۆمەڵایەتیی بە تایبەت نەخۆشخانە کە لە ڕێگ
ەی خۆیەوە پزیشکانی بێ سنوور و بیانی لە سازمانی A.M.I بەردەوام بە پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار، ڕادەگەیشتن.

٢٩- هەوڵدان، داهێنان و نوێگەریی بۆ هێنانی خوێنی تازە بۆ ڕێبەریی و ڕیزەکانی حیزب کە کاریگەریی ئەرێنی زۆرباشی بۆ پەروەردەی کادر و بارهێنانی گەنجان بۆ ڕێبەریی و ڕیزەکانی حیزب هەبوو.

٣٠- جەختکردن لەسەر پیادەکردنی نەزم و دیسیپلینی ئاگایانە بۆ باشتر پێوەندیی گرتن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی حیزب.

٣١- بەهێز کردنی بنەمای ماڵیی حیزب و هەوڵدانی بۆ ژیانێکی سادەی پێشمەرگانە و بنەماڵەکانیان.

٣٢- لە کۆتاییدا، لەهەر هەلومەرجێکدا بە پێی توانامان درێژەدەری بەکردەوەی ڕێگەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەبین

و هیچ گێژەڵووکەیەک نامان جمینێتەوە.

بۆ پێشەوە تا سەرکەوتن بەسەر نەزانی و تاریکی دا.

بۆ زانیاری لەسەر ڕوانگە و تێڕوانینی دوکتور قاسملوو لە کتێبەکانی "تاڤگەی حەقیقەت" کەڵک وەرگرن کە کۆکەرەوەی ئەو بەرهەمانە، نووسەری ئەم دێڕانەیە.

**١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

---

## ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

پێشمەرگە ڕەمزەی خۆراگری نەتەوەی کوردە، هەربۆیەش بایەخی بەرزی نیشتمانی هەیە و جێگای شانازی ئازادیخوازانە.

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی لە دایک بوونی پارێزەرانی وڵات و مافخوازی کوردستان واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ڕۆژی ڕێزگرتن لە فیداکاری و خۆبەختکردنی ڕۆڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمانە. پیرۆز بێت لە هەموو خەڵکی کوردستان و لە هەموو پێشمەرگەکان کە لە سەنگەری شاخ و شار بە بەخشینی گیانیان پارێزەری مافی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیەکانمانن. پیرۆز بێت لەو مرۆڤە ئازادی خوازانەی کە ژیانی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی سەرەتایی ترین مافی گەلەکەیان فیدا کردوە.

پیرۆز بێت لەو تێکۆشەرە ڕزگاریخوازانەی کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کۆنەپەرەستانی جەهل و نەزانی بەربەرەکانیان کردوە، بەڵام هیچ کات لە ئاست داوا ڕەواکانیان کۆڵیان نەداوە و لەئاست گوشار و هێزی زۆرە ملێی داگیرکەر بێ هەڵوێست نەبوون.

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٣ی هەتاویی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە دا ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد. هەروەها پەرلەمانی باشوری کوردستان ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان دیاری کردوە. بەم بۆنەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕێز لە بایەخەکانی ئاڵای کوردستان دەگرن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتە مێژوویەی کە شانازی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەم ڕۆژەدا لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بووە، هەربۆیەش ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا پڕ بایەخە و بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە کوردستانیان دەکەم.

لەگەڵ ئەوەی ناوی پڕ ئێوەڕۆکی پێشمەرگە بە بەژنوو باڵای شۆڕشگێڕانی مافخوازی کورد دا بڕاوە کە لە کۆماری کوردستانەوە ناودێر کراوە بەڵام ، بوو بە ڕەمزی ڕزگاری خوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

ئێستاش شۆڕشگێڕانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان ناز ناوی پڕ نیوەڕۆکی پێشمەرگەیان بۆ هێزی چەکداری خۆیان دیاری

کردوە. رابردووی پڕ لە سەروەری, هەڵسوکەوت و سیاسەتی ژیرانەی پێشمەرگە بۆتە هۆی ئەوە چیدیکە پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکداری شەڕکەر لە بیروڕای گشتی دا چاوی لێناکرێت. بەڵکو وەک مرۆڤێکی سیاسی، ڕزگاری خواز و ئاشتی خواز کە بۆ پارێزگاری کردن لە خاک و خەڵکی کوردستان و بەها بەرزە نەتەوەییەکان چەکی هەڵگرتوە پێناسە دەکرێ.

٢٦ی سەرماوەزی ئەم ساڵ لە هەلومەرجێک دا یادی دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەیرانێکی نیزامی و سیاسیی گشت گیردایە. لەم نێوەدا کوردستان و بەتایبەت تر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلوومەرجێکی تایبەتدا بەربەرەکانێی لەگەڵ دوژمن دەکا بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی لە خەباتێکی هەمەلایەنەدایە. روون و ئاشکرایە بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت لە چەند ساڵی رابردوودا دا داگیرکاری و میلیتاریزە کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنورەکانی تێپەراندوە. لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا کە بە پێشەنگ بوونی کوردستانیان سەریهەڵدا و درێژەی کێشا شاڵاوی پەلەمار و گرتن و لێدان وئیعدامی بێ بەزەیانەی ڕژیمی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی دەیانجار زیاتر لە رابردوو تەشەنەی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە بە هۆی هەڵکەوتویی جۆغرافیایی و نەبوونی ژێر خانی ئابووری ژیانی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگای نیشتەجێی لە سنووری کوردستان بەهۆی خەبات بۆ نان و ژیان بەردەوام لە ژێر ڕەهێڵەی گولەی بە کرێ گیراوانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار دەبن. ئەمانە وێڕای هێرشە بەردەوامەکانی سپای پاسداران لە ڕێگەی موشەک و تیرۆر و..هتد بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەو شەهید کردنی دەیان رۆڵەی ئازادی خوازی ئەم نیشتمانە.

لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێ پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ ستەم و دیکتاتۆری و پێشێل کردنی ماف و لەنێوبردنی خاک و جەستەمان هێشتا کۆماری ئیسلامی بەردەوامە لە درێژەدان بە سیاسەتی لەنێوبردنی کورد و کوردستان. بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی وەبیر هەموو لایێک بێنینەوە چ دژکردەوەیەک لە دژکردەوەی پێشمەرگانە دەتوانێ گونجاوتربێ بۆ وەڵامی ئەم هەموو کوشتار و زوڵم و داگیرکاریە؟ بێجگە لە پێشمەرگە کێ و چ هێزێک دەتوانێ پارێزەری خەڵک و خاکی کوردستان بێ و لە ئاست ئەم هەموو کوشتار و لەنێوبردنە هەڵوسێستی شۆڕشگێرانە بگرێ! کەواتە پێشمەرگە دەبێ هەر وەک رابردوو دەنگی دلێری گەلێکی ماف خوراو بێت و تا گەیشتنی بە ئامانجی بەرزی نەتەوەیی و مرۆیی لەژێر هیچ گوشار و هێزیکدا لە لایەن هیچ کەس و لایەنێک کپ نەکرێتەوە.

بەدڵنیاییشەوە کردەی پێشمەرگە ئەم راستیەی سەلماندوە و بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان وەک کە پەنای ڕاستەقینەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن تا گەیشتنی بە ئامانجی دوارۆژ دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن.

لە بیرمانبێ، پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە و سەرچاوەی هێزی نەتەوەییمان پێشمەرگەیە. کەواتە بەهێزکردن و پشتیوانیکردنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی هەموومانە.

سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

نەمان بۆ دیکتاتۆری کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران.

٢٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**

---



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ کاوە بەهرامی بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

